# ڕاپەڕینەکانی بارزان

لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی

فرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١-١٩٤٩

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕاپەڕینەکانی بارزان

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو حکوومەتی
## فرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١-١٩٤٩

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە:

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

بەرگی یەکەم

ناوی کتێب: ڕاپەڕینەکانی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو
حکوومەتی فرەنسا و بەریتانیادا ١٩٣١-١٩٤٩ - بەرگی یەکەم
وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٨٥
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: ناسیح ساڵح
چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٥٤٨ی
ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# پێشبار

خوێنەری خۆشەویست،

ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم ئێمە لە ڕووی بێ ئاگایی و بایەخ پێنەدامان بە مێژووی نەتەوەکەی خۆمان دوا نەتەوەی سەر گۆی ئەم سەرزەمینە پان و پۆڕە بین. خۆ ڕەنگە بەشی زۆری ئەم واقیعەی بەسەرماندا سەپاوە لە ئەستۆی خۆمان نەبێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەشە زۆر کەمەی کە گوناهی خۆمانی تێدایە هێشتا گەلێک زۆرترە لەو بەشە زۆرەی کە تا ڕادەیەک گوناهی ئێمەی تێدا نییە. نەتەوەی بێ مێژوو و کولتوور هەرگیز ناتوانی قاچی لەسەر زەوی گیر بکات و چاو ببڕێتە سبەینێ. مەبەستم لەم سەرەتایە ئەوەیە بڵێم ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە مێژووی خۆمان بەدروستی بنووسینەوە و مێژووی هیچ کام لە نەتەوەکانی سەرزەمین بەقەد مێژووی ئێمە پێویستی زیاتری بە دووبارە خوێندنەوە و چەندبارە خوێندنەوە و بە بەڵگەنامەسازیکردنی زانستی نییە. واقیعێکە و هاتووەتە پێش و بمانەوێ و نەمانەوێ مێژووی ئێمە وەک وڵاتەکەمان پارچە پارچە کراوە بەڵام کۆی ئەم پارچانە دەکاتە مێژووی نیشتمانی ئێمە. بەداخەوە تا ئێستە هیچ قۆناغ و دەورانێکی مێژووی ئێمە بەشێوەیەکی زانستی بەبەڵگەنامەسازی نەکراوە و لە هەموو ڕووە جیاوازەکانییەوە خوێندنەوە و ڕوانینی جیاجیای بۆ نەکراوە. خۆشبەختانە لەم چەند ساڵانەی دوایی چەند هەنگاوێکی بوێرانە و تاکەکەسی لەم بوارە نراون بەڵام ئەم هەنگاوانە ئەگەر داوودەزگەی زانستیی تایبەت و پشتگیریی بێ سنووری حکوومەتی لە پشتەوە نەبێت ناتوانێ ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێ.

ئەم بەڵگەنامانەی لێرە کۆ کراونەتەوە ماوەی چەند ساڵێکە کاری

کۆکردنەوە و پۆلینکردنیان بۆ ئەنجام دراوە و تا گەیشتووەتە ئەم قۆناغەی ئێستەی بەزۆر قۆناغی جیاواز تێ پەڕیوە. ڕاستییەکەی ئەرشیڤخانەکانی فرەنسا گەلێک بەڵگەنامە و دەستاوێژی مێژوویی گرینگیان بۆ پاراستووین کە ئەمڕۆ بۆ ئێمە بووەتە گەنجینەیەکی مێژوویی. بەر لە ئێستە ئێمە کۆمەڵێک کتێبی مێژوویی بەڵگەنامەسازیمان لەسەر شێخ مەحموودی حەفید زادە، کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان، کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسوڵی فرەنساساڵی ١٩١٩، شێخ عوبەیدوڵای نەهری و نامە دیپلۆماتییەکانی جەنەراڵ شەریف پاشا بڵاو کردووەتەوە. ئەم پڕۆژەی ئێرەش هەر بەردەوامیی ئەو کارانەیە و بریتییە لە دوو بەرگ، بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەی بەردەستتانە و هەرچی بەرگی دووەمی ئەم کارەیە تایبەتە بە شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکان و کاری پۆلینکردن و دەستنیشانکردنی تەواو بووە و هیواداریین هێندە نەبات بتوانین بەرگی دووەمی ئەم کارەش تەواو بکەین.

خوێنەری خۆشەویست،

حەز دەکەم چەند خاڵێک هەیە سەبارەت بەم بەڵگەنامانە ڕوونیان بکەمەوە.

یەکەم: ئێمە ئەم بەڵگەنامانەمان وەکو خۆیان کردووەتە کوردی و هەوڵمان داوە بە هیچ شێوەیەک دەستکاریی یەک تاقە وشەشیان نەکەین، کاری زانستی بەهیچ شێوەیەک ڕێگەمان نادات دەستکاریی تێکستەکان بکەین بۆیە ئەگەر لە جێگەیەک بە بزووتنەوەی کورد گوترابێ (یاخیبوون)، بە پێشمەرگەکانی کوردستان گوترابێ (چەکداری یاخیبوو) ئێمە لەبەر ئەمانەتی زانستی ڕێگەمان بە خۆمان نەداوە بە هیچ شێوەیەک دەستکاریی وشەکان بکەین و ڕستەکان بەجۆرێک دابڕێژینەوە کە بە دڵی کورد خۆی بێت و تەنانەت ئەو جێگەیانەی کەوا هێڵیشیان بەژێردا کێشراوە هی دەقە ئەسڵییەکەن و کاری ئێمە نییە. کاری ئێمە تەنیا وەرگێڕان و گواستنەوەی دەقەکە

بووە بە ئەمانەتەوە و تەتەڵەکردن و جیاکردنەوەی مێژووەکە دواتر کاری قۆناغی دواتری مێژوونووسانی کوردە.

دووەم: لە برێک لەم بەڵگەنامانەدا پڕوپاگەندە و هەواڵی زۆر ناڕاست و پێچەوانە وەپاڵ سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە دراون وەک ئەوەی گوایە شێخ ئەحمەد بارزانی چووەتە سەر ئاینی مەسیحی، کەسێکی هۆشیار دەزانی ئەو پڕوپاگەندەیە سەرچاوەیەکەی لە کوێوەوەیە و چۆن ویستراوە لە ڕێگەی ئاینەوە وا بکەن ناوچەی بارزان لە دەوروبەری ئیسلامیی خۆیان دابڕن. خۆ هەر لەم بەڵگەنامانە جارێک سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە پیاوی شوورەوین، جارێک پیاوی ئینگلیزن و جارێک چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی و هەموو پڕوپاگەندەکانیش دیارە یەک مەبەست و یەک ئامانجیان لە بەرچاو گرتووە.

سێیەم: هێندێک بەڵگەنامە لەناو ئەم بەڵگەنامانە بەڵگەنامەی ڕەسمیی حکوومەتی عێراقین و تەرجەمەی فرەنسی کراون و بە زمانێکی زۆر دوژمنکارانە نووسراون، بەڵام ئێمە بە هیچ شێوەیەک نەمانتوانی دەستکاریی بکەین و تەنیا ئەوەندەمان نووسی لە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی عێراقی، کە پێم وایە ئەمە بەسە بۆ ئەوەی مرۆ لە زمانی ڕەسمیی حکوومەت بگات و بزانێ ئەمە ئاخاوتنی ڕەسمیی حکوومەت بووە.

چوارەم: ئەم بەڵگەنامانە ڕاپۆرت و نامەی نهێنین و کاتی خۆی بەنهێنی بۆ وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا و بەریتانیا نووسراون و بۆیە خاوەنەکانیان گەرچی لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیانەی دەوڵەتانی خۆیانەوە نووسیوویانە بەڵام هێشتا ڕاستیی زۆریان تێدایە و بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆمان دەکرێ سوودێکی زۆریان لێوە ببینین.

پێنجەم: هەموو بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبە لە فرەنسییەوە کراون بە کوردی تەنیا فەسڵی تایبەت بە ڕاپەڕینی دووەمی بارزان لە بەڵگەنامە

نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیا نەبێ کە لە ڕووی نامە ئینگلیزی و عەرەبییەکان کراون بە کوردی و لە بەشی دووەمی کتێبەکەش ئەوەندەی بەڵگەنامە و نامەکان بە کەڵکی خوێندنەوە بێن هەوڵ دراوە بەڵگەنامەکان بە تایبەتی نامەکانی بارزانی کە گرینگی و تایبەتیی خۆیان هەیە بڵاو بکرێنەوە. حەز دەکەم ئەوە بڵێم، کە ڕەنگە هێشتە بەڵگەنامە و دەستاوێژی گرینگی تر لە ئەرشیڤخانەکانی پاریس و لەندەن سەبارەت بە ڕاپەڕینەکانی بارزان مابن بەو هیوایەی لە دوارۆژ هەرچی تازەمان کەوتە دەست بیخەینە سەر چاپەکانی دادێ.

دواجار گەلێک هیوادارم ئەم کتێبە بەشدارییەکی بچووک بێت لە دووبارە نووسینەوە و بە بەڵگەنامەسازیکردنی مێژووی سەرتاسەری کوردستان.

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس، ١٦ی نیسانی ٢٠١٠

# بارزان

## لە بزووتنەوەی سۆفیگەرییەوە بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی

ڕەنگە دەستپێکی مێژووی بزووتنەوەی بارزان لە شێوە سەرەتاییەکەیدا بگەڕێتەوە بۆ دەورانی بەرفراوانبوون و پەلوپۆهاویشتنی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستانی سەدەی نۆزدەمدا. بەر لە سەدەی نۆزدەم ناوچەی بارزان گەرچی هەمیشە شوێنی پێگەیشتنی مەلا و فەقێ و زانایانی ئاینی بووە بەڵام نوختە خاڵی هەرە گەورە لە وەرچەرخانی بارزان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بەناو کوردستانی خواروو و بەتایبەتیش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە نەهرییەوە دەست پێ دەکات. ئەوە لە دەورانی سەید تەهای باوکی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە بوو کە مەلا عەبدوڕەحمانی بارزانی چووەتە لای سەید تەها بۆ ماوی چەند ساڵێک لای سەید تەها لە نەهری خوێندوویەتی و بووەتە خەلیفەی سەید تەها و دواتر گەڕاوەتەوە بارزان و لێرە بەدواوە تەریقەتی سۆفیگەریی ئاینی لەناو بارزان بڵاو دەبێتەوە.

هیچ ئاماژەیەک لە سەرچاوە مێژووییەکان نییە لەبارەی ئەوەی نە مەلا عەبدوڕەحمان، نە جێگرەوەکانی مەلا عەبدولسەلام (؟-١٨٧٢) و دواتر شێخ محەمەد (؟-١٩٠٣) جموجوڵی نەتەوەییان بووبێ، بگرە سەرچاوەکان زیاتر ئاماژە بە بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی ئاینیی عەبدولسەلام دەکەن و بەگوێرەی سەرچاوەکان ناکۆکی لەنێوان خۆی و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا هەبووە. دوای مردنی عەبدولسەلام ساڵی (١٨٧٢؟) کوڕەکەی شێخ محەمەد شوێنی دەگرێتەوە. شێخ محەمەد لەنێوان ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی گومڕاییی ئاینی سوڵتان عەبدولحەمید و شەڕی براکوژیی نێوان خۆی و محەمەد سدیقی

کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری سەرەتای کولتوورێکی یاخیبوون و سەرکەچنەکردنی بۆ نەوەکانی دوای خۆی جێ هێشت و دوای مردنی شێخ محەمەد ساڵی ۱۹۰۳ شێخ عەبدولسەلامی دووەمی کە تازە گەنج بوو وەکو کوڕی گەورەی بنەماڵە (گەرچی گەنج و تازەکار بووە) دوای چەند ساڵێک سەروکاری بنەماڵەی بارزان دەگرێتە ئەستۆ. لێرە بەدواوە بارزان هەم وەک ناوەندێکی ئاینیی سۆفیگەری و هەم وەک ناوەندێکی (سەرەتاییی بزاڤی نەتەوەیی) دێتە پێشەوە و کولتووری شەڕ دژی دەسەڵات و شەڕ بۆ ئازادی زیاتر دەبێتە ترادسیۆنێکی ناوچەیی.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستان سێ ناوەندی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەییی هەبوو. ناوەندی سلێمانی کە شێخ مەحموود سەرکردایەتیی دەکرد، ناوەندی ورمێ–چەهریق کە سمکۆ سەرکردایەتیی دەکرد و ناوەندی کوردەکانی ئەستەموول کە دەستەی ئەنتێلگێنسیای کورد سەرکردایەتیی دەکرد. دواتر بە درێژەی ساڵانی بیستەکان خەباتی چەکداری کەم و زۆر لەناو هەموو بەشەکانی کوردستان بەردەوام بوو. لەگەڵ وەرچەرخانی ساڵانی سییەکاندا هەرسێ ناوەندی بزووتنەوەی کوردایەتی تا ڕادەیەک خامۆش کران و دواتر ڕاپەڕینی ئاگری داغ–یش خنکێنرا. لەناو گەرمەی ئەم تێکشکانە عەسکەرییە و سیاسییەی بزاڤی کوردایەتی لە ساڵی ۱۹۳۱ ڕاپەڕین لە بارزان هەڵگیرسا. ئینگلیز لە عێراق حاکمی عێراق بوو و لە ڕاپەڕینی بارزان نیگەران بوو و لە نزیکەوە چاوەدێریی دەکرد. دوای ساڵێک لە شەڕ دژی حکوومەت، لە ۱۸ی ئایاری ۱۹۳۲ بارزانییەکان لە بارزان گەمارۆ دران. برایانی بارزانی: شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفا و سدیق سێ ڕێگەیان لە بەردەمدا بوو:

- خۆتەسلیمکردنەوە بە حکوومەت،
- شەڕکردن،
- یان پەنابردن بۆ تورکیا.

دوای کـۆبوونـەوە بڕیاریـان دا پەنا ببــەنـە بەر تورکـیـا. بەر لەوەی پەنـا بۆ تورکیا ببەن شێخ ئەحمەد چووە لای بەرپرسی سەربازیی تورک لە ناوچەی سەر سنووری لەگەڵ عێراق. بۆ پێشوازیکردنی بارزانییەکان قوماندانی تورک شوکرو قەناتلی[*] تاقە مەرجێکی هەبوو: لە کاتی چوونە ناو خاکی تورکیا چەکەکان تەسلیم بکەن. شێخ ئەحمەد پێشنیازی تورک ڕەت دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە بارزان. لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا تووشی ١٧٠٠ پیاو، ژن، منداڵ دەبێ لە ڕەوشێکی زۆر کارەساتبار و زیاد لەوەش فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆمبابارانی ناوچەکەی دەکرد، شێخ ئەحمەد ناچار بوو پێشنیازەکەی تورک قەبووڵ بکات و لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٣٢ ئاوارەی تورکیا بوون[١].

لە تورکیا بارزانییەکان بەش بەش کران و بەشی زۆریان لە ناوچەی مووش، مستەفا بارزانی لە ئەسکی شەهر و شێخ ئەحمەد لە ئەرزەڕۆم جێنشین کران. لەم دەرفەتە لە ئامادەنەبوونی بارزانییەکان حکوومەتی بەغدا چەندین بنکەی پۆلیسی لە ناوچەی بارزان کردەوە. دوای لێبووردنی ١٣ی ئایاری ١٩٣٣ بارزانییەکان ڕێگەیان پێ درا بگەڕێنەوە بۆ عێراق و ساڵی ١٩٣٤ گەڕانەوە، بەڵام هەر لەگەڵ گەڕانەوەیان برایان: سدیق، ئەحمەد و مستەفا لە نشینگەی زۆرەملێ لە حیللە جێنشین کران[٢].

ساڵی ١٩٣٦ مستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ بارزان و هەوڵی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەدا بەڵام زۆر بە زوویی هەوڵدانەکەی شکست دەخوات و لەژێر چاوەدێری ڕەوانەی سلێمانی دەکرێ. بە یارمەتیی حزبی هیوا لە ١٢ی تەمووزی ١٩٤٣ لە سلێمانی ڕادەکات و دەچێتە کوردستانی ئێران و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ بارزان. گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان هەناسەیەک دەبێ بۆ هەستی خنکاوی هەموو ئەو ئەفسەرە کوردە

---

* Chukru Kanatli

(1) Olivier Aymar, Moustapha Barzani dans l'histoire du Kurdistan, sous la direction de Jean-Jacqu Becker, 1995, p.182

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نیشتمانپەروەرانەی کە سیاسەتی پان-عەرەبیزمی حکوومەتی عێراقی خنکاندنبوونی، حزبی هیوا-ش زۆر بەگەرمی هەموو کۆمەگییەکی مادی و مەعنەویی پێشکێش بە بزووتنەوەی بارزان کرد. لەم ڕووە ئیدی بزووتنەوەی بارزان ڕەهەندێکی تری نەتەوەییی کوردستانیی بەخۆیەوە گرت و لەناو جوغزی ناوچەیی هاتە دەرەوە. دوای زنجیرەیەک شەڕی پارتیزانی سەرکەوتووانە حکوومەت ناچار دەبێ مل بدات و لەگەڵ بارزانی بکەوێتە گفتوگۆ. لە کانوونی دووەمی ١٩٤٤ بارزانی لەگەڵ وەفدێک دەچێتە بەغدا و یاداشتنامەیەک لەبارەی مافەکانی کورد پێشکێش بە نووری سەعید دەکات. نووری سەعید بەشی زۆری داوایەکانی بارزانی قەبووڵ دەکات بەڵام دواتر لەژێر پاڵەپستۆی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان نووری سەعید ناچار دەکەن لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤٤ ئیستیقالە بدات. هێندە نابات حکوومەتی عێراقی لە بارزانی دەکەوێتە بیانووگرتن و شەڕ پێفرۆشتن، لە ٢٥ی سێپتامبەری ١٩٤٥ لە بەرامبەر هێرشەکانی سوپای عێراقی، بارزانی دوو ڕێگەی لە بەردەم دابوو یان شەڕکردن یان کشانەوە بۆ سنووری دەوڵەتێکی پێشوازیکار کە ئەو دەمە تەنیا ئێرانی لە بەردەست مابووەوە. ١٠٠٠٠ بارزانی ئاوارەی ئێران بوون و لە ناوچەکانی نێوان خانە و شنۆ جێگیر بوون. چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنیان بۆ ئێران جەنەراڵی سۆڤیەتی لیۆبۆف داوای لێکردن ئێران جێ بهێڵن. بارزانی پێشنیازی بۆ جەنەراڵی سۆڤیەتی کرد لەبەر هاتنی وەرزی زستان تەنیا منداڵ و ژنەکان لە ئێران بمێننەوە. سەرەتا سۆڤیەتییەکان لایان وابوو بارزانی پیاوی ئینگلیزە، بەڵام دواتر ڕێگەیان پێ دا لە کوردستانی ئێران بمێنێتەوە و بارەگەی سەرکردایەتیی لە ١٠ کیلۆمەتری شاری مەهاباد دانا(٣). دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد بارزانی زۆر بەتوندی شەڕی هێزەکانی ئێرانی کردووە و بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبە گورزی کوشندەی وەشاندووەتە حکوومەت. دواجار بارزانی دەتوانێ سنوور ببڕێ و بگاتەوە

(3) Olivier Aymar, Moustapha Barzani dans l'histoire du Kurdistan, sous la direction de Jean-Jacqu Becker, 1995, p.190

کوردستانی عێراق و زۆری پێ ناچێ لەژێر گوشاری سوپای ئەنگلۆ-عێراقیدا بەناو سنوورەکــان خــۆیان دەگــەیەننە یەکــەتیی ســۆڤــیــەت لە دوای ٥٥ ڕۆژ ڕۆیشـتن لە ١٨ی حـوزەیرانی ١٩٤٧ دەگــەنە ســۆڤــیــەت. دوای گــەڕانەوەی بارزانی بۆ کـوردســتـان پاش کـودەتای ١٩٥٨ی عــەبدولکەریم قــاسم ئیـدی ڕاپەڕینەکانی بارزان ڕەهەندێکی زۆر گەورەتری نەتەوەیی بەخۆیەوە دەگرێ و دەبێتە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی خوارو (کوردستانی عێراق)، ئەو قۆناغەی کە بە شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١-١٩٧٥) ناسراوە دەبێتە کەرەسەی لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەسازی بەرگی دووەمی ئەم کتێبە.

# پێڕەستی بابەتیی بەڵگەنامەکان

فەسڵی یەکەم:

*ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی جەنگی فرەنسادا* ١٩٣١-١٩٣٣

- بەڵگەنامەی ژمارە ١: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکانی شێخ مەحموود و شێخی بارزان دژی سوپای عێراقی [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٢: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی پێوەندیی نێوان شێخ مەحموود و شێخی بارزان [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکانی شێخ مەحموود و ڕێگەگرتن لە ئەگەری پێوەندیی شێخ مەحموود و شێخی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٤: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی سەردانی مەلیک فەیسەل بۆ کوردستانی عێراق و ڕەتکردنەوەی لە لایەن سەرۆکە کوردەکانەوە [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٥: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی چاوەڕوانی شێخ مەحموود لە ناسرییە و ئەگەری هێرش بۆ سەر

شێخی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

– بەڵگەنامەی ژمارە ٦: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی ناردنی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەی بارزان [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

– بەڵگەنامەی ژمارە ٧: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی پڕوپاگەندەی چوونە سەر ئاینی مەسیحایەتیی شێخی بارزان [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

– بەڵگەنامەی ژمارە ٨: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی شەڕی ناوەخۆییی نێوان شێخی بارزان و شێخ ڕەشید. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

– بەڵگەنامەی ژمارە ٩: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی بۆمبابارانی ناوچەی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

– بەڵگەنامەی ژمارە ١٠: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی خۆئامادەسازیی شێخ ئەحمەد بۆ شۆڕش. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

– بەڵگەنامەی ژمارە ١١: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی دەستپێکی شۆڕش و شەڕی نێوان هێزەکانی بارزان و حکوومەت. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

– بەڵگەنامەی ژمارە ١٢: نامەی بەشی زانیاریی سەرکردایەتیی گشتیی سوپا دەربارەی کوردستانی عێراق شەڕی گەورەی نێوان هێزەکانی بارزان و حکوومەت. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

– بەڵگەنامەی ژمارە ١٣: نامەی زانیاریدەرێک بۆ سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا دەربارەی داواکردنی دیدەنیی موتەسەڕیفی هەولێر لەگەڵ شێخی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

-بەڵگەنامەی ژمارە ١٤: نامەی زانیاریدەرێک بۆ سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا دەربارەی دەمگۆی یارمەتیی ئینگلیز بۆ بزووتنەوەی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ١٥: زانیاری دەربارەی هێرشی پێشمەرگەکانی شێخی بارزان لە ٦ی ئاداری ١٩٣٢ بۆ سەر سوپای عێراق. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ١٦: شکستهێنانی حکوومەت لە ڕازیکردنی شێخی بارزان لە وازهێنان لە خەباتی چەکداری و پێوەندی پێوەکردنی کوردەکانی شەمدینان بە بزووتنەوەی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ١٧: دەمگۆی ناکۆکیی نێوان هۆزە کوردییەکان و گومانی حکوومەتی عێراقی لە یارمەتیدانی بزووتنەوەکەی بارزان لەلایەن بەریتانییەکانەوە.[ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ١٨: بەیاننامەی حکوومەت دەربارەی دووکەرتبوونی ڕیزەکانی پێشمەرگەی شێخی بارزان و بەدرۆخستنەوەی ئەم هەواڵە. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ١٩: شەڕی قورسی ڕۆژەکانی ١٢ تا ١٤ی نیسانی ١٩٣٢ی نێوان پێشمەرگەکانی شێخی بارزان و هێزەکانی سوپای عێراق. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٠: بەردەوامیی هێرشی پێشمەرگەکانی شێخی بارزان ڕۆژانی ١٥ و ١٦ی نیسانی ١٩٣٢ لە ئاواییی کۆشان بۆ سەر سوپای عێراق. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٢١: هەواڵی هێرشی پێشمەرگەکانی شێخی بارزان

شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی نیسانی ١٩٣٢ بۆ سەر سوپای عێراق. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٢: هەواڵی دانوستاندنی نێوان شێخی بارزان و هۆزە کوردییەکانی ڕەواندوز و سلێمانی. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٣: هەواڵی فەسڵکردنی ئەفسەرە کوردەکان و ئامادەسازیی هێزی فڕۆکەوانیی بەریتانی دژ بە هێزەکانی شێخی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٤: هەواڵی داگیرکردنەوەی ناوچە کوردییەکان و دامەزراندنی فەرمانکارەی حکوومەت لە ناوچە کوردەوارییەکاندا. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٥: هەواڵی هاتنی هێزەکانی شکاک بۆ هاوپشتیی لە شێخی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٦: جۆری ئەو چەکانەی شۆڕشگێڕەکان کە لە ئۆپەراسیۆنەکاندا دەست سوپای عێراق کەوتوون. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٧: سەفەری تۆفیق وەهبی بۆ بەیرووت و گفتوگۆی نێوان کاپتن هۆلت و شێخی ئەحمەد. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٨: هەواڵی کوشتنی قایمقامی زێبار و موعاونی پۆلیسی ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی شێخی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٢٩: هەواڵی ئۆلیتماتیۆمی حکوومەتی عێراقی بۆ شێخی بارزان و ئەگەری هێرش بۆ سەر بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٠: هەواڵی پەلاماری هێزەکانی شێخی بارزان بۆ سەر کاروانێکی ئازووقەی سوپای عێراق. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣١: هەواڵی پەلاماری هێزەکانی شێخی بارزان لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٣٢ بۆ سەر هێزەکانی سوپای عێراق لە زاخۆ. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢: هەواڵی چوونی کاپیتان هۆلت لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٢ بۆ لای شێخی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٣: هەواڵی ئازادکردنی دوو ئەفسەری بەریتانی لەلایەن شێخی بارزانەوە. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٤: هەواڵی پەنابردنی شێخی بارزان بۆ تورکیا. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٥: هەواڵی جێنشینکردنی شێخی بارزان لە وان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٦: هەواڵی بەردەوامیی بەرگری لە ناوچەی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٧: سەردانی ئەمین زەکی بەگ، وەزیری کاری گشتی و پۆستە و تەلگرافی عێراق بۆ ناوچەی بارزان [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٨: داواکاری حکوومەتی بەغدا لە ئەنقەرە بۆ ڕادەستکردنەوەی شێخی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٣٩: هەواڵی گەڕانەوەی شەش سەد بنەماڵە لە ٥ی سێپتامبەری ١٩٣٢ لە تورکیاوە بۆ ناوچەی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٠: هەواڵی گەڕانەوەی بارزانییەکان لە تورکیاوە بۆ ناوچەی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٤١: هەواڵی چالاکییە نهێنییەکانی ڕووسیا لەناو کوردستان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٢: هەواڵی بڕیاری حکوومەتی تورکیا بۆ ڕادەستیکردنەوەی شێخ ئەحمەد بارزانی بۆ عێراق. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٣: هەواڵی جێنشینبوونی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە مووسڵ. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4172]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٤: هەواڵی پێکداهەڵپرژانی نێوان بەتالیۆنی دووەمی پیادەی عێراق و هێزەکانی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4173]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٥: هەڵسەنگاندنی ڕەوشی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی خوارووی. [ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 7N4173]

فەسڵی دووەم:

*ڕاپەڕینی دووەمی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی جەنگی و وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی فرەنسادا* ١٩٤٣ – ١٩٤٩

- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٦: ڕاپۆرتێک دەربارەی دەستپێکی ڕاپەڕینی دووەمی بارزان لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٣ و دەستپێکی ساڵی ١٩٤٤.

[ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرەنسا، کارتۆنی 4H386]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٧: یاداشتنامە لە بەغداوە بۆ نوێنەری گشتی و وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات دەربارەی دەستپێکردنەوەی پشێوی لە کوردستان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٨: یاداشتنامە لە بەغداوە بۆ نوێنەری گشتی و وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات دەربارەی گفتوگۆی ناو پەرلەمانی عێراق دەربارەی دابینکردنی بودجە بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٤٩: یاداشتنامە لە بەغداوە بۆ نوێنەری گشتی و وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات دەربارەی دەستپێکردنەوە و بەردەوامیی جەنگ لە کوردستاندا. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٠: بەیاننامەی ڕەسمیی حکوومەتی بەغدا لە ١٩٤٥/٨/١٣ دەربارەی ڕەوشی کوردستان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٥١: یاداشتنامە لە بەغداوە بۆ نوێنەری گشتی و وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات دەربارەی ڕەوشی کوردستان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٢: یاداشتنامە لە بەغداوە بۆ نوێنەری گشتی و وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات دەربارەی بەردەوامیی جەنگ لە کوردستان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی(455) Irak1944-1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٣: بەیاننامەی ڕەسمیی حکوومەتی بەغدا لە ١٩٤٥/٩/١٩ دەربارەی ڕەوشی کوردستان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی

فرەنسا، کارتۆنی (455) [Irak1944-1952]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٤: هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی عەرەبی لە لەندەن دەربارەی جیابوونەوەی مەحموود ئاغای زێباری لە بزووتنەوەی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) -Irak1944 1952 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٥: بەیاننامەی ڕەسمیی حکوومەتی بەغدا لە ١٩٤٥/٩/٣٠ دەربارەی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) 1952–Irak1944]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٦: بەیاننامەی ڕەسمیی حکوومەتی بەغدا لە ١٩٤٥/١٠/٣ دەربارەی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) 1952–Irak1944]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٧: بەیاننامەی ڕەسمیی حکوومەتی بەغدا لە ١٩٤٥/١٠/٦ دەربارەی داگیرکردنی ناوچەی بارزان لەلایەن سوپای عێراقەوە. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) [ Irak1944-1952
- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٨: بەیاننامەی ڕەسمیی حکوومەتی بەغدا لە ١٩٤٥/١٠/٨ دەربارەی پاککردنەوەی ڕێگەی خەلیفان–ڕەواندوز لەلایەن سوپای عێراقەوە. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) [ Irak1944-1952
- بەڵگەنامەی ژمارە ٥٩: برووسکەنامەی کونسوڵی فرەنسا لە تاران دەربارەی جموجۆڵی هۆزە کوردییەکان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) [Irak1944-1952]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٠: نامەی جێبەجێکاری کاروباری فرەنسا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری هەندەران دەربارەی هۆزی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) [Irak1944-1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٦١: برووسکەنامەی کونسوڵی فرەنسا لە تاران دەربارەی لەسێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێیەکانی و بەردەوامیی شەڕی بارزانییەکان دژی سوپای ئێران. [ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٢: برووسکەنامەی کونسوڵی فرەنسا لە بەغدا دەربارەی دەمگۆی بەرپابوونی شۆڕش دژی حکوومەت. [ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٣: نامەی ئارماند دو شالیا، وەزیری فرەنسا لە لبنان بۆ جۆرج بیدۆ وەزیری کاروباری دەرەوە سەبارەت بە وەرگرتنی نامەیەکی کۆمەڵەی کوردی. [ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی(455) Irak1944-1952]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٤: نامەی کۆمەڵەی کوردی بۆ بیدۆی وەزیری کاروباری دەرەوەی فرەنسا دەربارەی رەوشی گشتیی کوردستان. [ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952] ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٥: هەواڵی رادیۆیەکان دەربارەی کۆمەگی شوورەوی بۆ شۆڕشی بارزان. [ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی(455) Irak1944-1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٦: برووسکەنامەی کونسوڵی فرەنسا لە بەغدا دەربارەی بەرپابوونی شۆڕش و ئەگەری مفاوەزە لەنێوان شێخی بارزان و حکوومەت. [ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٧: نامەی جێبەجێکاری کاروباری فرەنسا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری هەندەرانی فرەنسا دەربارەی گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ عێراق. [ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944- 1952 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٨: برووسکەنامەی کونسوڵی فەرەنسا لە بەغدا دەربارەی ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لەلایەن حکوومەت بۆ ناوچەکانی زێبار و ڕەواندوز. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٦٩: نامەی جێبەجێکاری کاروباری فرەنسا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری هەندەرانی فەرەنسا دەربارەی مەلا مستەفا و بارزانییەکان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی(455) Irak1944-1952 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٠: برووسکەنامەی کونسوڵی فەرەنسا لە بەغدا دەربارەی سنوور بەزاندنی مەلا مستەفا و گەڕانەوەی بۆ ناوچەی بارزان. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧١: برووسکەنامەی کونسوڵی فەرەنسا لە بەغدا دەربارەی هەڵگرتنی حوکمی عورفی لەلایەن حکوومەت بۆ سەر ناوچەکانی زێبار و ڕەواندوز. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٢: برووسکەنامەی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا دەربارەی داواکردنی عێراق بۆ هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر کڕینی چەک. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٣: نامەی ژان لیسکۆیەر، باڵوێزی فرەنسا لە تورکیا بۆ ڕۆبەرت شیومان، وەزیری کاروباری دەرەوەی فرەنسا دەربارەی هەواڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ئازەربایجانی شوورەوی. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا، کارتۆنی (455) Irak1944-1952 ]

## فەسڵی سێیەم:

### *ڕاپەڕینی دووەمی بارزان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیا ساڵی ١٩٤٥*

- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٤: نامەی باڵوێزی بەریتانیا لە بەغدا بۆ مەلا مستەفا بارزانی لە ٢٠ی ئاداری ١٩٤٥. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٥: نامەی مەلا مستەفا بارزانی لە ٣٠ی ئاداری ١٩٤٥ بۆ باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٦: پوختەی کۆبوونەوەی کاپیتان ستۆکس لە ٢٥ی ئاداری ١٩٤٥ لە هەودیان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٧: نامەی مێجەر ئار. جی. ولسن، ڕاوێژکاری سیاسیی هێزەکانی بەریتانیا لە کەرکووک بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٤٥. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٨: نامەی مێجەر ئار. جی. ولسن، ڕاوێژکاری سیاسیی هێزەکانی بەریتانیا لە کەرکووک بۆ مەلا مستەفا بارزانی لە ٢٣ی نیسانی ١٩٤٥. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٧٩: نامەی لیوتینان-کۆلۆنێل ئار. مید، ڕاوێژکاری سیاسیی باکوری عێراق، مووسڵ بۆ مەلا مستەفا بارزانی لە ٢٩ی تەمووزی ١٩٤٥. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٨٠: نامەی لیوتینان-کۆلۆنێل ئار. مید، ڕاوێژکاری سیاسیی باکوری عێراق، مووسڵ بۆ مەلا مستەفا بارزانی لە ٣ی ئابی ١٩٤٥. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]

- بەڵگەنامەی ژمارە ٨١: نامەی مستەفا بارزانی بۆ باڵوێزی بەریتانیا لە عێراق لە سلێمانی بە مێژووی ١١ی ئابی ١٩٤٥. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٨٢: نامەی مستەفا بارزانی بۆ باڵوێزی بەریتانیا لە عێراق لە سلێمانی بە مێژووی ٢٠ی ئابی ١٩٤٥. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]
- بەڵگەنامەی ژمارە ٨٣: نامەی لیوتینان-کۆلۆنێل ئار. مید، ڕاوێژکاری سیاسیی باکوری عێراق، مووسڵ بۆ مەحموود ئاغای زێباری لە ٢١ی ئابی ١٩٤٥. [ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، FO:624/71 ]

بەشی یەکەم

# تێکستی کوردیی بەڵگەنامەکان

فەسڵی یەکەم

# ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان

له بەڵگەنامه نهێنییەکانی وەزارەتی جەنگیی فرەنسادا

١٩٣١-١٩٣٣

## بەڵگەنامەی ژمارە(*): ١

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا
بیرۆی دووەم
بەشی زانیاری
– نهێنی–

١١ی ئایاری ١٩٣١
سەرچاوە: ئاسایشی گشتی
بە تەحەفووزەوە

### لە کوردستانی عێراق

شێخ مەحموود بەردەوامە لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە هێزەکانی عێراق، لە سلێمانی لە ١٥ی نیسان پێکدادانێک لەنێوان پیاوەکانی شێخ مەحموود و هێزەکانی عێراق ڕوویان داوە، ژمارەیەک بریندار بۆ بەغدا گوازراونەتەوە.

شێخی بارزان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دنە دراوە تا پەلاماری هێزەکانی عێراق بدات و ئازووقەی بۆ چووە، لە کاتی کەژاوەیەکی سوپاییدا ٤ ئەفسەری ئینگلیز کوژراون. چەند فڕۆکەیەک نێردراون بۆ بەهاناوەچوون. هێزەکانی عێراق هەڵاتوون و ١٠ کوژراو و ١٦ برینداریان جێ هێشتووە.

(*) هەموو ئەم ژمارانەی ئێرە کە لە سەرووی بەڵگەنامەکانەوە دانراون لە دانانی ئێمەن و هیچ پێوەندییەکیان بە بەڵگەنامە ئۆریژینالەکانەوە نییە، وەرگێڕ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

٢٨ی ئایاری ١٩٣١

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

رۆژی ١٠ی ئایاری ١٩٣١، فراکسیۆنێکی کوردیی شێخ مەحموود، پەلاماری ئاواییەکی داوە لە نزیک خانەقی کە وا پێ دەچێ موڵکی کەسیی مەلیک فەیسەڵ بووبێ کە هەزار سەرمەڕی بە تالان بردووە.

حکوومەتی عێراق هەرکە پێی زانی وەک دەڵێن، ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان شێخ مەحموود و شێخی بارزاندا بووە، ڕۆژی ١٥ی ئایار دوو بەتالیۆنی پیادەی رەوانەی ناوچەی ئاکرێ کردووە کە لەلایەن شێخی بارزانەوە داگیر کرابوو.

سەرکردایەتیی ئەم لەشکرە داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ شێخی بارزان کردووە، لە وەڵامدا شێخ وەڵامی لێ گێڕاوەتەوە کە ئەو تەنیا مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیزدا دەکات.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## شۆڕشی کورد

١ی حوزەیرانی ١٩٣١

سەرچاوە: سێرڤیسی ئاسایشی حەسەکە

شۆڕشی کورد لە ناوچەی سلێمانی هەروا درێژەی هەیە. دەوروبەری ١٩ی ئایاری ١٩٣١، شێخ مەحموود لەگەڵ لایەنگیرەکانی تا خانەقی ڕۆیشتوون و لەوێدا کە موڵکی مەلیک فەیسەڵی لێیە ٦٠٠٠ سەرمەڕیان ڕفاندووە و زیانیان بە موڵک و ماڵی مەلیک گەیاندووە.

لە دوای ئەم دەستدرێژییە، بەتالیۆنی پیادەی سێ و یەک دەستەی سوارە کراونەتە سەر تاقمەکانی شێخ مەحموود. ٢ بەتالیۆنی پیادە لە هەمان ڕۆژ چوونەتە سەر شێخی بارزان بەو ئامانجەی ڕێگە لە پێوەندیگرتنی لایەنگیرەکانی بگرن لەوەی پێوەندی بە تاقمەکانی شێخ مەحموودەوە بکەن.

شێخ بەگوێرەی داوانامەیەک دەبوو ڕۆژی ١٧ی ئایاری ١٩٣١ بە فڕۆکە بچێتە بەغدا.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی سوپای دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## ڕەوشی یاخیبووە کوردەکانی عێراق

١ی تەمووزی ١٩٣١

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

لە ماوەی ئەو سەردانەی کە مەلیک فەیسەڵ بۆ ناوچە کوردەوارییەکانی عێراق کردی لە ناوەڕاستی حوزەیراندا، شێخی بارزان، شێخ فارس، دانیشتوانی ناوچەی ئامێدی و سەرۆکە یاخیبووەکانی تر ڕەتیان کردووەتەوە پێشوازی لە نێردراوێک بکەن کە لەلایەن مەلیکەوە نێردرابێ بۆ ئامادەسازی بەنیازی چاوپێکەوتنیان.

قایمقامی ئاکرێ کە ئەویش کوردە، بێهوودە هاتووەتە ناوەوە.

چەند ڕۆژێکە حکوومەتی عێراق دوو بەتالیۆنی نوێی پیادەی بۆ بەهێزکردنی ئەو سوپایە ناردووە کە لە شەڕدایە لەگەڵ شێخی بارزان.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## ڕەوشی کوردی عێراق

٨ی تەمووزی ١٩٣١

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

زانیاریدەرێک کە لە عێراقەوە هاتووە ئەمانەی خوارەوەی ڕاگەیاند:

١- شێخ مەحموود هێشتا هەر لە ناسرییەیە کە لەوێدا چاوەڕوانی بڕیارێکی حکوومەتی عێراقی دەکات. بڕێک دەڵێن دەیکەنە حاکمی کوردستان لەژێر سەرپەرشتیی عێراق.

٢- شێخ مەحموود داوای لە شێخی بارزان کردووە تا کۆتاییهاتنی وتووێژەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، شەڕەکانی بوەستێنێ. شێخی بارزان ڕازی بووە بەڵام ئەگەر هەر ڕووداوێک هاتە پێشەوە ئامادەیە بۆ هەموو ڕووبەڕووبونەوەیەک.

٣- ژمارەیەکی زۆر لەشکری عێراق لە مووسڵ، لە کەرکووک و لە سلێمانی کۆبوونەتەوە و ئامادەن هێرش ببەنە سەر کوردەکانی شێخی بارزان.

٤- لە کاتی دواین سەردانیدا بۆ سلێمانی، مەلیک فەیسەڵ چەند کەسانێکی سەرەکی لە لایەنگرەکانی شێخ مەحموود وەکو کارمەندی بەرز دامەزراندوون.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

**لەبارەی شێخی بارزانەوە**

بە تەحەفووزەوە

٢٧ی تەمووزی ١٩٣١

شێخی بارزانییەکان (کوردەکانی عێراق) دەشێ لە سۆنگەی نێردراوێکی سۆڤیەتییەکان کە نێردراوە بۆ لای، چووبێتە سەر بیروڕای کۆمۆنیستییەوە.

حکوومەتی عێراق دوو بەتالیۆنی دژی خێڵەکە ناردووە بەڵام بەو پێیەی کە سروشتی ناوچەکە تەواو ناوچەیەکی چیاییی سەختە و لە بندەستی خێڵەکەدایە وا دیارە زۆر سەخت دەبێ ئەوە قەبووڵ بکرێ کە داپڵۆسینەوەکە کاریگەر بێت.

تێبینی: سەرچاوەیەکی بە تەحەفووزەوە بەڵام نزیکە لە:

١- زانیارییەکانی تایبەت بە چالاکیی کۆمۆنیستی کونسوڵێکی ئێران لە سلێمانی.

٢- لە زانیاریی ئاسایشی گشتیی تایبەت بە خێڵی شێخی بارزانییەکان و ئاماژە پێکردنیان بەوەی چووەتە سەر ئاینی کاتۆلیکی.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## چوونە سەر ئاینی مەسیحایەتیی شێخی بارزان

١٢ی ئابی ١٩٣١

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

لە هەموو لایەکەوە قسە لەسەر ئەوە دەکەن کەوا شێخی بارزان، سەرۆکی چەکدارە یاخیبووەکانی کورد لە عێراق، بەشوێن ئەو وادەیە چووەتە سەر ئاینی مەسیحایەتی کە ئینگلیزەکان پێیان داوە بەوەی بیکەن بە حاکمی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ئەگەر ببێتە مەسیحی، ئەو کاتەی کە ئەم دەوڵەتە دروست دەکرێ، دەنا بە پێچەوانەوە مار شەمعون، سەرۆکی ئاسوورییە کلدانییەکان لە شوێنی دادەنرێ.

هەموو خێڵی شێخی بارزان، ئەوانیش چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی، جگە لە ئیمام نەبێت کە هەڵاتووە.

تەواوی دانیشتوانی موسڵمانی عێراق ڕەخنە لەم کارەی شێخی بارزان دەگرن و بەکارێکی "ناپاکی لە ئاین"ی دادەنێن.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٨**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

## شەڕی نێوان هەواداران و شۆڕشگێڕانی کورد

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

١٩ی ئابی ١٩٣١

زانیاریدەرێک کە لە عێراقەوە هاتووە ئەوەی ڕاگەیاند کەوا شەڕێکی ناوخۆیی لەناو کوردەکان لەنێوان شۆڕشگێڕانی شێخی بارزان و هەوادارانی شێخ ڕەشید، سەرۆکی کوردی ناوچەی زێبار-ڕەواندوز لە ٨ی ئەم مانگە لە دەوروبەری سلێمانی ڕووی داوە.

شێخ ڕەشید بە دوای نامەیەکی سووکایەتی پێکراو کە شێخی بارزان لە وەڵامی ڕەخنەدۆستانەکانی شێخ ڕەشید تایبەت بە چوونە سەر ئاینی مەسیحایەتی بۆ شێخی بارزانی ناردبوو، سەرکردایەتیی ئەم هێرشەی کردووە.

شێخی بارزان لە وەڵامدا بۆی نووسیووە: "ئەگەر بەدەست من بێت تۆش بۆ مەسیحایەتی وەردەگێڕم". ئەو شەڕە ١٥ کوژراو و ١٢ بریندراری لە هەردوولا لێ کەوتووەتەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٩**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەیەکی زۆر چاک

١١ی دیسامبەری ١٩٣١

بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی ناوچەیی لە عێراق لەناو بارزانییەکانی نیشتەجێی باکوری ئامێدی هەڵگیرساوە. هۆی سەرەتاییی ڕاپەڕینەکە لە سۆنگەی هەڵوێستی فەرمانکارەکانی عێراقییەوە بووە کە ویستوویانە باجی مەڕانە لە خێڵەکە بسێنن کە شێخ پێشتر بەناوی حکومەتەوە دەیسەند. لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا سەرۆکی بارزان خۆی لەوە دەترسا بەغدا بۆ چەسپاندنەوەی ئەمن و ئاسایش تەدەخول بکات.

تا ئێرە هێزی عەرەبی ناوچەیی کە دژ بە کوردەکان ناردرابوون تەنیا توانییان دەست بەسەر ٣٥٠٠٠ گوللەفیشەکدا بگرن. لە سۆنگەی ئاستەنگی هاتوچۆ (ڕێگەوبانی خراپ، وەسیلەگەلی ناتەواو) هێشتا هێزە عەرەبییەکان هێزی پشتیوانییان پێ نەگەیشتووە. تەنیا هێزی ئاسمانی لە بنکەی نیشتنەوەی یاریدەری هەولێرەوە هاتووەتە ناوەوە. هێزەکانی مووسڵ و کەرکووک ئێستە لە جووڵەدان بەرەو هەولێر و لەوێوە بەشێکی ئەو هێزانە دەبێ زامنی چاوەدێریی گۆڕەپانەکە بکەن و بەشێکی تر بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکان بکات دژ بە یاخیبووەکان.

ڕۆژی ٨، ٩ و ١٠ی دیسامبەر یاخیبووەکان لەلایەن هێزی فڕۆکەوانیی بەریتانی لە مووسڵ بۆمباباران کراون. ئاماژە بە کوژرانی ٩٠ کەس دەکرێ لەناو کوردەکان. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بۆ یەکەم جار هێزی ئاسمانیی ناوچەیی خۆولاتی لەگەڵ فڕۆکەکانی بەریتانییە بەشدارییان کردووە بەڵام تەنیا بەوەندە دەستبەردار بوون کە بلاوکراوەیان فڕێ داوەتە خوارەوە و داوایان لە دانیشتوانی ناوچەکە کردووە گوندەکانیان چۆڵ بکەن چونکە بۆمباباران دەکرێن.

***

لێرەدا پێویستە ئەم کردەوانە بە سەفەری نووری سەعید پاشا ببەستینەوە کە لە حەلەبەوە دەچێ بۆ ئەنقەرە. نووری سەعید دوای مانەوەی ٣ ڕۆژ و نیو لە پایەتەختی باکوری سووریا، لە ١٨ی دیسامبەر بەرەو تورکیا حەلەبی بەجێ هێشت.

لەبەرئەوەی هەڵوێستی فەیسەڵ لە بەرامبەر کوردەکان و ئارەزووی دەربڕاوی فەیسەڵ بۆ ئاریکاریکردن لەگەڵ تورکەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسی تایبەت بە کێشەکانی سنوور، ناوەندە ڕەسمییە بەرپرسەکانی سووریا پێوەندییەک لەنێوان ئەم سەفەرە و چارەسەرکردنی پرسی بارزان دەبیننەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٠**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی سوپای دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

## بزووتنەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان

سەرچاوەیەکی چاک

٣١ی دیسامبەری ١٩٣١

حاکمی مووسڵ لە ٣٠ی دیسامبەری ١٩٣١ ئاگەدار کراوەتەوە کەوا شێخی بارزان بە جیدی خۆی ئامادە دەکات بۆ هێرشگەلی نوێ کە دەبێ لە چەند ڕۆژی دادێ بکرێن. هێزی ئێستای شێخ بە ٨٠٠ کەسی تەواو چەکدار دادەنرێ، دەسەڵاتکارانی عێراقی هێزەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە کە زۆر پێ دەچێ بەرەو دهۆک بڕۆن.

لە مووسڵ ڕەوشی تەواوی هێزەکانی بارزان نازانرێ و بەهۆی خراپیی باری کەشوهەواوە فڕۆکەوانی بەریتانی مەحاڵە بتوانن سووسەی ناوچەکە بکەن.

## بەڵگەنامەی ژمارە: ١١

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

٣١ی دیسامبەری ١٩٣١

بەشوێن ئەو هەواڵانەی کە لە عێراقەوە لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە هاتوون، هێزەکانی عێراق ئێستە لەگەڵ چەکدارەکانی شێخی بارزان لە دەڤەری زێبار لە شەڕدان.

ڕاستییەکەی، وا دیارە شێخی بارزان لە سەرەتای ئەم مانگە ئۆلتیماتیۆمێکی داوەتە حکوومەتی عێراقی بەوەی لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا هەموو ئەو هێزانەی کە بۆ "ناوچە کوردییەکان" نێردراون بکێشێتەوە، ئەگەر ئەوە نەکات دەست بە شەڕ دەکاتەوە. دەسەڵاتکارانی عێراقی بەو پێیە بە ناردنی هێزی نوێ وەڵامیان دایەوە، ئەو کاتە چەکدارەکان لە ١٤ی دیسامبەری ئەم مانگە بە شێوەیەکی ناگەهان بەسەر سریەکی پیادەی دەورییەیان داداوە و بەتەواوی تەفروتونایان کردووە و دوای ئەم پەلاماردانە حکوومەت هێزێکی زۆر و زەوەندی بۆ بەرامبەر چەکدارەکان هێنا و هەتاوەکو فڕۆکەکانی بەریتانی بەسەر کامپی چەکدارەکان سوڕاونەتەوە بەڵام بێ ئەوەی هیچ شتێک دژیان بکەن. قاو وا بڵاو بووەتەوە کەوا ئینگلیز دنەدەری ئەم ڕاپەڕینە بن.

***

چەند هێرشی بەرفراوانی گەورە لەنێوان لەشکری عێراق و چەکدارە کوردەکان بەم دواییە لەلایەن شێخی بارزان لە ناوچەکانی ڕەواندوز، ئامێدی و ئاکرێ هەڵگیرساون. ئاماژە بەوە دەکرێ کە لە ماوەی ئەم شەڕە تازەیەدا نزیکەی سی ئەفسەرێکی عێراقی کوژران و بریندار بوون، لەوانە ئەفسەرێک و ١٢ سەرباز کوژراون و ئەوانی تریش بریندارن.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٢**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢

هۆزگەلی ناوچەی مونتەفیک، دەروناوچەی سەعدوون، وەک دیارە بە پاڵ پێوەنانی ئەمانەی دوایی لەسەر ئەوەن پێوەندی بەچەکدارە یاخیبووەکانی شێخی بارزانەوە بکەن.

دەسەڵاتکارانی عێراقی هەزاران سەرباز و چوار سریەی تۆپخانەیان ناردووە بۆ داپڵۆسینی دەمودەستی هەموو پشێوییەکی شۆڕش.

تێبینی: بنەماڵەی سەعدوون کە لە عێراقدا زۆرن و زۆر بە نفوزن هەوڵ دەدەن ئاستەنگ بۆ دەسەڵاتکارانی ئەو ناوچانەی مەنتەفیک بدۆزنەوە کە خۆیان خەڵکی ئەو ناوچەیەن، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە حوکمی لەسێدارەدانی عەبدوڵا ئەلفەلاح ئەلسەعدوون، بکوژی عەبدوڵا بەگ ئەلسالح، بەڕێوەبەری پێشووی ناوەخۆ و لەوانەشە بۆ هەڵقۆزتنەوە بێت بۆ وەگیرخستنی بەخشین.

١- لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا شەڕێکی سەخت لە ٢٤ی دیسامبەری ١٩٣١ لەنێوان هێزەکانی عێراقی و چەکدارە یاخیبووەکانی شێخی بارزان ڕووی داوە. هێزگەلی پشتیوانی (سەربازی) لە ٢٥ی دیسامبەر گەیشتوون و چەکدارە یاخیبووەکانیان ناچار کردووە

بکشێنەوە. جگە لەوە ئاماژە بەوە دەکرێ کەوا ٢٠ سەرباز و ٢ ئەفسەر کوژراون. چەکدارە یاخیبووەکان ئەوانیش چل کوژراوێکیان لە گۆڕەپانەکە بەجێ هێشتووە.

٢- هەمان ڕۆژ، تاقمێکی بەهێزی ٥٠ چەکدار پەلاماری بنکەی پۆلیسی شێخانیان داوە و ئەو دوو پۆلیسەی لەوێدا بوون کوشتوویانن. بۆ بەیانییەکەی، ئەم هێزە پەلاماری پۆستی بێنگلی(*) دەدەن و ئەو سێ پۆلیسەی تێدا بوون تووشی هەمان چارەنووس دەکەن. ئێستە پشێویی ناوچەکانی دهۆک، ئەربیل و جەبەل خەیری(**) گرتووەتەوە.

---

(*) Bengli

(**) Djébel Kheyri

لەوانەیە چیای بێخێر بێ کە دەکەوێتە ناوچەی زاخۆوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٣**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

## عێراق
## لەبارەی شێخی بارزانەوە

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

٢٤ی شوباتی ١٩٣٢

گەشتیارێک لە مووسڵەوە هاتووە ڕای گەیاند کەوا موتەسەڕیفی هەولێر لەلایەن بەغداوە ڕاسپێردراوە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ شێخی بارزان کە لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ڕابردوو سەری ئامێدیی داوە و لەوێ بە نامەیەک داوای دیدەنیی لە شێخی بارزان کردووە. لەگەڵ گەیشتنی ئەم نامەیە وەک دیارە موتەسەڕیف پێشنیازی کۆمەگییەکی زۆری بەناوی حکوومەتەکەیەوە بۆ کردووە ئەگەر مل بدات، ئەم سەرۆکە کوردە وەڵامی داوەتەوە (قسەکان دەقاودەق وەک خۆی لە زاری زانیاریدەرەکەوە ڕاگوێزراونەتەوە) "بەوانە بڵێ کە دەیانبینی کەوا من بۆ فرۆشتن نیم و هەموو زێڕی حکوومەت ناتوانێ من بکڕێ. من شێخی بارزانم و هەر بە شێخی بارزان، سەرۆکی شۆڕشگێڕانی کورد دەمێنمەوە کە خەبات دەکات بۆ ئازادیی گەلەکەی و بڕیاری من گەڕانەوەی لێ نییە".

- سەفەری ئەم فەرمانکارەی عێراقی و ئامانجی پەیامەکەی دووپات کراوەتەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٤**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

٢٥ی شوباتی ١٩٣٢

هەواڵەکان لە چەندین سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا کوردەکانی عێراق، کە لەلایەن ئینگلیزەوە کۆمەگی دەکرێن بە زوویی دژی حکوومەتی عێراق دەست بەشەڕ دەکەنەوە.

زانیاریدەرێک هەتا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەفسەرێکی ئینگلیز ئەم چەند ڕۆژەی دوایی بەجلی گۆڕاوەوە چووەتە لای شێخی بارزان بۆ ئەوەی لەمبارەیەوە ڕێنوێنییەکانی دەسەڵاتکارانی منداتێری پێ ڕابگەیەنێ.

لەلایەکی ترەوە ئاماژە بەوە دەکرێ کەوا سەرۆکی کورد ئێستە جموجۆڵی ئەوەی هەیە نزیکەکانی چەکدار بکات و هەتا چەک و چۆڵ و ئازووقەی شەڕیشی بەشێوەیەکی نهێنی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ دێت.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٥**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

١٤ی ئاداری ١٩٣٢

لە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا چەکدارە یاخیبووەکانی شێخی بارزان هەوڵیان داوە لە ٦ی ئاداری ئەم مانگە پەلاماری هێزەکانی عێراقی بدەن لە ناوچەی ئاکرێ.

لەم شەڕەدا نزیکەی سی سەربازێک کوژراون.

لەلایەکی ترەوە ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا شێخ فارس، خزمی شێخ ڕەشید، کە ئەویش ڕاسپێردرابوو باندێکی پارتیزانی دژ بە شێخی بارزان پێکەوە بنێ، ئێستە وا ٥٠٠ پیاوی کۆ کردووەتەوە و چووەتە شەڕی دژ بە چەکدارە یاخیبووەکان.

لە ٦ی ئاداری ئەم مانگە بە سەرکردایەتی لەگەڵ نزیکەکانی خۆی پەلاماری پەلێکی هێزی چەکدارە یاخیبووەکانی داوە لە دەوروبەری بجیل، بەڵام ئەوانەی دوایی بەسەریان دەکەون و دەست بەسەر ئەم شارەدا دەگرن دوای ئەوەی ٤٧ سەرباز، ١ ئەفسەر و ١٢ پارتیزانی شێخ فارس لە گەرمەی شەڕەکەدا دەکوژن.

لە دوای ئەم ڕووداوانە، لەشکرگەلی نوێی عێراقی بەڕێگەی هەرە خێرا

ڕەوانەی ناوچەکە کراون.

وەزیری جەنگ، جەعفەر عەسکەری، ڕۆژی ٨ی ئادار لە بەغداوە گەیشتووەتە مووسڵ وەک دەڵێن بۆ ئەوەی سەردانی شوێنەکانی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە بکات.



د. نەجاتی عەبدوڵڵا (٤)

## بەڵگەنامەی ژمارە: ١٦

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

### بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

٢٩ی ئاداری ١٩٣٢

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە عێراقەوە هاتوون، کۆمیسێری بەرزی بەریتانی و وەزیری جەنگ ١٦ی ئاداری ١٩٣٢ گەڕاونەتەوە بۆ بەغدا بەبێ ئەوەی بتوانن شێخی بارزان ڕازی بکەن بۆ خۆبەدەستەوەدان کە سوورە لەسەر بەردەوامبوونی خەبات.

لەلایەکی ترەوە هەواڵەکان ئەوە دەگەیەنن کەوا شێخی بارزان لەوانەیە لە ئێستەدا پشتگیریی هەموو خێڵەکانی باکوری عێراقی بەدەست هێنابێ، هەڵبەت شێخ فارس نەبێ. هەتا ئەوەش دەڵێن کەوا کوردەکانی ناوچەی شەمدینان لەسەر سنووری تورکیا-عێراق بە ژمارەیەکی دەوروبەری ١٤٠٠ کەسەوە ئەوانیش ئەم چەند ڕۆژانەی دوایی پێوەندییان بە شێخی بارزانەوە کردووە.

سەرباری ئەوە هەواڵی ئەوەمان پێ گەیشتووە کە حکوومەتی عێراق هەنگاوی جیدیی گرتووەتەبەر بۆ سەرکوتینەوەی ڕاپەڕینەکە، هێزی پشتیوانیی نوێ لەگەڵ ژمارەیەک تۆپهاوێژ وەک دیارە ڕۆژانە دەگەنە ناوچەی بارزان کە حکوومەت هێزێکی زۆری بە هەموو چەکێک لەوێدا مۆڵ داوە.

هێرشێک بۆ یەکەمین ڕۆژەکانی نیسان چاوەڕوان کراوە.

شێخی بارزان بەخۆی ئامادەیە بڕیاری یەکلاکەرەوەی شەڕەکە بەئەستۆ بگرێ.

شۆڕشگێڕەکان سێ گرووپی تەواو چەکداریان پێکەوە ناوە و چەکی ئۆتۆماتیکیشیان هەیە. گرووپی یەکەم لە ناوچەی باکوری ئاکرێ مۆڵ دەدرێ و لەژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی شێخی بارزان دەبێ، گرووپی دووەم لەژێر سەرکردایەتیی براکەی، شێخ مستەفا شوێنی ناوچەکانی چیلاک لە ڕۆژئاوای ئاکرێ دەگرێ و دواجار گرووپی سێیەم کە سەرکردایەتییەکەی لەژێر دەستی شێخ محەمەدی کوڕی شێخی بارزاندایە، لە دیانە، ناوچەی ڕواندوز لە ڕۆژهەڵاتی ئاکرێ دەگرێ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٧**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## ناکۆکی لەنێوان خێڵە کوردییەکانی عێراق

سەرچاوەیەکی چاکی زانیاری

١٥ی نیسانی ١٩٣٢

بزووتنەوەی یاخیبوونی شێخی بارزان ئێستە هەر لەناو خێڵەکەی خۆیدا ماوەتەوە، سەرۆکە هاوسێ کوردەکانی تری عێراق بەچاوێکی ڕەزامەندییەوە تەماشای ئەو داپلۆسینەوەیە دەکەن کەوا حکوومەتی عێراق لە دژی شێخی بارزان گرتوویەتییە بەر.

ڕاستییەکەی سەرۆکی بارزان لە هەمووان "دەرەبەگ"تر و لە هەمووشیان بەفیزترە لەناو سەرۆک خێڵەکان و ماوەیەکی زۆرە بووەتە مایەی ڕق لێبوونەوەی خێڵە هاوسێیەکانی. وێڕای ئەوەی کەوا شێخی بارزان یارمەتیی مەعنەویی کوردەکانی تورکیا و ئێران و "خۆیبوون" ی هەیە بەڵام هیچ یارمەتییەکی فیعلیی خێڵە هاوسێیەکانی لەگەڵدا نییە.

ئەم تایبەتمەندێتییە ڕێگەی بە بەریتانییەکان دا بەشێوەیەکی ڕەسمی پشتگیری لە ئۆپەراسیۆنی داپڵۆسینەوەی حکوومەتی عێراقی بکەن بەڵام بەبێ ئەوەی دەستبەرداری سیاسەتی غەیرە ڕەسمیی خۆی ببێ لە پشتگیریکردنی بزووتنەوەی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوە سیاسییەکانی عێراق بە تەواوی غافڵ نەبوون لەم سیاسەتە دوو ئاراستەیەی ئەنگلستان: لە

کۆبوونەوەیەکی دۆستانە کە ماوەیەک بەر لە ئێستە لە کۆنسوڵخانەی گشتیی عـێـراق لـە بەیرووت بەسـتـرا لەگـەڵ ڕاگـەیاندنی شکسـتـە دوایـیـەکـانی حکوومـەتدا، زۆر لـە سـیاسـییـەکانی عـێراق گوتوویانە کە هێـشـتـا "مـانۆڕی ئینگلیزی " تەواو نەبووە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٨**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

**بزووتنەوەی کورد لە عێراق**

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

٢٠ی نیسانی ١٩٣٢

بۆ ئارامکردنەوەی دانیشتوانە کوردەکان لەبارەی ڕووداوەکانی بارزان، حکوومەتی بەغدا لە ١٠ی نیسانی ئەم مانگەدا بەیاننامەیەکی ڕەسمیی بڵاو کردووەتەوە تێیدا هاتووە باسی ئەوە دەکات کە " تەنیا چەند یاخیبوویێک بەشوێن شێخی بارزانەوە چوون کە پەنای بردووەتە بەر چیای شیروان، لە کاتێکدا زۆربەی کوردەکانی تر گەڕاونەتەوە ناو ئاواییەکانی خۆیان بۆ خێزانەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریدەرێکی جێگەی متمانە ئەوەی ئاشکرا کرد کەوا بەپێچەوانەی ئەوەی لە بەیاننامەی (ڕەسمی)ی حکوومەتدا هاتووە، هیچ ئینشقاقێک لەناو ڕیزەکانی شێخی بارزان ڕووی نەداوە و جەنگ لە ناوچەی نەهر ئەلزاب بەردەوامە و ژمارەیەک هێزی پشتگیریی حکوومەت لە ١٢ی نیسانی ئەم مانگە لە کەرکووکەوە بۆ شوێنی شەڕەکە نێردراون. بەگوێرەی زانیاریدەرەکە دووەمین فڕۆکە لەم مێژووەدا لە ناوچەی دیانە لەلایەن یاخیبووەکانەوە خراوەتەوە خوارەوە. لەلایەکی ترەوە هەواڵەکان ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا حکوومەتی عێراقی ناهێڵێ هیچ کەسێک بەناو ناوچەی یاخیبووەکاندا بسووڕێتەوە ئەگەر پسوولەی ڕێگەپێدانی پێ نەبێ لەلایەن قوماندانەوە دەرچووبێ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١٩**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژ بە کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

٢٥ی نیسانی١٩٣٢

بەگوێرەی چەند زانیارییەک کە لە سەرچاوەی جیدییەوە هاتووە، شەڕێکی گەورە رۆژانی ١٢، ١٣ و ١٤ی نیسانی ئەم مانگە، لە ناوچەی ئاکرێ[٤] لەنێوان چەکدارە شۆڕشگێرە کوردەکان و هێزەکانی عێراقیدا ڕووی داوە. لە هەردوولا لە ماوەی شەڕەکەدا زیانێکی زۆر دراوە. ٧٠ ئەفسەر کوژراون و ٥٠ کەسێکیش بریندار بوون. ئاماژە بەوە دەکرێ ڕاستییەکەی کەوا ژمارەیەکی زۆر لەوانە گەیێنرابنە مووسڵ و گوازرابنەوە.

لەلایەکی ترەوە هەواڵەکان ئەوە دەگەیەنن کە دوو فڕۆکە لەلایەن چەکدارە یاخیبووەکان لە ڕۆژی ١٣ی نیسان بەردراونەتە خوارەوە.

ئەمانەی دوایی نزیکەی سەد و پەنجا کەسێکیان لەدەست داوە.

(4) Akkréa

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٠**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژ بە کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

٢٥ی نیسانی١٩٣٢

بەگوێرەی چەند زانیارییەک کە لە عێراقەوە هاتوون، ئێستە شەڕ بێ وەستان لەنێوان چەکدارە یاخیبووە کوردەکان و لەشکری عێراقی بەردەوامە. لەمبارەیەوە هەواڵەکان ئەوە دەگەیەنن کەوا شەڕێکی زۆر خوێناوی لە ڕۆژانی ١٥ و ١٦ی نیسانی ئەم مانگە لە ئاوایی کۆشان(*) لە ناوچەی ئاکرێ ڕووی داوە.

زیانێکی گەلێک زۆر بە سوپای عێراقی گەیشتووە لە بەرامبەر پەلاماری چەکدارە یاخیبووەکان کە لە چەندین لاوە لەم دوو ڕۆژە کردوویانەتە سەریان و شوێنەکانی خۆیان لەدەست داوە.

ئەم زیانە دەگاتە "٧٠ کوژراو و ٤٠ بریندار". چەکدارە یاخیبووەکان، لەناو ئەمانەدا دەستیان بەسەر کاروانێکی چەک و ئازووقەی نزیکەی ١٥٠ هێستردا گرتووە کە وا پێ دەچوو لە هەریرەوە دەچووە خەلەکان.

لەلایەکی ترەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کەوا ئینگلیز چەک و ئازووقە بە چەکدارە یاخیبووەکان دەدەن.

---

(*) Kochan

وا دیارە چەکی دەســتکردی ئینگلیــزی لەلای چەکــدارە یاخــیــبــووە کوژراوەکانەوە دەستـی بەسەردا گیراوە لەم شەڕانەی دواییدا . ئەم چەکانە وەک ئەوەی لەلایەن هێزەکانی عێراقییەوە بەکار نەهێنراون، دەکرێ بوترێ ئەم چەکانە هی تالآنی کاروانەکە نین.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢١**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

٢٧ی نیسانی١٩٣٢

لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە هاتووە کەوا شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی نیسانی ١٩٣٢ پەلێکی بەهێزی یاخیبووە چەکدارە کوردەکان پەلاماری بەتالیۆنی سێیەمی هێزەکانی عێراقیان داوە لە ناوچەی زۆزک. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەمبارەیەوە گەیشتوون، ٤٠ ئەفسەر لەوانە ٢ ئەفسەری بە بنچینە ئاسووری بەناوەکانی سارۆخان و دانیال ئەفەندی لە درێژەی ئەو شەڕەدا کوژراون. چەکدارە یاخیبووەکان هەروەها دەستیان بەسەر تۆپێک و ژمارەیەکی زۆر ئازووقەدا گرتووە. هەواڵەکان ئەوە دەگەیەن کەوا لە هەمان مێژوودا کاروانێک کە ئازووقە لە ناوچەی Tchélak دەگوازرێتەوە لەلایەن شێخ مستەفا، برای شێخی بارزانەوە ڕفێندراوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٢**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەیەکی چاک

٢٧ی نیسانی١٩٣٢

چەند دانوساندنێکی گەرم لەم چەند ڕۆژەی دوایی لەنێوان شێخی بارزان و خێڵە کوردییەکانی ڕەواندوز و سلێمانی بووە و لە ئەنجامدا ئەم دوو خێڵە وادەیان داوە کە بەم زووانە هاریکاریی شێخی بارزان بکەن. ئەمەی دوایی ئێستە کشاوەتەوە ناوچە هەرە سەختەکانی ناوچەکەی خۆی و لەوێوەوە بە بەردەوامی و یاخیبوویی پەلاماری لەشکری عێراق دەدات.

ئەو شکستانەی بەسەر هێزە نیزامییەکانیدا هێناوە ئەو دەرفەتە لەدەست نادات کەوا خێڵە کوردییەکانی تر بەرەو بارزان ڕابکێشێ. حکوومەتی عێراق کە بەم بزاوتە دەزانێ ئۆردووگایەکانی پۆلیس لە ڕەواندوز و سلێمانی بەهێز دەکات. بەگوێرەی زانیارییەک کە هێشتا دووپات نەکراوەتەوە بەتالیۆنێکی هێزەکانی لیڤیی ئاسوورییەکان لەژێر سەرکردایەتیی کۆلۆنێل براون(*) بەشداریی شەڕی کردووە و ئێستە هاریکاریی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای عێراق دەکات.

---

(*) Brown

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٣**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی سوپای دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

**لەبارەی بزووتنەوەی بارزانەوە**

سەرچاوەیەکی چاک

١ی ئایاری ١٩٣٢

هەواڵەکان ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا بڕێک ئەفسەری سوپای عێراق لە سۆنگەی نیشاندانی لایەنگیریی ڕاستەقینەیان لە بەرامبەر یاخیبووەکان فەسڵ کراون.

٣٦ فڕۆکەی پاڵپشتیی تازە بۆ گەلەکۆمەگیکردن لەلایەن بەریتانییەکانەوە هاتوون بە ئامانجی بەشوێندا چوونی ئۆپەراسیۆنەکان لە دەڤەری بارزاندا.

٩ فڕۆکە لە شوعەیبە (بەسرە)

٩ فڕۆکە لە ئوردن

٩ فڕۆکە لە میسر

٩ فڕۆکە لە عەدەن

بارەگای گشتیی هێزی ئاسمانی لە دیانە جێگیر بووە و لە هەولێر زەوییەک بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە ئامادە کراوە.

– سێ فڕۆکەی ئینگلیزی لەلایەن چەکدارەکان لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئایار بەردراونەتەوە.

– لە دەستپێکی مانگی ئایار لە بەغدا قاو وا بڵاو بووەوە کەوا حکوومەت پێشنیازی کردووە پرسی بارزان بەڕێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکات.

- ١٠ ئەفسەری توركی دژە-كەمالیست و چەند ئەفسەرێكی ڕووسی لە ڕیزی چەكدارانی بارزان دان.
- ئۆغوس بەگ و قەدری بەگ(*) (لە خێڵی گەردی (ڕەواندوز) پێوەندییان بەشێخ ئەحمەدەوە كردووە و هێزێكی هاوپشتیی ٦٠٠ جەنگاوەرییان بۆ دابین كردووە.

(*) Anghus Bey et Khadrin Bey

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٤**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

٤ی ئایاری ١٩٣٢

پێ بەپێ لەگەڵ بەرەو پێشوەچوونی سوپا بۆ ناوچە کوردییەکان، حکوومەتی عێراقی چالاکانە بەڕێوەبردنی وڵات دەگرێتەوە دەست. چەندین قەزا و ناحیە، بەهەمان شێوە چەندین خزمەتگوزاریی دووبارە تێدا کراوەتەوە و ئێستە لەسەر شێوەی باقی ناوچەکانی تری عێراق کار دەکەن.

ئەو فەرمانکارانەی دەستنیشان دەکرێن بۆ کارکردن لەو ناوچانە، لەوانە هەڵدەبژێردرێن کە زمانی کوردی دەزانن، کە لەمەودوا زانینی زمانی کوردی لە کوردستاندا ناچارییە.

دەسەڵاتکارانی عێراقی هەروەها نیازیانە چەندین دامەزراوەی گشتی بەتایبەتی دادگە، لە بارزان، مێرگەسوور و شێروان بکەنەوە، ئەو ناوچانەی کە تازە لەلایەن سوپای عێراقییەوە داگیر کراون.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٥**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

٨ی ئایاری ١٩٣٢

لە سەرچاوەیەکی چاکەوە ئەوە ڕادەگەیەنێ کەوا کەسێک بەناوی ئەحمەد کوڕی شێخ سدیق، لە خزمانی عومەرخان، ٢٢ی نیسانی ئەم مانگە(٥) بەسەرکردایەتیی ٢٠٠ کەس لە خێڵی "شکاک" سنووری عێراقی بڕیوە و پێوەندیی بە یاخیبووەکانی شێخی بارزانەوە کردووە.

ئەم فراکسیۆنە لە کاتی هاتنی لەسەر سنوور لەگەڵ مەفرەزەیەکی سوارەی تورک تێک گیر دەبن و دوای ئەوەی بیست کەسێک لە سوارەی تورک دەکوژن دەتوانن بەردەوام بن بێنە پێشەوە.

---

(٥) ئەم ڕاپۆرتە بە مێژووی ٨ی ئایار نووسراوە، بۆیە ڕاستییەکەی دەبوایە بنووسرێ ٢٢ی نیسانی مانگی ڕابردوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت ڕووداوەکە لە ٢٢ی نیسانی ١٩٣٢ بووە، وەرگێڕ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٦**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

**لەبارەی ڕاپەڕینی بارزانەوە**

سەرچاوەیەکی تا ڕادەیەک چاک

١٥ی ئایاری ١٩٣٢

لەو چەک و چۆڵەی کە لەم ئۆپەراسیۆنانەی دوایی لەلایەن سوپای عێراقییەوە لە دەستی یاخیبووەکان دەستی بەسەردا گیراوە کە لە ٦٠٪ی چەکەکان لە ڕووسیاوە هاتوون و لە بەرامبەردا تەنیا لە ١٠٪ یان بنچینەکەیان تورکییە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٧**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## دۆخی باکوری عێراق

سەرچاوەیەکی چاک

١٥ی ئایاری ١٩٣٢

کۆلۆنێل تۆفیق وەهبی، کوردی عێراق لە ١١ی ئایاری ١٩٣٢ گەیشتە بەیرووت ڕای گەیاند کەوا شێخی بارزان ئێستە بالادەستی دۆخەکەیە، بەڵام کاپیتان هۆلت، سکرتێری تایبەتی کۆمیسێری باڵوێزی بەریتانی، کە پێشتر سازشی لەگەڵ شێخ مەحموودا کردبوو هەر ئێستا کەوتووەتە گفتوگۆ لەگەڵ شێخ ئەحمەد و وا پێ دەچێ چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ بزووتنەوەی بارزان بدۆزێتەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٨**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

**بزووتنەوەی کورد لە عێراق**

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

١٧ی ئایاری ١٩٣٢

لە عێراقەوە هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا فایق تۆفیق بەگ، قایمقامی زێبار و بەکرە فەندیی موعاونی پۆلیسی ناوچەکە، لە کاتی تەفتیشی ناوچەکە پەلامار دراون و لە ٦ی ئایاری ئەم مانگە لەلایەن چەکدارە یاخیبووە کوردەکانی شێخی بارزانەوە کوژراون.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٩**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

٨ی حوزەیرانی ١٩٣٢

ناجی بەگ شەوکەت، وەزیری ناوەخۆی عێراق، ماوەیەک بەر لە ئێستە سەردانی لەشکری بەرەکانی شەڕی کردووە لە ناوچەی بارزان. دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا دۆخی سوپای لەو ناوچەیەدا بۆ حکوومەت شرۆڤە کردووە و بڕیاری دەست پێکردنەوەی شەڕی داوە بۆ کپکردنی ڕاپەڕینەکە بەر لەوەی گەرمای گەورە دابێت.

ئۆلیتماتیۆمێک کە داوای خۆبەدەستەوەدانی دەکات بەر لە ١٠ی حوزەیرانی ئەم مانگە بۆ شێخی بارزان، سەرۆکی یاخیبووەکان نێردراوە. هێرشێکی بەربڵاو و چاوەڕوانکراو بۆ ئەم مێژووە بەڕێوەیە لە حاڵێکدا ئەگەر ئەمەی دوایی ئۆلتیماتیۆمەکە ڕەت بکاتەوە.

لە چەند سەرچاوەیەک هەواڵەکان ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا بەردەوام کامپی هێزەکانی عێراقی لەلایەن باندەکانی شێخی بارزانەوە پەلامار دەدرێ.

حکوومەتی بەغدا لە ئاست ئەم ڕووداوانەدا بەهیچ شێوەیەک هیچ شتێک نادرکێنێ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٠**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

١٠ی حوزەیرانی ١٩٣٢

کاروانێکی بارهەڵگری هێستر کە نزیکەی ٥٠ هێستری بارهەڵگر بوون و ئەرکی گەیاندنی ئازووقەیان بۆ یەکەیەکی هێزەکانی عێراقی لە چیای سەحەق لە ئەستۆبوو کە لە ئۆپەراسیۆن دابوون، لە ٨ی ئەم مانگە لە دۆڵی مێرگەسوور لەلایەن یاخیبووەکانی شێخی بارزانەوە پەلامار دراون.

ئەم کاروانە بە تەواوی کەوتووەتە بندەستی یاخیبووەکان و ئەفسەرێک و چوار سەرباز کوژراون و پێنج سەربازیش لە کاتی شەڕەکە بریندار بوون. هەرچی زیانی یاخیبووەکانە زیانێکی سووکە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣١**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

**بزووتنەوەی کورد لە عێراق**

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

١٣ی حوزەیرانی ١٩٣٢

لە ٤ی حوزەیرانی ئەم مانگە چەکدارە کوردە یاخیبووەکان هەڵیان کوتاوەتە سەر پۆستێکی گرینگی عێراقی لە ناوچەی زاخۆ. دوای ٥ سەعات شەڕ، دەستیان بەسەر شوێنەکدا گرتووە و بەهەمان شێوە سێ مەتریۆلۆز، چەندین چەک-مەتریۆلۆز و بڕێکی زۆری تەقەمەنییان دەسکەوت بووە. چەکدارە یاخیبووەکان دەورەدراو بەو هێزانەی کە بۆ پشتگیری ڕەوانەی شوێنەکە کرابوون، دوای شەڕێکی سەخت توانیویانە دەربچن. لە هەردوولاوە زیانێکی گەلێک زۆر بووە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٢**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

١٧ی حوزەیرانی ١٩٣٢

ئاماژە بەوە دەکرێ کەوا کاپیتان هۆلت لە دەزگای هەواڵگریی ئینگلیز لە عێراق، سەرلەنوێ لە ٨ی حوزەیرانی ئەم مانگە چووەتە لای شێخی بارزان، سەرۆکی شۆڕشگێڕانی کورد.

هۆلت ئەرکی گفتوگۆکردنی لەگەڵ شێخی بارزان پێ سپێردراوە لەبارەی داخوازینامەکانی کورد و کۆتاییهێنان بە شەڕەکان.

لێبووردنێکی نوێ تاوەکو ٢٥ی تەمووزی داهاتوو وەک بەدیار دەکەوێ مۆر کراوە لە چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی وتووێژەکەدا.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٣**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣٢

دوو ئەفسەری هێزی ئاسمانیی بەریتانی کە لەوەتای دەستپێکی ڕاپەڕینی کورد لەلایەن شۆڕشگێڕەکانەوە دەستگیر کرابوون، لەلایەن شێخی بارزانەوە ئازاد کران.

ئەم ئەفسەرانە بەدوای ئەو گفتوگۆیانە ئازاد کراون کە کاپیتان هۆلت لە دەزگای هەواڵگریی ئینگلیزی لە عێراق، لەگەڵ شێخی بارزان بەڕێوەیان دەبات.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٤**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەیەکی چاک

٢٩ی حوزەیرانی ١٩٣٢

خۆبەدەستەوەدانی شێخی بارزان بۆ تورکەکان لە سۆنگەی هەڵەی ئینگلیزەکان بوو لە ئاست کوردەکان. ڕاستییەکەی ئینگلیزەکان لە یەک کاتدا وادەی کۆمەگیان بە کورد دەدا و لە هەمان کاتیشدا لەلایەن هێزی ئاسمانیی شاهانەشەوە بۆمباباران دەکران.

زیاد لەوە شێخی بارزان لەلایەن کاپیتان هۆلت وادەی ئەوەی پێ درابوو مانگانەیەکی ٥٠٠ ڕووپیەییی بۆ ببڕنەوە و گەرەنتی ساغ و سەلامەتیی ژیان بۆ خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکات و ئەگەر قەبووڵ بکات لە ئامێدی نیشتەجێ بکرێت.

لەلایەنی خۆیەوە تورکەکان وادەی زۆر وردتر و سەرنجڕاکێشتریان بەسەرجەمی خێڵەکە دابوو. بەهەرحاڵ تورکەکان هەنگاوهەڵگرتنی گواستنەوەی بنەماڵە کوردەکانیان بۆ ئەنادۆڵ هەڵوەشاندەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٥**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

٨ی تەمووزی ١٩٣٢

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە تورکیاوە گەیشتوون، شێخی بارزان، سەرۆکی ڕاپەڕیوە کوردەکانی عێراق کە بەم دواییە پەنای بردووەتە بەر تورکیا، ئێستە نێردراوە بۆ نشینگەی زۆرەملێ لە وان.

لەلایەکی ترەوە هەواڵەکان ئەوە ڕادەگەیەنن کەوا دەسەڵاتدارانی تورک دەستیان بەسەر سەروەت و سامانەکەیدا گرتووە کە بایی ٧٠٠٠٠ لیرەی زێڕی تورکییە کە لە عێراقەوە بەسەر پشتی دە هێستر لەگەڵ خۆیدا هێناویە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٦**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

نهێنی

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوەیەکی چاک

١٢ی تەمووزی ١٩٣٢

وا دیارە وێڕای خۆبەدەستەوەدانی شێخی بارزان کەچی لایەنگیرەکانی هێشتا ناوچەکەیان بەدەستەوەیە. لایەنگرەکانی لەلایەن تورکەکان هەتاوەکو یارمەتی دەدرێن و پشتگیریش دەکرێن.

فڕۆکەیەکی بەریتانی لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣٢ بەسەر ئەو ناوچانەی پێشتر سەر بە بارزان بوون سووڕاوەتەوە. حکوومەتی تورک بە دنەدانی یەکەتیی سۆڤیەت ڕێگەی بە بارزان داوە کە ڕێگە بدات لایەنگرەکانی لەژێر فەرمانی یەک لە دوای یەکی سەرۆکەکانیان کردەوەی خۆیان دژ بە عێراقییەکان ئەنجام بدەن.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٧**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

– نهێنی–

## سەردانی وەزیری گواستنەوە و ڕاگەیاندن بۆ دەڤەری بارزان

سەرچاوەی ئاسایشی گشتی

١٧ی تەمووزی ١٩٣٢

ئەمین زەکی بەگ، وەزیری کاری گشتی و پۆستە و تەلگرافی عێراق لە ١٠ی حوزەیرانی ئەم مانگە سەردانی دەڤەری بارزانی کردووە بۆ ئاگەداربوون لە ڕەوشی چەند پڕۆژەکاری بنیاتنان لەو ناوچەیەدا.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٨**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی سوپای دووەم

بەشی زانیاری

١٩٣٢-٨-٣

-نهێنی-

## بزووتنەوەی کورد لە عێراق

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

٢٧ی تەمووزی ١٩٣٢

حکوومەتی بەغدا داوای لە ئەنقەرە کردووە شێخی بارزان، سەرۆکی کوردە یاخیبووەکانی عێراق، کە ئێستە لە تورکیا پەنابەرە بداتەوە بەغدا.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٩**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

٢٨-٩-١٩٣٢

بەشی زانیاری

-نهێنی-

**بزووتنەوەی کورد لە عێراق**

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

١٩ی سێپتامبەری ١٩٣٢

شەش سەد بنەماڵەی کوردی دەوروبەری ناوچەی ڕەواندوز (عێراق) کە لە سۆنگەی ڕاپەڕینی بارزان پەنایان بردبووە بەر تورکیا، لەسەر خواستی خۆیان ڕێگەیان پێ دراوە لە ٥ی سێپتامبەری ١٩٣٢ بگەڕێنەوە بۆ عێراق.

شێخی بارزان لەگەڵ پازدە لە پیاوەکانی خۆی لە ئەنادۆڵ نیشتەجێ بووە.

**بەڵگەنامەی ژمارە:٤٠**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

- نهێنی-

## گەڕانەوەی یاخیبووە بارزانییەکان بۆ عێراق

سەرچاوەیەکی چاک

١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٣٢

لە کاتێکدا شێخ ئەحمەد بارزانی لەگەڵ یەکێک لە باوەڕ پێکراوەکانی خۆی لەلایەن حکوومەتی تورکەوە ڕەوانەی شوێنی نشینگەیی کراوە لە ئەدریناپۆل، هەموو ئەو بارزانییانەی بەگەڵی کەوتبوون ئێستا گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان لە عێراق. تێبینیی ئەوە کراوە کە لەگەڵ ئەوەدا پیاوە بەتوانا و چەکدارەکان توانیویانە بە دزییەوە سنوور ببڕن و خۆیان بگەیەنێننەوە ناو ئاواییەکانی چیاییان لە کاتێکدا تەنیا پیرەمێرد و ژن و منداڵەکان هاتوون بۆ ئەوەی بە ڕەسمی خۆیان بدەنەوە دەست دەسەڵاتکارانی عێراقی.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤١**

سەرکردایەتیی گشتیی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

## چالاکیی ڕووس لە کوردستاندا

سەرچاوەیەکی زۆر چاک

١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٣٢

ڕووسێک بە ناوی ستریک(*) کە گومانی ئەوەی لێ دەکرێ ئەفسەر بێت، هاتووە سەفەرێکی یەک مانگەی بەناو سەرۆکە کوردەکانی باکوری عێراقدا کردووە. یەک لە دوای یەک سەردانی سەرۆکەکانی بارزان و ڕەواندوزی کردووە. لە چوون و هاتنیدا بەبێ ئاگەداری دەسەڵاتکاران بەناو سنووری تورکیا-عێراقدا تێپەڕ بووە.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی تر، ستریک ناوی ئەم ڕووسە نییە، بگرە ئەمە ناوێکی خوازراوە یا ناوی ڕاستەقینە نییە، ستریک ئەو ناوەیە کە لە ناوچەکە پێی دەڵێن.

بەدواداگەڕانی وردەکارییەکان لەبارەی چالاکییەکانی ئەم کەسە بەردەوامن.

---

(*) Strick

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٢**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

١٩٣٣-٨-٤

-نهێنی-

## ڕادەستکردنەوەی ئەحمەد بارزانی بۆ عێراق

سەرچاوە: چاپەمەنیی فەلەستینی

ڕۆژنامەی: جامعة العربية

١٠ی تەمووزی ١٩٣٣

حکوومەتی تورک بڕیاری داوە ئەحمەد بارزانی ڕادەستی عێراق بکاتەوە. شێخ ئەحمەد هەفتەی ڕابردوو لە ئەسکی شەهر چووەتە ئەنقەرە و دیاربەکر و لە زاخۆوە دێتە ناو عێراق و لە یەکێک لە گوندەکانی بارزان دادەنیشێ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٣**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا
بیرۆی سوپای دووەم
بەشی زانیاری
٢٣-٩-١٩٣٣
-نهێنی-

## شێخ ئەحمەدی بارزانی

سەرچاوەیەکی دروستی کەسی
١٦ی سێپتامبەری ١٩٣٣

شێخ ئەحمەدی بارزانی کە ئێستە بە ئازادی لەگەڵ چەند هەوادارێکی خۆی لە مووسڵ دەژی مانگانە نزیکەی ٣٠٠ ڕووپییە لە حکوومەت وەردەگرێ و لەوانەیە گەرەنتیی دووبارە جێنشینکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی خێڵەکەی وەرگرتبێ.

شێخ ئەحمەد هەموو ئێوارەیەک بەشداری لە کۆبوونەوەی سیاسییەکانی "پارتی عەهد"دا دەکات کە لەوێوە دووپاتی هاریکاریی ئیسلامی دەکاتەوە و دەڵێ ئامادەیە بەشداری لە هەموو هەنگاوێکدا بکات دژی مەسیحییەکان.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٤**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

٢-٧-١٩٣٢

-نهێنی-

## پێکدادانی کورد لە عێراق

سەرچاوە: ئاسایشی گشتی

٢٧ی حوزەیرانی ١٩٣٣

هەواڵەکان ئەوە ڕادەگەیەنن کە لە مێژووی ١١ی ئەم مانگە پێکدا هەڵپرژانێک لەنێوان بەتالیۆنی دووەمی پیادەی عێراق بە پشتیوانیی چوار فڕۆکە و کوردەکانی خێڵی بارزان بە سەرۆکایەتیی *شێخ مستەفای* برای شێخی بارزان و *خەلیل خۆشەوی* ڕووی داوە.

لەم پێکدا هەڵپرژانەدا لە هەردوولا نزیکەی پازدە کوژراون و بیست کەسێکیش بریندار بوون. کوردەکان فڕۆکەیەکیان خستووەتە خوارەوە و فڕۆکەوانەکە کەسێکە بەناوی *قەساب باشی* کە کوژراوە و تەکنیکارەکەشی بریندارە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٥**

سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپا

بیرۆی دووەم

بەشی زانیاری

-نهێنی-

## چاوپێداگێڕانەوەیەک
## بەسەر عەقڵیەتیی ئێستای کوردەکانی عێراق

سەرچاوەیەکی چاک

دیسامبەری ١٩٣٣

ئێستەکە لە هەموو کاتێک زیاتر جیاوازیی جیدی لەنێوان لایەنە هەمەچەشنەکانی ناوچە کوردییەکانی عێراقدا هەیە.

یەکەم: لە ناوچەی سلێمانی، (کوردستانی خواروو-ڕۆژهەڵات)، هەستی نەتەوایەتی گەرچی تەواو تایبەتییە بەڵام زۆر بەزیندوویی ماوەتەوە. بێگومان شێخ مەحموود کە لە بەغدا گل دراوەتەوە ناتوانێ چیی تر لایەنگرەکانی کۆ بکاتەوە و چاوەدێریی ڕێکخستنیان بکات، بەڵام برایەکەی، شێخ عەبدولقادر بە هەموو شاراوەیی و توانایەکییەوە ئەم ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆی خۆی. تۆفیق وەهبی، دوورەدەست لە بەغدا، تا ڕادەیەک لە سۆنگەی ڕاگەیاندنی ئەوەی جاران متمانەی بەردەوامی بە پشتگیریی بەریتانییەوە هەیە بێ ئیعتیبار ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوی لە هەمووان دەستنیشانکراوترە بۆ شیمانەی پێوەندییەکی کەمینە نەتەوایەتیی مەسیحی و کوردەکان. کراوەیی و سینگ فراوانی بەگزادە کوردەکانی سلێمانی دنەیان دەدا

هاوپشتیوانیی هەموو بزووتنەوەیەکی کەمینە نەتەوایەتی وەکو بزووتنەوەی کورد بکەن و پێشوازی لە هاوبەندیی لای کوردەکانی خۆیان بکەن لە هاوپشتیی دەرەوە. ئەوە بەم شێوەیە پشتیوانی لە هەوڵەکانی بەدرخانییەکان (کۆواری "هاوار"، هتد..) دەکەن، گەرچی جیاوازیی دیالێکت لێرەدا بووەتە ئاستەنگ، کەچی پێوەندییەکی زۆر تەواویان لەنێواندا هەیە.

دووەم: لە ناوچەی مووسڵ - زاخۆ - ڕەواندوز -( کوردستانی ڕۆژئاوا).

هۆشیاریی نەتەوایەتیی کورد بە دەمارگیریی ئیسلامی شێواوە، سەرۆکە ڕاستەقینەکانی ناوچەکە برێتین لە سەرۆکە ئاینییەکان: شێخی زیوەی بریفکانی، شێخی بەهدینان، شێخ ئەحمەد بارزانی (ئەمەی دوایی کە پێی وابوو تێک ناشکێ، لە سۆنگەی شکستهێنانەکەی کەمێک بێ ئیعتیبار بووە)، هەروەها لەناو سەرۆک خێڵەکاندا، ئەوانەی کە ئیسلامێکی داخراو پیادە دەکەن لە هەموویان بەهێزترن، وەکو: سەعید ئاغا، سەرۆکی خێڵی دۆسکی (ناوچەی زاخۆ- ئامێدی-دهۆک) کە زۆر دوژمنی مەسیحییەکانە و زیانی زۆری بە ئاسوورییەکان گەیاندووە. ڕاستییەکەی ژمارەیەکی تا ڕادەیەک زۆری وەک حازم بەگ و ئامۆزایەکانی ڕەشید و حاجی ئاغا، لە بنەماڵەی شەمدینانی زاخۆ، هاوسۆزی مەسیحییەکانن و هاوینی ڕابردوو تەدەخولیان کرد بۆ ڕێگری لە قەتڵوعامی مەسیحییەکان. بەڵام نفووزیان تەواو ناوچەییە: ئەوانەی شێخەکانی بریفکانی، کە لە سەرێکی ترەوە زۆر دەوڵەمەندن تا ڕەواندوز و تاوەکو هەرێمی کوردیی هەکاری و بۆتان درێژ دەبێتەوە و لە سەرێکی ترەوە حکوومەتی عەرەبی بەغدا هاوپشتییان لێ دەکات، کوردەکانی ئەم ناوچەیە لە سۆنگەی فەناتیزمی ئیسلامییان لەبەر پیلانگێڕییان لەگەڵ ئەرمەنییەکان و هاوسۆزییان بۆ مەسیحییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەچاوی سووک سەیری کوردەکانی سووریا (بەدرخانییەکان،

بنەماڵەی حاجۆ، هتد...) دەکەن. ئەوان (کوردەکانی سووریا) هەتا لە کوردەکانی سلێمانی نزیکن و نوێخواز و بێ ئاینن و وێڕای ئەوەی کە دیالێکتیان لەوان جیاوازە.

پەرەسەندنی هۆشیاریی کوردەکانی ئەم ناوچەیە دەشێ لەگەڵ ئەوەشدا ڕەقەکار بێ و دۆخەکە وا دیارە ئەو هێندە لەبار نەبێ تا بەقازانجی حکوومەتی بەغدا بشکێتەوە. لەناوبردنی گرۆی ئاسوورییەکان هەر بەڕاستی دەست پێ کردووە، لەسەر شێوەی هەمان فۆرم یان یەکێکی تر گرۆی کورد و عەرەب بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە. ئەوساکە جیاوازیی بەرژەوەندییەکان بەدیار دەکەون. ئەو کاتە بچووکترین دەستبردن بۆ ئیمتیازاتی ئاریستۆکراتی ئاینیی کورد گێژاوێک دەنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی عەرەبی بەغدا لە ڕووی لۆجیکییەوە ناتوانێ لێ بگەڕێ ئەم دەسەڵاتە ناوەخۆییە فیۆداڵە تا سەر بەردەوام بێ.

فەسڵی دووەم

# ڕاپەڕینی دووەمی بارزان

له بەڵگەنامه نهێنییەکانی

هەردوو وەزارەتی جەنگی و وەزارەتی دەرەوەی
حکوومەتی فرەنسادا

١٩٤٣-١٩٤٩

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٦**

شوباتی ١٩٤٤(*)

## مێژووی دواین شۆڕشی کورد

" کە دەرچووین هەر تەنیا پێنج سەد کەس بووین..."

ساڵی ١٩٣٢ شۆڕشێک لە کوردستانی عێراق لە باکور-ڕۆژهەڵات لەناو خاکی خێڵی بارزان هەڵگیرسا. بزووتنەوە چەکدارییەکە دژ بەدەسەڵاتی حکوومەتی بەغدا و لەژێر سەرکردایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی بوو کە بەم زووانە پێوەندیی بە سەرۆکی ئاینیی شێخ مەحموود کرد کە بەناوبانگە بەوەی ساڵی ١٩٢٧ شۆڕشی هەڵگیرساند و لەو ساتەوە پەنای بردووەتە بەر ئێران. ئەو ڕاپەڕینە کە لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە ڕێبەرایەتی کرا لەلایەن سوپای عێراقییەوە بە کۆمەگیی هێزەکانی بەریتانیا سەرکوت کرا. شێخ ئەحمەد و شێخ مەحموود و هەروەها خێزانی شێخ ئەحمەد خرانە نشینگەی زۆرەملێ لە ناسریە لە پارێزگای مونتەفیک. براکەی شێخ ئەحمەد، شێخ مستەفا بارزانی لە سلێمانی خرایە ژێر چاوەدێرییەوە.

بە هەڵگیرسانی هەراکەی ڕەشید عالی گەیلانی، شێخ مەحموود دەرفەتی ئەو پشێوییەی قۆستەوە کە باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو بۆ ئەوەی ڕابکات بۆ ئێران و کە بێگومان ئێستاش هەر لەوێدا دەژی و لە چاوەڕوانیی کاتی گونجاوە. کردەوەی ڕەشید عالی گەیلانی تەواو بوو، هەموو ئەوانەی کە دوای کۆتاییهاتنی یاخیبوونەکە نەڕۆیشتن بۆ هەندەران بەخشران. شێخ ئەحمەد بارزانی و ١٨ بەگزادەی کە لەگەڵیدا بوون هەموویان دوور بوون لە هەوڵەکەی

(*) ئەم ڕاپۆرتە هیچ مێژوویەکی بەسەرەوە نییە و نەنووسراوە لە چ ڕۆژ و ساڵێکدا نووسراوە، بەڵام بەگوێرەی بەدواداچوونی ڕووداوەکان بێت دەبێ لە مانگی شوباتی ١٩٤٤ یان لە مانگی ئاداری ١٩٤٤ نووسرابێت، وەرگێر.

ڕەشید عالی، کەچی ئەم بەخشینە ئەوانی نەیگرتەوە. ئەم ڕەوشە لە ئەیلوولی ١٩٤٣ پاڵی بە شێخ مستەفا بارزانییەوە نا کە نەتوانێ چیی تر بەرگەی ئەم نادادپەروەرییە بگرێ لە بەرامبەر برا، خێزان و بەگزادەکانی خێڵەکەی، بۆیە لە سلێمانی ڕای کرد بۆ ئەوەی بچێتە کوردستانی ئێران و لەوێدا لە ناوچەی سنە پەنای بۆ لای قەرەنی ئاغا برد و داوای هاریکاری و کۆمەگی لێ کرد بۆ پرسە ڕەوایەکەی. بارزانی ڕوونی کردەوە کە نیازی وایە بگەڕێتەوە سەر خاکی خێڵەکەی خۆی و بە کۆمەگی پێشمەرگەکانی شەڕ بکات تا ئەو کاتەی دادپەروەری دەگەڕێتەوە بۆ خێڵەکەی. قەرەنی ئاغا سێ چەک و ٤ ئێستری پێ دەدات و لەگەڵیدا هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێ لە پرۆژەکەیدا.

بەم شێوەیە شێخ مستەفا، بە هاوەڵیی دوو لە دەست و پێوەندە دڵسۆزەکانی(٦)، چەکدار وەکو خۆی سواری پشتی ئێسترەکانی قەرەنی ئاغا بوو، بۆ شەڕی ئازادکردنی گەلەکەی دەرچوو. هەر لەگەڵ گەیشتنی بە بارزان یەکەمین هەوڵی برێتی بوو لە نووسینی دوو نامە بۆ قایمقامی ناوچەکە، یەکێکیان بۆ حکوومەتی عێراقی و ئەوی تریان بۆ کاربەدەستی باڵای ناوچەکە (قایمقام) نووسرابوو بۆ ئەوەی تکای لێ بکات بۆ گەیاندنی نامەی یەکەم. لەو نامەیەدا کە ئاراستەی حکوومەتی بەغدای کردبوو، شێخ مستەفا شرۆڤەی حاڵەتی براکەی و ماڵە شێخەکانی خێڵەکەی دەکات. بارزانی زۆر بە ڕێزەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیدی هیچ بیانوویەک نەماوەتەوە بۆ ئەوەی شێخ ئەحمەد لە نشینگەی زۆرەملێ بهێڵرێتەوە چونکە کەسانێکی تر کە زۆر خیانەتی گەورەیان ئەنجام داوە و لەگەڵ ڕەشید عالی و دوژمن ڕێک کەوتبوون سوودیان لە لێبووردنی حکوومەت وەرگرتووە.

حکوومەتی بەغدا گوێی خۆی کەڕ کرد، مستەفا هاتە سەر نامەی دووەم، پاشان نامەی سێیەمیشی نووسی بەبێ ئەوەی هیچ سەرکەوتنێکی هەبێ. لە

(٦) ئەم دوو کەسە برێتی بوون لە دوو هاوەڵی بارزانی بەناوەکانی: مستەفا و سلێمان، بڕوانە، مسعود بارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الجزء الأول، دار رابطة كاوا، بيروت، ١٩٧٧، ص٧٩.

بەرامبەر بێ وەڵامیی بەغدا کە وەک شەرم حسێبی بۆ کرد، ئەو کاتە شێخ مستەفا گەیشتە ئەو قەناعەتەی پەنا بۆ هێز ببات بۆ بەدیارخستنی نیازی خۆی و گەیشتن بەوەی تەواو بە مافی خۆی دەزانی. ئا ئەوەتا لەگەڵ دوو لە دەست و پێوەندەکانی، بە چوار ئێستر و سێ چەکی قەرەنی ئاغا بۆ شەڕ ڕۆیشت. هێرشەکەی بە پەلاماردانی نزیکترین بنکەی پۆلیس دەستی پێ کرد و تێیدا ئەو شەش کەسەی لەوێدا بوون چەک کرد. چەکخانەکەی ئەو کاتە شەش چەک و شەش جلی پۆلیسی و لە ڕیزی لەشکرەکانیشی شەش شەڕوانی نوێ زیاد دەکات. دواتر هەڵدەکوتێتە سەر دووەمین بنکەی پۆلیس و پێنج چەک بەردەست دەخات کە بێگومان واتە پێنج پێشمەرگەی زیاتر. سوپاکەی شێخ مستەفا ئەو کاتە دەست بە ئۆپەراسیۆنێکی گرینگتر دەکات و بنکەیەکی بەهێزی پۆلیس کە ٥٠ پۆلیس بوون زۆر بە سووک و سانایی بە دیل گیرا. بە بەرگی جاندرمەییەوە، مستەفا و پێشمەرگەکانی بە ئارامی دەچنە ناو مەخفەر و بە هەڕەشەی چەک دەست بەسەر ٥٠ چەک و جلوبەرگی ٥٠ جاندرمەدا دەگرن کە پۆلیسەکان هێرشبەرەکان دەناسن خۆیان لەوە بەدوور دەگرن کەمترین دەنگی ناڕەزایی بەرز بکەنەوە. بەدەر لە دوو بنکەی پۆلیس کە بەتەواوی بەرگرییان کرد و گەمارۆدانیان کاتێکی زۆر و قوربانییەکی زۆری دەویست، هەموو بنکەکانی جاندرمەیی یەک لە دوای یەک کەوتنە بن دەستی یاخیبووەکان.

لەم ماوەیەدا حکوومەتی عێراق دەمودەست هێزەکانی لەشکری نیزامیی بۆ سەرکوتینەوەی یاخیبووەکان ڕەوانە کرد. شێخ مستەفا ئێستە شێست چەکێکی لە بندەستە و بڕیاری شەڕ دەدات. هەر لەگەڵ یەکەم تەقەوتۆق، بەشی زۆرترینی ئەفسەرە کوردەکانی لەشکرکێشییە تەمێکارییەکەی حکوومەت بەخۆیان و چەکەکانیان لەوانە ژمارەیەک میترالیۆز(٧) چوونە پاڵ سوپاکەی مستەفاوە. ڕەوشەکە خەریک بوو وەرچەرخانێکی زۆر جیدیی

(٧) چلەمین یەکەی کارای سوپای نیزامیی عێراقی کە خۆی لە ٤٠٠٠٠ سەرباز دەدات لەوانە ٤٠٠ ئەفسەریان کوردن.

بەخۆوە دەگرت.

لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر مستەفا و پیاوەکانی بە خێرایی تا سنووری هەرێمی ڕەواندوز ڕۆیشتن. لەو کاتە حکوومەتی عێراق، زۆر تۆقی بوو و هیچ چارەسەرێکی لە بەردەمدا نەمایەوە جگە لەوەی جارێکی تر داوا لە بەریتانییەکان بکاتەوە کە بێنە ناوەوە. بەریتانییەکان نێردراوێک مێجەر ستیلینگ، هاوڕێی نزیکی کوردەکان کە بە تەواوی بە کوردی قسە دەکات دەنێرن تا بە شێخ مستەفا ڕابگەیەنێ کارەکە زۆر لە سنووری خۆی ڕەتی کردووە و دەبێ لێرەدا هێرشە سەرکەوتووەکانی لەشکرەکەی بوەستێنێ. لەلایەن خۆیەوە حکوومەتی عێراق ئەویش نێردراوێک، ماجید بەگ، کە کوردە و ئێستە لە حکوومەتی کابینەی نوێدا وەزیرە ڕەوانەی لای یاخیبووەکان بکات بۆ ئەوەی وتووێژ لەبارەی وەستانی شەڕەوە بکات.

لە بەرامبەر ئیعازی بەریتانیدا، شێخ مستەفا هێرشەکانی ڕاگرت و ماجید بەگ داوای لێ کرد بچێتە بەغدا بۆ ئەوەی بە کەسیی خۆی گفتوگۆی مەرجنامەکانی ئاگربەستەکە بکات. سەرۆکی کورد ئەوەی بەمەرجێک قەبووڵ کرد کە شێخ ئەحمەدی براکەی و ١٨ ناوداری خێڵەکەی دەمودەست بگەڕێنەوە بۆ بارزان، مەرجێک کە هەر لە مەیدانەکە لەلایەن مفاوزی عێراقییەوە قەبووڵ کرا. شێخ مستەفا و ٢٠ کەس لە ناودارانی کورد و هاوەڵ و پێشمەرگەکانی چوون بۆ بەغدا و لەوێدا دوای گفتوگۆیەکی دوور و درێژی عادەتیی بە نزیکەیی ئەم مەرجانەی ئاگربەسیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا سەپاند:

١- هەموو کارمەندە عێراقییەکان، بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیشەوە دەبێ خاکی بارزان جێ بهێڵن و فەرمانبەری کورد جێگەیان بگرنەوە.
٢- حکوومەتی عێراقی نابێ چیی تر دەست لە پرسگەلی تایبەت بە خاکی بارزان وەربدات.
٣- هەموو تفەنگەکان، چەک و چۆڵ و فیشەکەکان بەو دە تا دوازدە

میتڕالیۆزەشەوە کە بەشێکیان لە سوپای عێراقییەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو لەژێر دەستی سەرۆکەکانی بارزان دەمێننەوە.

٤- ژمارەی سەربازەکانی ئۆردووی ئەو بنکە جاندەرمەییانەی خاکی بارزان کە پەلامار نەدراون دەبێ بەهەمان شێوەی بنکەکانی جاندەرمەری نیوەی کورد و نیوەی عێراقی بن.

ئەم مەرجانە قەبووڵ کران و شێخ مستەفا و ٢٠ سەرناسە کوردەکانی دارودەستەکەی بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە بۆ بارزان. جگە لەوە لەلایەن حکوومەتی عێراقیشەوە بڕێک گەنم و جۆ و ئازووقەی خواردەمەنییان وەرگرت.

کەمێک دواتر حکوومەتی بەغدا بە شێخ مستەفای ڕاگەیاند کە نیازی وایە داوای لێ بکات ئەو چەکانەی کە لە بنکەکانی جاندەرمەری سوپای عێراقییەوە دەستی بەسەردا گرتوون بیانگێڕێتەوە بۆ حکوومەت. شێخ مستەفا لە گەڕانەوە بە بەغدای ڕاگەیاندبوو ئەگەر لە حاڵێکدا ئەو فەرمانەی پێ ڕابگەیەنرێ ئەوا ناچار دەبێ بە "نەخێر" وەڵام بداتەوە.

وەک ئاغایەکی گەورەی کوردانە، شێخ مستەفا دواتر ٢٠ پارچە چەک و ٢٠ ئێستری وەکو گەواهی بۆ منەتباری بۆ ئەو یارمەتییەی چەند مانگ پێشتر پێی بەخشیبوو بۆ قەرەنی ئاغا ناردەوە.

تۆماری دواین شۆڕشی کورد لەم مێژووەوە لێرە کۆتایی دێ. شێخ مستەفا بەم شێوەیە سەربەخۆییەکی بۆ خێڵەکەی وەگیر خست کە هەرچەندە نسبییە بەڵام ئەو هێندە کەم کاریگەر نییە. بۆ ئێستە هێمنی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە بەڵام داخۆ کەینێ ڕاپەڕینی داهاتوو بۆ ئازادکردنی سەربەخۆیی کورد زیاتر تەواوتر دەست پێ دەکات؟؟

L.V.R(*)

(*) بەداخەوە نەمانتوانی ئەم ناوی نووسەری ئەم ڕاپۆرتە ساغ بکەینەوە، وەرگێڕ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٧**

بەغدا ١١ی دیسامبەری ١٩٤٤

ژمارە: R/92

- نهێنی-

کۆپی بۆ: وەزارەتی دەرەوە-پاریس

کابینەی سیاسی، بەیرووت

یاداشتنامە بۆ بەڕێز نوێنەری گشتی و

وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات

**لەبارەی کوردستانی عێراقەوە**

دەگەڕێمەوە سەر یاداشتنامەی ژمارە ٨٧م ڕۆژی ٤ی ئەم مانگە.

پشێوی لە کوردستانی عێراق دەستی پێ کردەوە. سەرۆکی کورد، مەلا مستەفا، ئێستە قەزای ئامێدیی لە باکوری مووسڵ بەدەستەوەیە کە لەوێدا فەرمانبەرەکانی لیوای مووسڵی وەدەرناوە. پشێوییەکە مەترسیی ئەوەی هەیە زیاتر بەلای ڕۆژهەڵات قەزای ڕانیە و ڕەواندوز، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ لەسەر سنووری عێراق - ئێران ناوەندی چالاکیی ئاژانە نهێنییەکانی ڕووس بگرێتەوە. ڕەوشەکە بە جیدی دەسەڵاتکارانی ئینگلیز و عێراقی سەرقاڵ کردووە و وا باوەڕ دەکرێ هێزەکانی بەریتانیا بەشداری لە داپڵۆسینەوەی ئەم پشێوییەدا بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە پەلوپۆهاویشتنی بزووتنەوەی جیاوازخوازیی کورد کە لە دۆخی ئێستەدا مەترسییەکەی ترسناکە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە عێراق.

ئیمزا

ڕاسام

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٨**

بەغدا، ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥

ژمارە: R 5

یاداشتنامە بۆ بەڕێز نوێنەری گشتی و

وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات

بەیرووت.

## لەبارەی کوردستانی عێراقەوە

دەگەڕێمەوە بۆ سەر ڕاپۆرتی ١٤ی نۆڤەمبەری دواییم لەبارەی یاخیبوونی کوردەکانی عێراقەوە.

ئەم پرسە بوو بەسۆنگەی گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش لەناو هۆڵی پەرلەمان لە ٩ی ئەم مانگە لەو کاتەی دەنگ لەسەر دابینکردنی بڕە پارەیەک درا کە زیاتر لە ١٠٠٠٠٠٠ دینار بوو بۆ ڕووماڵکردنی خەرجیی پێویست بۆ هەڵمەتی سەربازیی هاوینی ڕابردوو.

شەرەفی ئەوەم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیە بۆ بەڕێزتان، بۆ زانیاری ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیەتان بۆ بنێرم کە دووپاتەی بەرەنجامەکانی ڕاپۆرتی ناوبراوم دەکاتەوە.

بەم بۆنەیەوە حکوومەت زۆر بە توندی ڕەخنەی لێ گیرا وەک ئەوەی لە کابینەی پێشوو گیرا بەوەی زۆر دڵئاوایانە بووە بەرامبەر بە مەلا مستەفا و لایەنگرەکانی. بڕێک لە پەرلەمانتارەکان بەم بۆنەیەوە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا سوپای عێراق پێشتر لە بودجە (٥) ملیۆن دیناری وەرگرتووە کە بە نزیکەیی تەواوی ئەو پارەیەی لەم هەڵمەتەدا خەرج کردووە بەبێ ئەوەی بتوانێ سەرکوتی بکات. لەوەدا دەرکەوتووە حکوومەت ناچار بووە بانگی هێزەکانی پۆلیس و هێزە غەیرە نیزامییەکان بکات کە لەناو خێڵەکان بەسەرباز کراون

بەڵام وێڕای ئەم بڵاوبوونەوەی هێـزەکـان و زیانی سـەدان کـوژراو و بـریندار، کەچی مەلا مستەفا بە ساغ و سەلامەتی دەرچووە.

وەزیـری نـاوەخـــۆ بـەم بـۆنـەیـەوە دووپـاتـی دەکــــاتـەوە کــــەوا داوایـەکی بەدەسـتـەوەدانی مـەلا مـسـتـەفـای ئاراسـتـەی حکوومـەتی ئێـران کـردووە، بەڵام مـسـتـەفـا بـەگ ئەلعـەمری نەیتـوانی زانیـاری بدات بە پرسـیـارکـارەکـان داخـۆ تاران چ وەڵامێکی بۆ هـەوڵەکانی عێراق هـەیە لەبارەی مەلا مستەفاوە.

ئیمزا

ڕاسام

بەغدا، ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥

## گفتوگۆی پەرلەمان لەبارەی شۆڕشی کوردیی بارزانەوە

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەرجیی زیادەی پێویست لە شۆڕشی مەلا مستەفا لە باکوری عێراق، لە ئامادەنەبوونی پەرلەمان کە لە پشوودا بووە، ئەنجوومەنی وەزیران ناچار بووە مەرسوومێکی تایبەت بۆ خەرجییەکان بڵاو بکاتەوە. ئەم تێکستە بۆ پەسندکردنی دواتر خراوەتە بەردەم پەرلەمان. تێکستی ئەم یاسایە ئەم گفتوگۆیانەی بەشوێندا هات:

*ئیبراهیم عەتارباشی:* ئەم شۆڕشە میراتێکە لە کابینەی پێشووەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەگەر کابینەی پێشتر مەلا مستەفای لە ڕۆژی هەڵهاتنی بۆ شوێنی پەنابەری دەستگیر بکردایە ئەوا شۆڕشەکە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانیەوە دەخنکێنرا. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتەی لەلایەن حکوومەتی پێشووەوە پیادە کراوە: ئەم حکوومەتەی دوایی هەموو داوایەکانی مەلا مستەفای بەدی دەهێنا، هەڵبەت چەک و فیشەکی پێ نەداوە، بەڵام مەلا مستەفا ئەو کەرەسە خواردەمەنییانەی حکوومەت پێی داوە فرۆشتوویەتییەوە و توانیویە بەم شێوەیە چەک و فیشەک بکڕێ.

ئەگەر حکوومەت هەر لە سەرەتاوە خەمی بوایە سیاسەتێکی توندی پیادە بکردایە ئەوا شۆڕش هەڵنەدەگیرسا. بەڵام حکوومەت هەر بەردەوام بوو لەسەر هەمان سیاسەت تاوەکو ئیستقالەدانی، وەختایەکیش حکوومەتی ئێستەکە گەیشتە دەسەڵات، بەشوێن هەمان سیاسەتی حکوومەتی پێشوودا چوو وێڕای ئەوەی کەوا چەند وەزیرێک نارەزاییی خۆیان لە سیاسەتی کابینەی پێشوو نیشان دا: بەم شێوەیە یاسایەکی لێبووردنی گشتی بە قازانجی یاخیبووەکان دەرچوو.

ئەم هەنگاوهەڵگرتنە دڵئـــاوایانەیە هیـچ ئەنجـــامـــێکی نەبوو جگە لە خراپترکردنی دۆخەکە. بارزانییەکان دەستیان کرد بە خۆچەکدارکردن، بەبێ ئەوەی یاسا و حکوومەت لە بەرچاو بگرن. حکوومەت لە ڕێگەی پۆلیس و سوپا ناچار بوو شەڕێکی سەختیان لەگەڵدا بکات. چەکدارە یاخیبووەکان شکان و ڕایان کردە ئەودیوی سنوورەکان. ئەم ڕووداوە دەشێ وەکو سەرکەوتنێک بۆ حکوومەت لێک بدرێتەوە، جگە لەوەش کوردەکانیش وازیان لەم بزووتنەوەیە هێنا، بەم شێوەیە بەڵگەی پابەندبوونیان بە یەکێتیی عێراقەوە بەدەستەوە دا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە پرسەکە بەشێوەیەکی یەکجارەکی کۆتایی هاتووە.

هۆیەکانی ئەم یاخیبوونە چەکدارییە فرەن: پیلانی ئەوانەی کە لەناو ئاوی لێلدا ڕاوە ماسی دەکەن و ناشایستەییی فەرمانکارە ئیدارییەکان. بۆیە دەبێ فەرمانکارەی دڵسۆز و دەستپاک بۆ ناوچەکە دابنرێ و دامەزراندنی بنکەی پۆلیس لەو ناوچانەدا. هەرچی سەبارەت بە خەرجییەکانە نابێ خەزێنە بەبێ خستنەوە جێگەی خەرجییەکەی بەئەستۆ بگرێ.

*جەعفەر هەمەدانی:* هێندێک کەس دەتوانن داوا بکەن بۆچی من دژی پەسندکردنی ئەم مەرسوومەم. ئەوە ڕاستە کەوا ئەرکی حکوومەت داپڵۆسینی هەموو بزووتنەوەیەکی هەڕەشەکارە بۆ سەر ئاسایش و نیزام و بەم شێوەیە دەکرێ وا دابنرێ لەمبارەیەوە حکوومەت بەشێوەیەکی ڕاست ئەرکی خۆی بەجێ هێنابێ. سوپا هەموو ساڵێک لەسەر بودجەی حکوومەت ٥,٠٠٠,٠٠٠ دینار دەکەوێ. ئێمە دەزانین کەوا حکوومەت نزیکەی هەموو سوپای خۆی ناردووەتە ناوچە هەڕەشە لێکراوەکان و زیاد لەوەیش ژمارەیەکی بێ ڕادەی پیاوانی پۆلیس. گەرچی یاخیبووە چەکدارەکان بە ژمارە زۆر کەمن، کەوایە بۆچی سوپا ناچار بووە پەنا بباتە بەر هێزی غەیرە نیزامی؟

مەلا مستەفا پێش شۆڕشەکەی لە ناوچە هاوسێیەکان دەسووڕایەوە و تاوەکو دهۆک چووە. من هەتا ئەوەشم زانیوە کەوا مۆڵگەی قەزای دهۆک

بەحکوومەتیان ڕاگەیاندووە کە دەتوانن بیگرن کەچی حکوومەت دژی بووە. ئایا ئەمە ڕاستە؟

*سەید محەمەد ئەلنەقیب:* داوا لە حکوومەت دەکەم وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

١- ئایا حکوومەت داوای لە حکوومەتی ئێرانی کردووە مەلا مستەفا، شێخ ئەحمەد و یاخیبووە چەکدارەکانی تری بەدەستەوە بدات؟

٢- ئەو هەنگاو هەڵگرتنانە چین کە حکوومەت ناوییە بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوە؟

*سەلام نامیق:* دەبێ ئێمە زۆر بە جدییەوە لەم پرسە بکۆڵینەوە. شۆڕشەکانی بارزان لە ڕابردوودا داخوازییەکی تەواو ناوچەیی بوون: کە بریتی بوون لە ڕاپەڕینگەلێک دژی دۆخ و بەڕێوەبەرایەتیی ناوخۆیی. برێک جار ئەم ڕاپەڕینانە ئامانجی سیاسییان هەبووە کە کوردەکان بە تەواوی پێی نامۆ بوون.

ئێستەکە ئەم هۆکارانە نەماون. ڕووداوەکانی دوایی وەرچەرخانێکی ترسناکیان بەخۆیەوە دەبینی ئەگەر حکوومەت پەلەی نەکردبوایە لە داپلۆسینی و ئەگەر سەرۆکە کوردەکانی تر نەچووبانایە پاڵ حکوومەتەوە. حکوومەت دەبێ بە جیدی کار بۆ نەهێشتنی ئەو فاکتۆرانە بکات کە بوونەتە سۆنگەی نارەزایی لە ناوچە کوردەوارییەکاندا.

شۆڕشی بارزان هێشتا بەشێوەیەکی بنەبڕ کۆتاییی نەهاتووە. مەلا مستەفا ڕای کردووە، ئەوە ڕاستە، بەڵام دەتوانێ لە بەهاری داهاتوو بگەڕێتەوە. ئایا حکوومەت ڕێوشوێنی پێویستی گرتووەتە بەر؟ من داوا دەکەم لە ڕووی شارنشینی و ڕەوشی بژێویی ڕیفۆرمێکی گشتی لە ناوچە کوردەوارییەکان بکرێ، چونکە کوردەکان بەشێکن لە گەلی عێراق.

*سەید عەلی ئەلئیمام:* سوپاسی حکوومەت دەکەم بۆ ئەوەی کردی، بەڵام

دەپرسم بۆچی یەکەم جار بەخشندەییی بەکار برد لە بەرامبەر باندێکی تاوانکار: بەشێوەیەک کە ئەوانەی دوایی ئەم هەڵوێستەیان لەلایەن حکوومەتەوە وەکو لاوازی لێک دایەوە. ئەوە مایەی داخە کە تێبینی دەکرێ حکوومەتە جیاوازەکانی عێراق لە کاتی هەر شۆڕشێکدا وا دەبینن مامەڵە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی توندڕۆ یان جیاخواز دەکەن. خەڵکی باکور بە هیچ شێوەیەک یارمەتیی جیاخوازی نادەن، بەهەمان شێوە پرسی کوردیش بوونی نییە.

عێراق یەکەیەکی پارچە نەکراوە. گرینگ نییە بۆ گەل ئەم وەزیرە موسڵمانە، مەسیحییە یا جوولەکەیە یان سونییە، شیعەیە، کوردە یان عەرەبە. ئەوەی بۆ ئەو گرینگە، وەزیری پێوەند دادپەروەری بۆ هەمووان دابین بکات و بۆ خۆشگوزەرانیی گشتی کار بکات. ئەوەیان ئەو ڕاستییەیە وێڕای ئەوەی کە وا دیارە بۆ ئێوە قورس دیار بێ.

*سەعد ساڵح:* ئەم پرسیارەی خوارەوە لە پیاوێکی رووناکبیر و چاپلووس کرا: "بۆچی حکوومەت ئەو هێندە دوا دەکەوێ لەوەی لەشکر دژی یاخیبووەکان بنێرێ؟". " ئەوە چونکە ئەم دواکەوتنە ژیانی کابینەی حکوومەت درێژ دەکاتەوە و لە چەند سەرێکی تریشەوە بۆ ئەو قازانجبەخشە"، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە. ئەگەر حکوومەت قازانجی لەم ڕەوشە کردبێ یان نە، بەڵام بێگومان کردەیەک بەشێوەیەکی کەڵەکەبوو ماوەتەوە: وڵات تووشی زەرەر و زیانێکی زۆر بووە. ئێمە خۆشحاڵ دەبین ئەگەر لەگەڵ ئەم زەرەر و زیانانەشدا بە ئەنجامگەلی کۆتایی گەیشتبێت. سەدان بریندار و کوژراومان بوو، یەک ملیۆن دینار خەرج کرا، چەند میدالیاگەلێک دابەش کران کە هەتا داکۆکیکارانی ستالینگرادیش وەریان نەگرتبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەکدارە توانی ڕابکات. هەرچی سەبارەت بە حکوومەتە کە بەوە دەنازێ بەوەی شۆڕشەکەی داپڵۆسیوە، وەک ئەوەی بەتەواوی شۆڕشەکە تەواو بووبێت.

من دەترسم بەڕێزان کەوا قسەکانم بە خراپی لێک بدرێتەوە. بڕێک دەتوانن باوەڕ بکەن – یان کەسانی تر باوەڕ پێ بکەن– کەوا من دژی کردنەوەی قوتابخانە و ڕیفۆرمم لە ناوچەی باکور. نەخێر، من نەمویستووە ئەوە بڵێم. ئەوە تەنیا باکور نییە کە پێویستی بە ڕیفۆرمە، چونکە بەڕێوەبەرایەتیی خراپ هەر بەتەنیا لەوێدا کاری خراپ ناکات. ناڕەزاییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بە هەمان شێوەی باکورن: ئەوە لێرەوەیە پرسێکی عێراقییە کە پێویستیی بەچارەسەرکردنە. من ئەم وشانە دەڵێم بۆ سەرنجڕاکێشانی برا کوردەکانم لەسەر ئەو ڕاستییەی من بە هەمان شێوە داوای چاوەدێریکردنی لیوا عەرەبییەکان دەکەم بە هەمان شێوە داوای چاوەدێریکردنی لیوا کوردییەکان دەکەم. هەروەها دەمەوێ وریایان بکەمەوە دژی هەڵپەرستە عەرەب و کوردەکان کە دەیانەوێ بە هەموو شێوەیەک بگەنە دەسەڵات. بەڕێوەبردنێکی چاک لە وڵات دانارێژرێ تەنیا ئەگەر بەڕێوەبردنی خراپ نەهێڵێ و پۆستە وەزارەتییەکان لەلایەن کەسانی دروستکار وەرنەگیرێن.

*ئەحمەد ئەلجەلیلی:* ئەو ئەنجامەی کە تا ئێستە بەردەست خراوە ڕازیکارە. بەڵام دەبێ هۆیەکانی ئەم ڕاپەڕینە نەهێڵین. گەڕانەوە بۆ عەشایر بۆ شەڕی باندەکان مانای ئەوە نییە کەوا سوپا بێ هێزە و بێ توانایە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی بە تەنیا. هەرچی تایبەتە بە خەرجییەکانەوە، هیچ گرینگییەکیان نییە، چونکە خەزێنەی گشتی ئەگەر بۆ سەرپانکردنەوەی سەری مار بەکار بهێنرێ ئەوا لە شوێنی چاک خەرج کراوە؟ نەتەوە بێ گوناهە لە هەموو ئەو زیانانەی کە لەلایەن دوژمنانی نیشتمانەوە نراونەتەوە. داوا لە حکوومەت دەکەم بە وردی ئەم پرسە چارەسەر بکات و بەبێ جیاوازیی ئاین و ڕەگەز دادپەروەری لەناو وڵاتدا بەناو هەموو دانیشتواندا بڵاو بکاتەوە.

*عەبدوڵڵا ئەلموفتی:* مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد لەوەتای ١٢ ساڵ دەبێ لە مەنفادان. جا ئەگەر حکوومەت فەرمانکارەی دادپەروەر و سەرڕاستی بۆ باکور بناردایە ئەوا هیچ کەس بەشوێن مەلا مستەفاوە نەدەچوو. بەڵام ئەو

فـەرمـانبـەرانەی کـە لەلایەن حـکوومـەتـەوە بۆ ناوچەکـە نێـردران زەبروزەنگ و ملهوڕییان بەکار هێنا. تورەیی دانیشتوان ئەنجامێکی تەواو سروشتییە. لە ئەنجـامـدا من داوا لە حکوومـەت دەکـەم کـە بە ڕووێکی دلۆڤـانانە لەم پرسـە بکۆڵێتەوە و لێرە بەدواوە فەرمانبەری دادپەروەر و دەستپاک بۆ باکور بنێرێ.

*تاریق ئەلعەسکەری:* دامرکاندنەوەی پشێوییەکان ئەرکی دانیشتوان نییە بگرە کـاری لەشکری نـیزامـییـە. ئەم بەشـداریکردنەی مـەدەنی لە دامـرکـاندنەوەیدا وەکـو پێـشـێلکردنێکی ئـاسـایش دادەنرێ. نامـەوێ بـڵـێم کـەوا ئەو خـێـڵانەی یاریدەی حکوومـەتیـان داوە ئەوانە خـۆیان یاخـی بوون، چونکە ئـەوان لەلایەن حکوومەت خۆیەوە ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە. کابینەی ئێستە کە یاسایەکی لێبووردنی گشـتیی دەرکردووە بەبێ ئـەوەی هـەلومـەرجـەکـانی ڕاگـرتنی کـارە دوژمنکارییـەکـان دەسـتـەبەر بکات: بـارزانییـەکان بـەشـێوەیـەکی بنەبڕ ڕەتیـان کـردەوە چەک دابـنێن. کـەوایە نـازانم چی حکوومـــەتی هـان دا ئەم لێـبـووردنە دەربکات.

*عـەبدولکـەریم ئەلزەری:* من دوو هـۆگـەلی سـەرەکی بـۆ یاخـیـبوونـەکـە دەبینم: سـەرەتا برێک ڕۆحی سـەرکێشی و دواتر بـەڕێوەبەرایەتیی خـراپ. سیاسـەتی دەوڵەت نابێ تاکڕەگەز بێت چونکە ئێمە دوو ڕەگەزی سـەرەکیمـان هـەیە لەگەڵ ڕەگەزگەلی تـری بچووک. ئەم کێشەیە لـە سویسرا، لە کەنەدا و هێشتا لە زۆر وڵاتی تریشـدا هـەیە. ئەم وڵاتانـە چۆن کێـشـەی بوونی فـرە ڕەگەزیان لـەسـەر خـاکی خـۆیان چارەسـەرکـردووە؟ ئەم باسـە دەبێ لە ڕوانینێکی پۆزەتیـڤـەوە لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکرێ کە ئێمـە تا ئێستـە ئەوەمان نەکردووە، نەحکوومەت و نەئەندام پەرلـەمـانەکان. دەبێ بە برا کـوردەکانمان بڵـێین: "ئێمـە نامـانەوێ ئێـــوە ببنـە عـــەرەب". ئەم دەوڵـەتە دوو ڕەگـــەز بـەخـــۆوە دەگـــرێ کـــە دەبێ بەشـێـوەیەکی هاویەک خزمەتی یەک بکەن چونکە لە یەک نیشتمـاندا دەژین و هـەریەکـەیـان بە بەرژەوەندیی کۆمـیـونیتـەیی بەیـەکەوە بەسـتراونەتەوە. ئێمـە دەمـانەوێ عـەرەب بە عـەرەب بمێننەوە و ئالیکاریی برا کـوردەکان بکەن. لەم

ئاراستەیەدا ئێمە نامانەوێ ناسیۆنالیزمی کورد لە گۆڕ بنێین، بگرە بە پێچەوانەوە دەمانەوێ ناسیۆنالیزمی کورد گەشە بکات.

*سەرۆکی ئەنجوومەن:* وەزیری ناوەخۆ هەر ئێستە بەزوویی وەڵامی تێبینییەکانی ئەندام پەرلەمانەکان دەداتەوە. هەڵبەت من سەرسام بووم لەوەی ئەندام پەرلەمان سەعد ساڵح ڕای گەیاند کەوا ئێمە شۆڕشمان درێژ کردووەتەوە بۆ درێژکردنەوەی ژیانی کابینەی حکوومەت. ئەمە تۆمەتێکی شەرمهێنە کە من بە هەموو هێزێکمەوە پرۆتستۆی دەکەم. سەعد ساڵح بێگومان ئاگەدارە لەو فاکتۆرانەی بوونەتە هۆی ئەم شۆڕشە.

*وەزیری ناوەخۆ:* حکوومەت داوایەکی ڕادەستکردنەوەی لەبارەی مەلا مستەفا و دەست و پێوەندەکانی ئاراستەی حکوومەتی ئێرانی کردووە. ڕاستییەکەی مەلا مستەفا پەنای بردووەتە بەر خاکی ئێران، بۆیە حکوومەتی ئێران دەبێ بەشێوەیەکی سروشتی بە دەست و پێوەندەکانیشییەوە چەکیان بکات و بیانداتەوە دەستی ئێمە. ئەگەر حکوومەتی ئێران ئەمەی نەکرد ئەو کات ئەم تاقمەیە دەشێ ببنە چاوگەی مەترسییەک. ئێمە داوامان لە حکوومەتی ئێران کردووە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر. لەلایەکی ترەوە ئێمە هێزە چەکدارەکانمان لەسەر ئەو ڕێگەیانە داناوە کە دەشێ لەو ڕێگەیانەوە تاقمی بارزانییەکان دزە بکەنە ناو عێراق.

هەروەها بڕیار دراوە چەند بنکەی پۆلیس بکرێنەوە: دروستکردنیان بە فیعلی دەستی پێ کراوە بەڵام کارەکان لە سۆنگەی ڕاپەڕینەکەوە وەستێنراون. هەڵبەت لە بەهاری دادێ دەست بەکار دەکەنەوە. لەلایەکی ترەوە حکوومەت پرۆگرامێکی شارنشینی تایبەتیی بۆ ناوچەکانی باکور دەست پێ کردووە. هەرچی سەبارەت بە بەکارهێنانی خێڵەکانە لە ئۆپەراسیۆنەکانی داپڵۆسیندا دەڵێم بەگوێرەی یاسا ڕەزامەندیی بۆ وەرگیراوە.

*وەزیری بەرگری:* ڕێکەوت وابوو منیش بەشداریم لە ئۆپەراسیۆنەکانی

بارزاندا کرد لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٢ و دواتر لە ساڵی ١٩٤٣دا لەو کاتانەی کە سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپا بووم بە وەکالەت. ڕاپەڕینەکە پێش بەهار بەرپا بوو ئەوە بۆیە ئۆپەراسیۆنە عەسکەرییەکان تاوەکو هاتنی وەرزی بەهار دواخران و ئەمەش بەگوێرەی پلانێکی ستراتیجی. ڕاپەڕینەکە دواتر وەستا. ساڵی ١٩٤٥ دووبارە دەستی پێ کردەوە و من بە سیفەتی وەزیری بەرگری بەشداریم تێدا کرد. ئەم ڕاپەڕینە بەشوێن هاریکارییەکی توندوتۆڵی نێوان وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی بەرگری بەڕاکردنی تاقمەکە بۆ ئێران کۆتاییی هات. سوپا بەهەمان شێوەی پۆلیس ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند. ئێمە دەزانین پۆلیس ئەرکی دامرکاندنەوەی ئاژاوەگێڕیی ناوەخۆییی پێ سپێردراوە و وەختایەکیش پۆلیس نەتوانێ لە ئەرکەکەیدا سەربکەوێ ئەو کاتە سوپا یاریدەی دەدات.

ئێستە باسی بەشداریی خێڵەکان دەکەم لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا. ئێمە قەبووڵمان کرد ئەم خێڵانە بەناوی پۆلیسی غەیرە نیزامی ڕێکخراو بن. من پێ لەسەر ئەم ڕایەم دادەگرم و سوپاسی گەلی نەجیبزادەی کورد دەکەم کە ئیدانەی کارە تاوانکارییەکانی مەلا مستەفا، برایەکەی و لایەنگیرەکانی کرد. هەروەها حەز دەکەم بڵێم ئەگەر ئەم ڕاپەڕینە تاوەکو زستان بەردەوام بوایە بەبێ ئەوەی دابمرکێنرێتەوە ئەوسا گەشەی دەکرد و پێوەندیی بە بزووتنەوەی ئازەربایجان دەگرت.

دواجار ئەنجوومەن بڕیاری لەسەر پەسندکردنی پڕۆژە یاسای خەرجییەکان دا.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤٩**

بەغدا، ١٤ی ئابی ١٩٤٥

ژمارە: R - 70

-نهێنی-

کۆپی بۆ: وەزارەتی دەرەوە-پاریس،

کابینەی سیاسی* -بەیرووت

تێبینی بۆ: کۆمیسێری گشتی و وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات بەیرووت

**لەبارەی: یاخیبوون لە کوردستانی عێراقدا**

پشێوی لە کوردستانی عێراق لە ڕەوشێکی جێگیرەوە (بڕوانە ڕاپۆرتی ژمارە ٩ی من لە ڕۆژی ٣١ -١-١٩٤٥)، لەم دوا پازدە ڕۆژەی دوایی لە سۆنگەی ڕاپەڕینێکی نوێی کوردەکانەوە لە ناوچەی بارزان لەژێر سەرکردایەتیی مەلا مستەفا خراپتر بووە.

ڕەتلێکی تەمێکار لە توخمگەلی بەهێزی سوپا و پۆلیسی عێراقی ڕەوانەی باکور کراون. چەندین شەڕی قورس لەگەڵ یاخیبووەکاندا ڕووی داوە کە بڕێک ناوچەی دیاریکراویان بەدەستەوە بووە. هێزەکانی عێراقی تا ئێستە زیانی زۆریان بەرکەوتووە لەوانە سەدان بریندار و ئۆپەراسیۆنەکانیش هەر بەردەوامن. بانگەشەی ئەوە دەکرێ کەوا یاخیبووەکان چەکی ئۆتۆماتیکیی مۆدێرنیان پێیە کە سۆڤیەتییەکان خستوویانەتە بەردەستیان.

بڕێک ناوەندی عێراقی کە تا ڕادەیەکی دیاریکراو دان بە ڕەوایەتیی

* مەبەست لە کابینەی سیاسی، کابینەی سەر بە کۆمیسێریای بەرزی فرەنسا بووە لە بەیرووت، وەرگێڕ.

داخوازینامەکانی یاخیبووەکان دادەنێن بۆ ئۆتۆنۆمیی کوردستان و لەوانەشە بە یەکێتی و سەربەخۆییی هەموو نیشتمانی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕای دەگەیەنن کەوا بێ توانان لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەم پرسە. ئەوان دەڵێن هیچ چارەسەرێک بەبێ ڕەزامەندیی ڕووس، ئینگلیز و ئەمەریکا نایەتە دی. ئەم سێ هێزە زلە دەبێ لە پێشدا لەنێو خۆیاندا لەسەر ئەو هێڵی کارکردنە ڕێک بکەون کە لە بەرامبەر کوردەکانی تورکیا و ئێراندا پیادەی دەکەن. لە چاوەڕوانیی ئەم ڕێکەوتنەدا ئێمەی عەرەبی عێراق دان بەوەدا دەنێین کەوا ناچارین شەڕی کوردەکان بکەین و بە بێهوودە قوربانی بە ژیانی مرۆیی و مادی بدەین.

لە بڕێک ناوەندی بەغدادا، جگە لە عەرەبە توندڕەوەکان نەبێ، هەست بە قێز لێبوونەوەیەک دەکرێ لە بەردەوامبوونی شەڕێکی نادادپەروەرانە کە تاقە قازانجکاری شەڕەکە تەنیا هێزە بێگانەکانن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس ناوێرێ پرۆتستۆی شەڕەکە بکات و بە ڕوحێکی گەورەی گوێڕایەڵی هەموو بەشوێن ئەو ڕێنوێنییانە دەکەون کە دەدرێن.

ڕۆژنامەکان بێگومان نە هیچ بیروڕایەک، نە هیچ لێکدانەوەیەکیان لەبارەی ئەم بابەتەوە نییە و هەر تەنیا بەوە دەستبەردار بوون کە ئەو بەیاننامە ڕەسمییەی لە خوارەوە وەرگێڕانەکەیمان نووسیوەتەوە، بڵاو بکەنەوە.

ئیمزا

ڕاسام

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٠**

بەغدا، ١٣-٨-١٩٤٥

## بەياننامەی ڕەسمی

بێگومان گەلی عێراق ئەو کردەوە تاوانکارییانە دەناسێ کە لەلایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە کراون، کردەوەگەلێک کە بوونەتە سۆنگەی زیانگەلی مادی و مرۆیی. کەچی وێڕای ئەمە حکوومەت بۆ ئەوەی بەڵگەیەک لەسەر نیازپاکیی خۆی بەدەستەوە بدات وای بینی لە جیاتی زەبروزەنگ نیازپاکیی خۆی نیشان بدات و لە پەرلەمان دەنگ بۆ یاسایەکی پێویست درا کە مەلا مستەفا و لایەنگرەکانی لەو تاوانانە ببوورێ کە کردبوویان. لەلایەکی ترەوە حکوومەت ئالیکاریی مادیی گرینگی بۆ خۆشگوزەرانیی دانیشتوانی ناوچەی ناوبراو نارد. بەڵام وێڕای هەمووئەمانە مەلا مستەفا و بڕێک لە لایەنگیرەکانی حەزیان لێ بوو کردەوەی تاوانکاری و پێشێلکردنی یاسایی بکەن کە بوو بەهۆی تێکدانی نیزام و نەمانی ئاسایش لەناو دانیشتوانی ناوچەی ناوبراودا. لە ئەنجامدا حکوومەت هەنگاوگەلی پێویستی هەڵگرت بۆ وەستاندنی تاوانکاران و گەڕانەوەی نیزام و ئاسایش بۆ ئەم ناوچەیە تاوەکو حکوومەت بتوانێ دەسەڵاتی خۆی پیادە بکات و ئەو ڕیفۆرمانەی بەئامانجی کردنەوەی قوتابخانە، نەخۆشخانەیە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە جێبەجێی بکات کە حکوومەت ناتوانێ تا ئەو کاتەی دۆخی ناوچەکە ئەو دۆخەی ئێستەی هەبێ جێبەجێیان بکات.

بەڕێوەبەری

گشتیی پڕوپاگەندە و ڕۆژنامەوانی

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥١**

بەغدا، ٢٨ی ئابی ١٩٤٥

ژمارە: R - 73

-نهێنی-

کۆپی بۆ: وەزارەتی دەرەوە-پاریس

کابینەی سیاسی-بەیرووت

تێبینی بۆ: کۆمیسێری گشتی و وەزیرموختاری

فرەنسا لە ڕۆژهەڵات

بەیرووت

**لەبارەی یاخیبوون لە کوردستاندا**

دەگەڕێمەوە سەر تێبینیی ژمارە ٧٠-م لە ١٤ی ئەم مانگە. ڕەوشی کوردستان تا ئێستە بە قازانجی حکوومەتی عێراقی نەگۆڕاوە. ئامادەسازییەکانی سوپای عێراق بۆ پەلامارێکی گشتی بەردەوامە. لەناو توخمە کوردییەکانی سوپا ئاماژە بە ژمارەیەک هەڵاتن دەکرێ بە تایبەت لەناو ئەفسەرەکاندا بە جۆرێک وا دیارە حکوومەت بڕیاری داوە بە یەکجارەکی و پێش هاتنی زستانی دادێ پرسی بارزانییەکان پاکتاو بکات کە یەکێتیی عێراقی خستووەتە مەترسییەوە.

هەڵوێستی تەنگەتاویی حکوومەتی ئێستەکە هەڵبەت دەشێ ببێتە تەگەرە بۆ پرۆژەی سەرکردایەتیی ئەرکانی سوپای عێراقی.

دەست کێشانەوەی وەزیری کاروباری هەندەران کە لە ٢٦ی ئەم مانگە بڵاو کرایەوە لە ڕاستیدا حکوومەتی پاچەچیی هەژاند. پاچەچی هەر ئێستە لە میسر گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی پێش گەڕانەوەی وەسی بەر لە تەنگژەکە بگرێ کە

دەشێ لەلایەن دوو وەزیری کوردەوە بێتە ئاراوە، مەبەست لەم دوو وەزیرە ئەحمەد موختار بابان و تۆفیق وەهبییە کە هاوهەڵوێست نین لەگەڵ حکوومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد.

لەناو ناوەندە ئاگەدارەکان وا باوەڕ دەکرێ کە گۆڕانی کابینەی حکوومەت حەتمییە و نووری پاشا هەر لەگەڵ گەڕانەوەی وەسی بۆ بەغدا لە دەوروبەری ٢٠ی دیسامبەری داهاتوو، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات.

ئیمزا

ڕاسام

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٢**

بەغدا، ١٢ی سیپتامبەری ١٩٤٥

ژمارە: R - 80

– نهێنی–

کۆپی بۆ: وەزارەتی دەرەوە–پاریس،

کابینەی سیاسی–بەیرووت

تێبینی بۆ: کۆمیسێری گشتی و وەزیرموختاری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات بەیرووت

**لەبارەی یاخیبوونی کورد لە عێراق**

دەگەڕێمەوە سەر تێبینیی ژمارە ٧٣–م لە ڕۆژی ٢٨ی مانگی ڕابردوو. سەرۆکی ئەنجوومەن لە ٢ی ئەم مانگە ڕای گەیاند کەوا پیاوەکانی مەلا مستەفا بارزانی لەوەتای سێ هەفتەیە لە دژی دەسەڵاتکارانی کوردستان لە باکور ڕاپەڕیون لەلایەن پۆلیسەوە ئابڵووقە دراون "هیچ کەسێکیان ناتوانێ دەربازی ببێ، حەمید بەگی پاچەچی ڕای دەگەیەنێ. نزیکەی ٢٠٠ چەتە کوژراون یان خۆیان بەدەستەوە داوە. من بڕیارم داوە بارزانییەکان یان هەر کەسێکی تر کە دژی ئارامیی وڵات ڕەفتار بکات بگیرێ". لەوەتای ئەم ڕاگەیاندنە بەهێزە ڕاگەیەندراوە، هیچ چاکبوونێک لە دۆخەکە بە قازانجی حکوومەت لە قەزای زێبار و ناوچەکانی دەوروبەری بەدی نەهاتووە کە بەمەرسوومی ژمارە ٤٢١ حوکمی عورفی تێدا ڕاگەیەندراوە.

چەند شەڕێکی زۆر خوێناوی کە هێزەکانی ئاسمانیی عێراقی بەشدارییان تێدا کردووە بەم زووانە ڕوویان داوە و هەردوولا زیانێکی زۆری مرۆیی و مادییان بەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سۆنگەی ئەو هۆگەلەی کە سوپای

عێراقی لە بەردەستیدایە دەشێ بەمزووانە حکوومەت سەرکەوتنێکی بێ وێنە بەسەر بارزانییەکاندا ڕابگەیەنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەرکەوتنە کۆتایی بە تەنگژەی عەرەب–کورد ناهێنێ کە ناتوانێ هەر تەنیا لە قەزای زێبار گیر بخوات.

ناکۆکیی بیرورِا لەناو کابینەی حکوومەت لەبارەی دۆخی کوردستانەوە کە لە ئارادایە جێگەی نیگەرانییە، بە تایبەتی دوای ئەوەی بووە هۆی ئیستیقالەدانی وەزیری ناوەخۆ. وەسی ئەم دەست کێشانەوەی قەبووڵ نەکردووە و داوای لە مستەفا ئەلعامری کردووە چاوەڕوانی گەڕانەوەی عەبدولئیلا بکات کە لە ٢١ی ئەم مانگە دەگاتەوە بەغدا.

لە برِێک لە ناوەندەکان باوەڕ دەکرێ نووری پاشا، لەگەڵ هاریکاریی هاورِێکەی، ماجید مستەفا، کۆنە وەزیری کاروباری کوردی، بگاتە ئاگربەسێک لە باکور لە کوردستاندا.

ئیمزا

ڕاسام

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٣**

له بەڵگەنامەكانی حكوومەتی عێراقی

بەغدا، ١٩-٩-١٩٤٥

## بەياننامەی ڕەسمی

له بەياننامە ڕەسمييەكەی ١٤ی ئابی ١٩٤٥يدا، حكوومەت ڕای گشتیی له كردەوە تاوانكارييەكانی مەلا مستەفا و تاقمەكەی ئاگەدار كردەوە، ئەوەی پاڵی بە حكوومەتەوە نا تا ڕێوشوێنی تەمێكردنی پێويست بگرێتە بەر. حكوومەت پێی وايە بە سوودە گەلی عێراق لەو هەنگاوانە ئاگەدار بكرێنەوە كە تاوەكو ئێستە نراون:

يەكەم: هێزەكانی حكوومەت ناوچەی نەهلێ كە دەكەوێتە نێوان چيايەكانی ئاكرێ و چيای پێرس كە لەلايەن تاقمەكەی بارزانی لەژێر سەركردايەتيی مەلا مستەفا خۆی بڵاوە بوون پاك كرايەوە. چەند شەڕێك ڕوويان داوە كە تيايان‌دا تاقمەكە زيانێكی زۆريان بەركەوتووە. چيای پێرس بە تەواوی لێيان پاك كرايەوە. دەبێ ئاماژە بەوە بكرێ كەوا عەشيرەتی زێبارييەكان لەو ناوچەيەی مەلا مستەفا هێزی هێنايە ناوەوە، دژی ئەم كردەوە دەستدرێژييە وەستانەوە و داكۆكييان لە خۆيان كرد و لە ناوچەكە شكاندنيان كە چيای پێريس-يش دەگرێتەوە.

دووەم: هێزەكانی حكوومەت دوای چەندين شەڕ ئەو ناوچەيەی كەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی ئامێدی و تاقمەكەی مەلا مستەفا پێدا بڵاو بووەتەوە، پاك كردەوە. هێزەكانی حكوومەت شوێنێكيان لە سوری(*) دەستبەسەردا

(*) Suri

گرت كە كۆنترۆڵی ناوچەی بارزان خۆی دەكات.

سێیەم: هێزەكانی حكوومەت دوای چەندین شەڕ تاقمەكەی مەلا مستەفا كە لە ناوچەی نێروێ ڕێكان بوون ڕاونا. هێزەكانی حكوومەت بە فیعلی چوونەتە ناوچەی بارزان و ئاواییی دێرییان داگیر كرد.

چوارەم: تاقمەكەی بارزانی لە ناوچەی سیدەكان ڕاونران. ناوچەی برادۆست لە ئەندامەكانی تاقمەكە پاك كرایەوە ئەمە دوای چەندین شەڕ كە لەو شەڕانەدا تاقمەكە زیانێكی زۆر گەورەیان بەركەوتووە.

پێنجەم: هێزەكانی حكوومەت بەرەو هێڵێ باتیستیان-هەڤدیان-مەزنێ چوونەتە پێشەوە و دوای ئەوەی زیانێكی زۆریان بە تاقمەكە گەیاندووە ئاواییی مەزنێیان داگیر كردووە.

شەشەم: تاقمی مەلا مستەفا ئێستە لە هەموو لایەكەوە لەلایەن هێزەكانی حكوومەت گەمارۆ دراون. یان دەبێ خۆیان بەدەستەوە بدەن یان لەناو بچن.

حەوتەم: خێڵە هاوسێیەكانی ناوچەی یاخیبووەكان ئیدانەی كردەوەكانی مەلا مستەفا و تاقمەكەیان كرد، وەفاداری و دڵسۆزیی خۆیان بۆ حكوومەت ڕاگەیاند. ئەم خێڵانە بە كردەوە یاریدەی هێزەكانی حكوومەتیان دا و لە نزیكەوە تاوانكارانیان ڕاوەدوونا.

بەڕێوەبەری گشتیی پڕوپاگەندە

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٤**

ئەلئەخبار ٢٥ی سێپتامبەری ١٩٤٥

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە(*)

## لەبارەی یاخیبوونی بارزانییەکانەوە

لە لەندەنەوە، ٢١ی سێپتامبەر (ئاژانسی زانیاریی عەرەبی)

لە دواین ئەو هەواڵانەی لە بەغداوە گەیشتوون ئەوە بەرەنجام دەکەن کەوا ڕاپەڕینی چەکداریی مەلا مستەفا، سەرۆکی کوردیی ناوچەی بارزان لە باکوری کوردستان گورزێکی کاریگەری بەرکەوتووە. لایەنگرە سەرەکییەکەی مەحموود ئاغا زێباری، هەروەها هەموو پیاوانی هێزەکانی مەلا مستەفا و ئەو سێ خێڵەکەی کە ٥٠٠ چەکدار دەبن خۆیان بەدەست دەسەڵاتدارانی عێراقییەوە داوە. هێشتا هیچ شەڕێکی یەکلاییکەرەوە لە نێوان هێزەکانی مەلا مستەفا و ئەو سێ فۆرماسیۆنەی هێزە ڕووی نەداوە کە لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە بۆ ملکەچکردنیان نێردراون، تەنیا چەند تەقەوتۆقێک بووە. چاوەڕوان دەکرێ هێزەکانی عێراقی فەرمانی پەلاماریان بۆ بێ دژ بە هێزەکانی مەلا مستەفا.

چاوەدێران لە لەندەن دەڵێن کەوا هێزەکانی بەریتانیا لەم پەلاماردانەدا بەشداری ناکەن بەڵام حکوومەتی عێراقی دەسەڵاتدارانی ئینگلیزی لەم دۆخە ئاگەدار کردووەتەوە. ئەم ڕاپەڕینە هیچ شێوازێکی سیاسیی نییە، چونکە لەو دەمانەی کوردەکان سکاڵایانە لە دەست ئەوەی کەوا بەڕێوەبەرایەتیی بەغدا لەگەڵ دۆخی نەتەوەیی و ئابووریيان ناسازێ کەچی مەلا مستەفا دەرفەتی ئەم

(*) مەبەست لەوە ئەوەیە هەواڵەکە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فرەنسی، وەرگێڕ.

نارەزاییـیە سـیاسـییـەی قۆسـتووەتـەوە بۆ ئەوەی دەست بکات بە کـردەوەی چاپاولی خۆی و تالآن و برۆیی.

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٥٥**

لە بەڵگەنامەکانی حکوومەتی عێراقی

بەغدا، ٣٠-٩-١٩٤٥

## بەیاننامەی ڕەسمی

هێزەکانی حکوومەت مەلا مستەفا و تاقمەکەیان لە چیای پێرس وەدەر نا، دوای چەند شەڕێک تاقمەکە زیانێکی زۆریان پێ کەوت.

پاشماوەی تاقمەکە ڕایان کرد و بەناو ڕووباری زابدا بەرەو چیایەکانی بارزان ڕۆیشتن، بەم شێوەیە تەواوی ناوچەی زێبار لە تاقمەکەی بارزانی پاک کرایەوە و هێزەکانی حکوومەت بەردەوامن لە ڕاوەدوونانی یاخیبووەکان و ئابڵووقەدانیان لە نزیکەوە.

بەڕێوەبەری گشتیی پڕوپاگەندە

**بەڵگەنامەی ژمارە : ٥٦**

له بەڵگەنامەکانی حکوومەتی عێراقی

بەغدا، ٣-١٠-١٩٤٥

## بەياننامەی ڕەسمی

یەکەم: هێزەکانی حکوومەت لە ڕووباری زاب پەڕینەوە و دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان بە تاقمەکەی بارزانی گەیاند ڕاویان نان. هێزەکانی حکوومەت بلێ، ناوەندی قەزای زێباریان داگیر کرد و پاشماوەی تاقمەکە بەرەو چیای شیرین هەڵاتن.

دووەم: هێزەکانی حکوومەت لە شوێنێک بەناوی "گەلی بالندە" تاوانکارەکانیان ڕاونان دوای ئەوەی زیانێکی گرانیان پێ گەیاندن. هێزەکانی حکوومەت بەردەوامن لە ڕاوەدوونانیان و زیان پێگەیاندنیان.

سێیەم: هێزەکانی حکوومەت بەرەو شوێنێک چوون بە ناوی زوێری و ئاواییی ڕاکوهلەیان داگیر کرد دوای ئەوەی تاوانکارەکانیان ڕاونا و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن.

چوارەم: هێزەکانی حکوومەت بەرەو ڕێگەی خەلیفان-ڕێزان چوون و تاقمەکەی بارزانییان ڕاونا دوای ئەوەی زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن. هێزەکانی حکوومەت پردی خەلانیان تاوەکو ئاواییی جافەریان داگیر کردووە.

پێنجەم: هێزەکانی حکوومەت بەردەوام ڕاوی پاشماوەی یاخیبووەکان دەنێن و لە هەموو لایەکەوە لە نزیکەوە ئابڵووقەیان دەدەن.

بەڕێوەبەری گشتیی پڕوپاگەندە

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٧**

له بەڵگەنامەکانی حکوومەتی عێراقی

بەغدا، ٦-١٠-١٩٤٥

## بەياننامەی ڕەسمی

يەکەم: هێزەکانی حکوومەت بارزانيان داگير کرد و مەلا مستەفا و تاقمەکەيان ڕاونا دوای ئەوەی زيانێکی زۆريان پێ گەياندن.

دووەم: هێزەکانی حکوومەت ئاوايیی ڤيتا-يان داگير کرد و تاقمەکەی بارزانييان ڕاونا.

سێيەم: هێزەکانی حکوومەت لەيلۆکيان داگير کرد و دوای ئەوەی زيانێکی زۆريان بە تاوانکارەکان گەياند ڕاويان نان.

چوارەم: هێزەکانی حکوومەت هەميشە بەردەوامن لە ڕاوەدوونانی پاشماوەی تاقمەکەی بارزانييەکان و ئابڵووقەدانيان لە نزيکەوە.

بەڕێوەبەری گشتيی پڕوپاگەندە

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٨**

له بەڵگەنامەکانی حکوومەتی عێراقی

بەغدا، ٨-١٠-١٩٤٥

## بەياننامـەی ڕەسـمی

يەکـەم: هێـزەکـانی حکوومـەت بـەرەو جافـەريان چوونەتە پێش و شـانەدەريان داگيـر کـرد دوای ئەوەی تاقمـەکەی بـارزانييـان ڕاونا و زيانيـان پێ گەياندن. بە هـەمان شێوە ڕێگەی خەليفان-ڕێزان پاک کرايەوە.

دووەم: هێـزەکـانی حکوومـەت کـە گـەلی بالندەيان داگيـر کردبوو دوای ئەوەی لەســەر ڕێگەی خــۆيان ئەم ناوچەيان لە تاوانکاران پاک کــردەوە چوونەتە پێشەوە و گەيشتوونەتە بارزان.

سێيـەم: هێزەکانی چوونەتە پێش و سێلکێيـان داگيـر کـردووە دوای ئەوەی ناوچەکەيان لە تاوانکاران پاک کردەوە.

چوارەم: هـێــزەکـانی حکوومــەت بـەردەوام لە پێــشــوەچوون و ڕاوەدوونـانی پاشماوەی تاقمە هەڵاتووەکەی بارزانی و گەمارۆدانيانداندان.

بەڕێوەبەری گشتيی پڕوپاگەندە

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٥٩**

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

شیفرەخوێندنەوە

## تێلێگرامی هاتوو

تاران، ٢٣ی نیسانی ١٩٤٦ سات ١٩

٢٣ی نیسانی ١٩٤٦، سات ٢٠ و ٣٧ خولکە گەیشتووە

ژمارە ٢١٢

ئاماژە بە برووسکەنامەی ژمارە ٢٠١ی ڕۆژی ١٦ی نیسان-تان.

لەبەر چەند هۆگەلێک کە لەلای وەزارەتی دەرەوە ئاشکرایە و لەلای خۆیەوە پێوەندیی بەم پۆستەوە کردووە، خێڵە کوردییەکان لە ڕەوشێکی یاخیبوونی بەردەوامدان. تێلێگرامی ژمارە ١٥٣ لە ١٨ی ئاداری؛ ئەم مانگەی ئەم بالوێزخانەیە، ئاماژە بە هەڕەشەیەک دەکات لەلایەن ڕەتلێکی شەڕوانانی (کورد) لەسەر هێڵی پێوەندیی بەغدا-تاران.

ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی پێشەوەچوونی لەشکری ئێرانی ئاراستەکەی بەرەو سنووری عێراقی لە باشووری ناوچەی داگیرکردنی ڕووس گۆڕدرا.

ئەم مەفرەزەیە لە ئێستەدا بریتییە لە مۆڵبوونێکی کورد لەژێر سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی لە ناوەوەی ئەم ناوچەیەدا.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٠**

نوێنەرایەتیی فرەنسا

لە عێراق

ژمارە: AL 119

بەغدا، ١٩ی ئاداری ١٩٤٧

لە جێبەجێکاری کاروباری فرەنسا لە عێراق

بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران،

پاریس

**لەبارەی خێڵاتی بارزانەوە**

بارزانییەکان خێڵێکی کوردین کە بریتین لە پازدە هەزار کەس و لە باکوری-ڕۆژهەڵاتی عێراق، لەسەر چەقی بەیەکگەیشتنی سنوورەکانی عێراق-تورکیا و ئێراندا دەژین. لە ساڵی ١٩٣٢ لە دژی حکوومەتی ناوەندی ڕاپەڕین بەڵام ڕاپەڕینەکە کە هۆیەکەی داواکردنی سەربەخۆیی ناوچەکە بوو بە توندی سەرکوت کرا. سەرۆکەکانی ئەو خێڵانە لە نشینگەی دوور جێنشین کران و ماوەی دانیشتوانەکەشی ڕێگەیان پێ درا بگەڕێنەوە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان بەڵام هەرگیز لە سەرۆکە دوورخراوەکانیان باشتر مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە: نەداری و نەخوێندەواری باڵییان بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە بە ئانقەست فەرامۆش کرابوون.

ساڵی ١٩٤٣، دوای یازدە ساڵ لە ئاوارەیی یەکێک لە سەرۆکە سەرەکییەکانی بارزان، مەلا مستەفا، دەگەڕێتەوە ناو خێڵەکەی، پێوەندی بە لایەنگیرەکانییەوە دەکات و شۆڕشێکی نوێ بەرپا دەکات کە بە شکستێکی نوێ تەواو دەبێت. بەڵام حکوومەت لە ماوەی داپڵۆسینەکەدا ناچار دەبێ خێڵەکان چەکدار بکات بۆ بەرەنگاریبوونەوەی یاخیبووەکان. ناکۆکییەکان

کۆتاییيان هات بەڵام ئەم خێڵانە ڕەتیان کردەوە ئەو چەکانە تەسلیم بکەنەوە کە وەریان گرتبوو بە بیانووی ئەوەی لەلایەن خێڵاتی تری کوردەوە پەلامار بدرێن. مەلا مستەفا جارێکی تر یەکێک لەوانە بوو هەوڵی دەدا خێڵە چەکدارنەکراوەکان کۆ بکاتەوە، ئەوەی کە بەغدای ناچار کرد بۆ سێیەم جار دەست بەشەڕ بکاتەوە دژی مەلا مستەفا. ئاواییەکان بۆمباباران کران و سووتێنران. دانیشتوان تۆقین و لەوە دەترسان لەلایەن خێڵاتی هاوسێوە کە بووبوون بە هێزی پۆلیسی غەیرە نیزامی قەتڵوعام بکرێن، هەموویان خاکی عێراق بەجێ دەهێڵن و ئاوارەی ئێران دەبن. ئێستەکە پرسی بارزان لە یەک کاتدا هەم حکوومەتی عێراقی و هەم حکوومەتی ئێرانی سەرقاڵ کردووە. حکوومەتی عێراقی ڕەتی دەکاتەوە بارزانییەکان پێ بنێنەوە ناو خاکی و ئێرانیش دەیەوێ عێراق وەریان بگرێتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی حکوومەتی عێراقی بەمزووانە لەشکر دەنێرێتە سەر سنووری باکور-ڕۆژهەڵات بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی بارزانییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، توخمگەلی کوردی عێراق بە جۆش و خرۆشەوە چارەنووسی برا ئاوارەکانیان بۆ کوردستانی ئێران بەلاوە گرینگە. کوردەکان ڕۆژانە تێلێگرام بۆ حکوومەتی ناوەندی لێ دەدەن و داوای گەڕانەوەیان و دەرکردنی لێبووردنی گشتی دەکەن بۆ ئەوانەی مەحکوم کراون. ئەم تێلێگرامانە هەروەها بۆ ڕۆژنامە ناوەخۆییەکانیش نێردراون و لەناو ئەو ڕۆژنامانەدا بڵاو کراونەتەوە.

کوردەکان بەتایبەتی داوا دەکەن و بنجی کێشەکە ئا لەوەدایە حکوومەت دەست بە ڕیفۆرمی بەپەلە بکات بەجۆرێک دۆخی هەژاری و نەزانییەکی بێ وێنە ناوچەکەیان فەرامۆش کردووە. توخمگەلی نهێنی هەتا داوای ئۆتۆنۆمیی سەرتاسەری ناوچەکەیان دەکەن. کە ئەمەیان یەکێک لە تاقە ڕێگەکانە بۆ دانانی ڕادەیەک بۆ یاخیبوونی بەردەوامیی کورد کە لە دەرەوە هەڵگیرساوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ناوەوەشدا بێخەمیی حکوومەت بووەتە سۆنگە.

ئیمزا

ڕێرمۆند

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦١**

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

شیفرەخوێندنەوە

## تێلێگرامی هاتوو

تاران، ١ی نیسانی ١٩٤٧، سات ١٤ و ٣٠ خولکە

ڕۆژی ١ی نیسانی ١٩٤٧ سات ١٢ و ٣٠ خولکە گەیشتووە

ژمارە ٦٦

دەگەڕێمەوە سەر نامەی ژمارە 33 I _م، بەشی ئاسیا، لە ٢٤ی شوبات.

قازی محەمەد کە سەرۆکی بزووتنەوەی کورد بووە لە مەهاباد، دوێنێ لەگەڵ براکەی و کەسێکی تر لە ئەندامەکانی خێزانەکەی کە هەرسێکیان لە مانگی کانوونی دووەمەوە لەلایەن دادگەی عەسکەرییەوە حوکمی لەداردانیان بۆ دەرچووبوو، لەدار دران.

خێڵی کوردی بارزانییەکان بەردەوامن لە بەرگریکردن دژی سوپای ئێرانی و زیانێکی گەورەیان بە سوپای ئێرانی گەیاندووە (٢٠٠ کوژراو بە دڵنیاییيەوە).

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی لایەنگری ئەوەیە سیاسەتی هێورکردنەوە لە بەرامبەر کوردەکان پەیڕەو بکرێ، ئەوە ماوەی هەفتەیەکە بەبۆنەی ساڵی نوێی ئێرانییەوە چووەتەوە سەر موڵکەکانی خۆی و تا ڕۆژی شەموو ناگەڕێتەوە تاران.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٢**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرەخوێندنەوە

بەغدا، ١٢ی نیسانی ١٩٤٧ لە سات ١١ و ٤٥ خولکە

ڕۆژی ١٢ی مانگ سات ١٧ و ٣٠ خولکە گەیشتووە

ژمارە: ٣٧

بەگوێرەی دەمگۆیەکی جیدی لە بەغدا بڵاو بووەتەوە شۆڕشێکی کوردی ئێستە لە عێراق هەڵگیرساوە کە شێخی بارزانییەکان سەرکردایەتیی دەکات لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێک خێڵی (کوردی) سنووری ئێران پێوەندییان پێوە کردووە ڕووی داوە. تەواوی تاکەکانی پۆلیسی بەردەست بۆ شوێنەکە نێردراون هەروەها چەند فەوجێکی سوپای عێراقیش بۆ پشتگیریی ئەو هێزانەی کە پێشتر لە ناوچەکە جێگیر بوون، نێردراون.

ئەم شۆڕشە وەک دەڵێن لەلایەن ڕووسەکانەوە هەڵگیرساوە کە حەز دەکەن پێکهێنانی یەکەتیی عێراق-ئوردن- (دەوڵەتی) سووریای گەورە دوابخەن. ئاژانە نهێنییەکانی سۆڤیەت چەکیان بە ڕاپەڕیوەکان داوە.

حکوومەتی عێراقی هەوڵ دەدات لە پرسەکە کەم بکاتەوە.

ئیمزا

ڕیمینۆد

**بەڵگەنامەی ژمارە :٦٣**

نوێنەرایەتیی فرەنسا

لە لبنان

بەیرووت، ١٦ی نیسانی ١٩٤٧

ژمارە: ٤٢٤

لە بەڕێز ئارماند دو شالیا، وەزیری فرەنسا لە لبنان بۆ

بەڕێز بەڕێز جۆرج بیدۆ وەزیری کاروباری دەرەوە. – ئەفریقیا–ڕۆژهەڵات–

پاریس

**لەبارەی کۆمەڵەی کوردییەوە**

شەرەفی ئەوەم هەیە کە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا نامەیەکی هاتوو لە سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی لە بەیرووت کە ئاراستەی بەڕێزتان کراوە بۆتان ڕەوانە بکەم.

ئیمزا

ئارماند دو شالیا

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٤**

بەیرووت، ١٠ی نیسانی ١٩٤٧

بۆ بەڕێز بیدۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی فرەنسا

مۆسکۆ

بەڕێز،

ڕێگە بەخۆمان دەدەین سرنجی ئێوە بۆ ئەمانەی خوارەوە ڕابکێشین: لەداردانی قازی محەمەد، سەرۆک کۆماری کورد لە ئێران لەگەڵ وەزیرەکانی، داپڵۆسین و ئیستیفزاز لە دژی گەلێک کە بە تاسەی مافی سروشتیی خۆیانەوەن لە سەربەخۆیی.

هاتنە ناوەوەی لەشکری تورکیا و عێراق بۆ ناو خاکی ئێران و هاریکارییان لەگەڵ سوپای ئێران بۆ گەمارۆدان و شەڕی هێزە دیموکراتەکانی کورد بە سەرکردایەتیی جەنەراڵ بارزانی کردەوەگەلێکن پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراتی کە ئێوە لەژێریدا لەم ڕۆژانە لە مۆسکۆ کۆبوونەتەوە. بەناوی ئەم پرەنسیپانەوە و بۆ مانەوەی ئاشتی ئێمە داوا دەکەین دەستبەجێ هێزە گەورەکان تەدەخول بکەن بۆ ئەوەی کۆتایی بەو قەتڵوعامە بهێنێ و دادپەروەری بگێڕنەوە بۆ گەلی کورد.

جەنابی بەڕێز تکایە ڕێز و سوپاسی پێشدەستییانە و ڕێزی زۆر و زەوەندەم قەبووڵ بفەرموون.

مۆر

کۆمەڵەی کوردی

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٥**

تاران، ١٠ی نیسانی ١٩٤٧

ڕادیۆگەلی بێگانە ڕایان گەیاند کەوا سۆڤیەت کۆمەگی بە یاخیبوونی خێڵی کوردیی بارزانییەکان گەیاندووە. دوێنێ لە کۆنفراسێکی چاپەمەنیدا، سەرۆکی ئەرکانی سوپایی، یەکەتیی سۆڤیەتی لەم مەسەلەیە بێبەری کرد.

بەگوێرەی ئەوەی لە کۆشک و وەزارەتی کاروباری دەرەوە پێیان ڕاگەیاندووم، بارزانییەکان لەناو لەشکرەکانیان و ڕیزەکانیاندا مەسیحییەکانی باکور-ڕۆژئاوای عێراق (یاخی) موسڵمان (پێوەستبوون) بە بزووتنەوەی دیموکراتی ئازەربایجان، ئەفسەرگەلی جیاوازخوازی سوپای ئێران و سوپای عێراق. (هەرچی سەبارەت بە چەکەکانە) کە بارزانییەکان لە بندەستیانە، دیسان بەگوێرەی هەمان سەرچاوە لە کاتی بەجێهێشتنیان لە عێراق لە سوپای عێراقیان گرتووە و هەروەها لە تۆرۆس لە کاتی ئەو پاشاگەردانییەی پێش کۆتاییهاتنی دەرچوونی کتوپڕی فیرقەی دیموکرات وەگیریان خستووە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٦**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرەخوێندنەوە

بەغدا، ١٨ی نیسانی ١٩٤٧ لە سات ١٧ و ٢٥ خولکە

لە سات ١٩ و ١٠ خولکە گەیشتووە

ژمارە: ٤٣-٤٤

هێزێکی گەورەی عەسکەری کە نزیکەی تەواوی ژمارەی پۆلیسی عێراقی و سێ چارەگی ژمارەی سوپای عێراق دەبێ ئێستەکە لە باکوری عێراق مۆڵ دراون. سەرکردایەتیی گشتیی سوپای عێراق لە نزیک مووسڵ جێگیر بووە. هێزەکانی عێراق کە لەناویاندا تەنیا یەک کەتیبەی چیاییی تێدایە جگە لە فەوجێک نەبێ کە لە بەلەد سنجار نزیک سنووری سووریا جێگیرە، هەموو سوپایەکە لەسەر سنووری ئێران بڵاو بوونەتەوە. ئەو شۆڕشەی لەلایەن کوردەکانەوە هەڵگیرساوە و لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران هەڕەشەی لە باکوری عێراق دەکرد هەڵنەگیرساوە و گفتوگۆ ئێستە لە ئارادایە لەنێوان شێخی بارزانییەکان و دەسەڵاتکارانی عێراقی. وا پێ دەچێ بگەنە ڕێککەوتنێک. شایانی سەرنجە داوودەزگەی ئەم هێزە دەشێ لە کورتترین ماوەدا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی سنووری لەگەڵ سووریادا بڵاوەی پێ بکرێ.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٧**

نوێنەرایەتیی فرەنسا

لە عێراق

ژمارە: AL 184

بەغدا، ٢٥ی نیسانی ١٩٤٧

لە جێبەجێکاری کاروباری فرەنسا لە عێراق

بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران

پاریس

**لەبارەی هاتنەوەی بارزانییەکانەوە بۆ عێراق**

لەو ڕاگەیاندنەی کە لە ١٩ی ئەم مانگە لە پەرلەماندا سەرۆکی ئەنجوومەن بە ئەنجوومەنی ڕاگەیاند کەوا شێخ ئەحمەد بارزانی، سەرۆکی خێڵی کوردیی بارزان، بەشوێن ڕووداوەکانی ١٩٤٥-ەوە گەڕاوەتەوە عێراق و ملکەچیی خۆی بۆ حکوومەتی عێراقی ڕاگەیاندووە.

لەم ڕووەشەوە بارزانییەکان ڕێگەیان پێ دراوە بگەڕێنەوە بۆ عێراق تاوەکو ئێستە نزیکەی ٤٦٠٠ کەس لەوانە گەڕاونەتەوە سەر شوێن وماڵی خۆیان لە باکووری وڵات. حکوومەت هەنگاوگەلی پێویستی ناوە بۆ دووبارە جێنشینکردنەوەیان و دابینکردنی ئازووقە بۆیان.

سەرۆکی ئەنجوومەن ئەوە زیاد دەکات کەوا هەموو ئەوەی کراوە بۆ ئەوان تەنیا بەشێکی ئەو ئەرکەیە کە لە بەرامبەر ئەواندا هەمانە".

ئیمزا

ڕیمینۆد

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٨**

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

## تێلێگرامی هاتوو

بەغدا، ١٣ی ئایاری ١٩٤٧

بە پۆستەی ئاسمانی ٢١ی ئایاری ١٩٤٧، سات ١٢ گەیشتووە

ژمارە ٥٥

ڕۆژنامەکانی بەغدا بڵاویان کردەوە کەوا حوکمی عورفی بەفەرمانێکی پادشاییی عێراقی لە ناوچە کوردییەکانی ڕەواندوز و زێبار (باکور-ڕۆژهەڵاتی عێراق) و هەروەها لەو ناوچە هاوسنوورییانەی کە پێش ئەوە وەکو ناوچەگەلی ئۆپەراسیۆنی عەسکەری دەژمێردران، ڕاگەیەندرا.

ئەم بڕیارە هاوجووتە لەگەڵ ئەم هەنگاوهەڵگرتنانەی دژی مەلا مستەفا، سەرۆکی خێڵی کوردی بارزان و دژی ئەوانە پیادە کراوە کە ملکەچیی خۆیان بۆ حکوومەت ڕانەگەیاندووە.

ئیمزا

ڕیمینۆد

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٦٩**

نوێنەرایەتیی فرەنسا

لە عێراق

ژمارە: AL 222

بەغدا، ١٩ی ئایاری ١٩٤٧

لە جێبەجێکاری کاروباری فرەنسا لە عێراق

بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران،

پاریس

**لەبارەی مەلا مستەفا و بارزانییەکانەوە**

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕاگەیاندنی بەغدا لە ١٤ی ئەم مانگەدا بەیاننامەیەکی لەبارەی کاروباری بارزانییەکان (خێڵی کوردی باکور-ڕۆژهەڵاتی عێراق) بڵاو کردووەتەوە. ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە لێک دەداتەوە کەوا بارزانییەکان بەبێ مەرج و بەبێ قەید و شەرت خۆیان تەسلیم بە دەسەڵاتکارانی عێراق کردووە، بەڵام گرووپێک لەوانە بەسەرکردایەتیی مەلا مستەفا ڕەتی کردووەتەوە بەبێ بەخشینی لێبووردنی گشتی لەلایەن حکوومەتەوە خۆی بەدەستەوە بدات. جیاخوازەکان لە ڕێگەی سنووری تورکیاوە دزەیان کردووەتە ناو عێراق و پاسەوانێکی سنووریان کوشتووە، لەبەر ئەم هۆیانە حکوومەت ناچار بووە حوکمی عورفی لە ناوچەی ڕەواندوز ز زێبار ڕابگەیەنێ. ئەندام پەرلەمانێک کە لەبارەی ڕاگەیاندنی ئەم هەنگاوهەڵگرتنە پرسیاری لە حکوومەت کردبوو، سەرۆکی ئەنجوومەن لەلای خۆیەوە ڕای دەگەیەنێ کەوا دوای ملکەچبوونی ژمارەیەکی زۆری بارزانییەکان لە کامپی یاخیبووەکان تەنیا مەلا مستەفا و گرووپەکەی ماونەتەوە. ئەوانە

هاتوونەتە ناو خاکی عێراق و حکوومەتی عێراقی ناچار بووە حوکمی عورفی لە "قەزا" پێوەندارەکان ڕابگەیەنێ. " حکوومەت هیوادارە بەم شێوەیە کێشەکە بەکۆتایی بێت و ناوچەی مەلا مستەفا ئازاد بکرێ و لەگەڵیدا هاوکات بڕێک بارزانی "بێ گوناه و سادە" کە فریوخواردەی ئەم پیاوە بوون ئازاد بکرێن".

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەنگاوهەڵگرتنانە نەبووەتە مایەی ڕەزامەندیی گشتی. "صوت الاهالي" ئۆرگانی پارتی نەتەوەییی دیموکرات کە لایەنگریی بەئاشکرا بۆ مۆسکۆ پێوە دیارە، داوا دەکات، بە نموونە داخۆ هۆکاری ڕاستەقینەی ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی چییە. ڕۆژنامەکە ئەوە وەبیر دەهێنێتەوە کەوا چەسپاندنی هەنگاوهەڵگرتنێکی وەک ئەمە هەمیشە لە ڕابردوودا هۆکارێک بووە بۆ داپڵۆسین، تۆڵەسەندنەوە، ئازار و ملهوڕایەتی" و حکوومەت دەرفەت دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی کردەکانی خۆی بۆ ناوچە پێوەندارەکان سنووردار نەکات بگرە لە ناوچەکانی تر و هەتا لە بەغداش ئەو کەسانە بهێنێ کە دەیەوێ سزایان بدات.

لەبارەی ئەم لە بەرچاوگرتنانە ڕۆژنامەی "الحوادث"ی حکوومەتی بەتوندی وەڵامی ڕۆژنامەکە دەداتەوە و هاوکارەکانی بەسەرمەشقگرتن لە مۆسکۆ و لەبیرکردنی ئەوە تۆمەتبار دەکات کە لەوەتای پازدە ساڵە "مەلا مستەفا" وەکو چقڵێک لە کەلەکەی دەوڵەتی عێراق چەقیوە و ئەم یاخیبووە لەم سێ ساڵەی دواییدا ڕووی ڕووەو کریملێن وەرسووڕاندووە و لە "کەعبە"ی نوێ کۆمەگی بەشێوەیەکی کاش و غەیرە کاش بەدەست گەیشتووە.

"الحوادث" دواتر ئەوە لێک دەداتەوە کەوا دەسەڵاتدارانی عێراقی بەشێوەیەکی میهرەبانانە پێشوازییان لە ٢٥٠٠٠ خێزانی بارزانی کرد و هەتا براکەی مەلا مستەفا خۆی بە چاکی لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عێراقییەوە وەرگیرایەوە. بەڵام مەلا مستەفا "کە ڕازی بوو بەوەی پلەی جەنەراڵ لە سوپای بێگانە "ڕووس" وەربگرێ نەیویست تەنیا بە شەرت و مەرجی ئیهانەکراو نەبێ بۆ حکوومەت خۆی بەدەستەوە بدات، بۆ خۆی حکوومەتێکی دروست کرد و هەتا هەڕەشەی لە بوونی عێراقیش کرد. جگە

لەوە ڕۆژنامەکە ئەوە زیاد دەکات کەوا حوکمی عورفی بۆ ئەوە ڕاگەیەندراوە کە ئەفسەرگەلێکی سوپای عێراقی هەڵاتوون و چوونەتە ناو دوژمن (مەبەست لە ئەفسەرە کوردەکانە). ئەم ئەفسەرانە ئەستێرەکانیان بە ئارمی سۆڤیەتی گۆڕیوەتەوە و بەشدارییان لە دروستکردنی حکوومەتێکی ناشەرعیدا کردووە. "لە ڕووسیا لە حالەتگەلێکی هاوشێوەدا هەر بەوە دەستبەردار نابن حوکمی عورفی ڕابگەیەنن: بگرە خەڵک دەکوژن بەبێ حوکمدانی مەدەنی یان عەسکەری".

هیچ گومانی تێدا نییە کەوا دەستێوەردانی ڕووسیا لەناو کاروباری بارزانییەکان ئاشکرا دیارە و مەلا مستەفا بوو بە گەورە سەرکردەی جیاخوازەکان و بە ئاشکرا سوود لە هاوپشتیی مۆسکۆ وەردەگرێ.

ئیمزا

ڕیمینۆد

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٠**

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

## تێلێگرامی هاتوو

بەغدا، ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧

سات ١٣ گەیشتووە

ژمارە: ٦٣

دەگەڕێمەوە سەر برووسکەنامەی ژمارە ٢٢٢ی ڕۆژی ١٩ی ئایاری ڕابردووم. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەری پڕوپاگەندەی گشتی لە بەغدا مەلا مستەفا، سەرۆکی بارزانییەکان و لایەنگرەکانی کە بەوەفاداری لەگەڵیدا مابوونەوە توانیویانە سنوور ببەزێنن و سەرلەنوێ بێنە ناو عێراقەوە.

ئیمزا

ڕیمینۆد

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧١**

نوێنەرایەتیی فرەنسا

لە عێراق

ژمارە: AL 291

بەغدا، ١٢ی تەمووزی ١٩٤٧

لە جێبەجێکاری کاروباری فرەنسا لە عێراق

بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری هەندەران،

پاریس

**لەبارەی دۆخی کوردستانەوە**

بە مەرسوومێکی پادشایی لە ٨ی ئەم مانگە، حوکمی عورفی کە بە مێژووی ٦ی ئایاری ١٩٤٧ لە قەزایەکانی ڕەواندوز و زێبار (کوردستانی عێراق) ڕاگەیەندرابوون، هەڵگیران. دۆخەکە لەم ناوچەیە کە بەشێوەیەکی کاتی لە سۆنگەی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی مەلا مستەفا و خێڵی بارزانییەکان خرابووە ژێر باری بەڕێوەبردنی سەربازی بەشێوەیەکی ڕەسمی ئاسایی بووەتەوە. لەلایەکی ترەوە، هەواڵەکانی ڕۆژنامەکان کە بڵاو بوونەوە بەگوێرەی ئەوە حکوومەتی عێراق داوای لە حکوومەتی سۆڤیەت کردووە مەلا مستەفا بداتەوە بە عێراق، وەک دەزانرێ لە ڕووسیا بەدرۆ خراونەتەوە.

دواجار، ئەنجوومەنی جەنگ لە مۆڵگەی ڕەواندوز بڕیاری لەداردانی بەسەر پازدە سەربازی کورد دەرکرد کە لە سوپای عێراق ڕایان کردبوو و پێوەندییان بە مەلا مستەفاوە کردبوو. حوکمدانەکانیان بە مەرسوومێکی پادشایی سووک کرا بۆ کاری قورسی هەتاهەتایە.

ئیمزا

ڕیمینۆد

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٢**

وەزارەتی هەندەران

شیفرەخوێندنەوە

وەزارەتی بەرگری

پاریس، ٢٠ی ئاداری ١٩٤٩- سات ١٢,٣٠ خولکە

بەشی ئەفریقا-ڕۆژهەڵات

باڵوێزخانەی لەندەن ١٣٨٩ تا ١٣٩١

واشنتۆن ١٦٣٥ تا ١٦٣٧

وەزارەتی دەرەوەی عێراق دەرفەتی وەرگرتووە یاداشتنامەیەکی وەزارەتیی داوەتە وەزیری ئێمە لە بەغدا و داوای هەڵگرتنی دەمودەستی گەمارۆ دەکات لەسەر چەک. حکوومەتی نووری پاشا ئەم داواکارییە بەو هەڕەشەیە پاساو دەداتەوە کە وا پێ دەچێ هەڕەشەیە لە سنووری باکور لەلایەن چەکدارە کوردەکانەوە کە لەژێر سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکەتیی سۆڤیەتەوە دێن. بۆ بەهێزکردنی سوپا لە ناوەوەی عێراق، سوپا لە بەرەکانی فەلەستین داوا کراوەتەوە.

یاداشتێکی هاوشێوە دراوەتە نوێنەرانی بەریتانیای فەخیمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. من گرینگییەکی زۆر بە زانینی مەبەستی حکوومەتی وڵاتی نیشتەجێی ئێوە دەدەم لەبارەی ئەو ڕێوشوێنانەی لە بەرامبەر هەوڵەکانی عێراق دەیانگرێتە بەر. گەرچی نابێ زیادەڕۆیی لە گرینگیی ئەو هەڕەشەیە بکرێ کە ئامانجی بەغدایە کەچی وا دیارە باشتر وایە لەبەر هۆکاری زۆر گشتیی تر، لێی بکۆڵرێتەوە یان هەر هیچ نەبێ ئابڵووقەکە لە بەرامبەر تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵات سووک بکرێت. ئەو گفتوگۆیانەی کە لەلایەن نێوانکارەکانەوە بەڕێوە دەبردرێن و پێشتر

گەیشتوونەتە مۆرکردنی دوو ڕێککەوتننامە بەمەبەستی ڕەوینەی مەترسیی دووبارە تێهەڵچوونەوەی شەڕ لە فەلەستین؛ مۆر کراون. وا دیارە بڕێک گەرەنتی وەرگیراون بۆ ڕێگری لە بەکارهێنانی هەموو کۆمەگییەکی سەربازی لە بەرەکانی فەلەستین لە کاتێکدا ئەگەر کردە جەنگییەکان بەدوایەوە جارێکی تر دەستیان پێ کردەوە.

شیومان

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٣**

باڵوێزخانەی فرەنسا

لە تورکیا

ئەنقەرە، ١٥ی تەمووزی ١٩٤٩

ژمارە AL 654

لە بەڕێز ژان لیسکۆیەر، باڵوێزی فرەنسا لە تورکیا بۆ

جەنابی ڕۆبەرت شیومان، وەزیری کاروباری دەرەوە

(ئیدارەی ئەفریقیا-ڕۆژهەڵات)

پاریس

**لەبارەی پرسی کوردەوە**

لەژێر ناونیشانی "دەوڵەتێکی نوێی کوردیی بووکەشووشە لەژێر چاوەدێریی سۆڤیەتەکاندا دروست کراوە" ڕۆژنامەی "وەتەن" لە ١٣ی تەمووز وتارێکی پەیامنێرەکانی لە وان بڵاو کردووەتەوە کەوا جاڕی دامەزراندنی دەمودەستەی حکوومەتێکی کوردی دەدا لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی کە پایەتەختەکەی تفلیس دەبێ. ئەم حکوومەتە لەلایەن سەرۆکی کورد مەلا مستەفا سەرۆکایەتی دەکرێ و بارەگەی سەرکردایەتیی لەم شارەدا دەبێ کە لەوێدا لەلایەن ئەفسەرگەلی سۆڤیەتی و چەند هەزار سوارەیەکی کوردەوە ڕادەهێنرێن. پەیامنێری ڕۆژنامەی "وەتەن" ئەوەش ڕادەگەیەنێ کەوا شەڕێکی گەورە لەسەر سنووری سۆڤیەت-ئێران لەنێوان لایەنگرەکانی مەلا مستەفا و خێڵەکانی سەر سنووری ئێران بەرپا بووە.

ناوەندە عەسکەرییەکانی تورک نزیک لە ئەتاشەی سەربازی ئێمە ڕای دەگەیەنن کە ئەوان تەواو لەم هەواڵانە بێ ئاگان. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە کە

مەلا مستەفا لەوەتای ماوەیەکە لە تفلیس جێگیرە و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامەوانیی ئەنقەرە ئەم چەند ڕۆژانەی دوایی بەرنامەگەلێکیان لە ڕادیۆی ئازادیی ئازەربایجان تۆمار کردووە کە داوای شۆڕشی کوردەکان دەکات دژ بە "ئیمپریالیزمی تورکیا، ئێران و عێراق".

ئیمزا

ژان لیسکۆیەر

فەسڵی سێیەم

# ڕاپەڕینی دووەمی بارزان

لە بەڵگەنامە  نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیا

ساڵی ١٩٤٥

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٤**

ژمارە: ٤٥/٤٠/٢٧٢

باڵویزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٠ی ئاداری ١٩٤٥

## پایە بەرز مەلا مستەفای بەڕێز

دوای سلاو و ڕێز،

من عێراق بەجێ دەهێڵم و بەداخەوەم کە ناتوانم بە کەسی ماڵئاواییتان لێ بکەم بەڵام لە بریتی ئەوە ئەم نامەیەتان بۆ دەنێرم.

٢- وەکو دەزانن ماوەیەکی درێژە من بایەخێکی زۆرم بە کاروباری ئێوە داوە، بەڵام ئێوە هێشتا ئاستەنگتان دێتە سەر ڕێگە کە ئەمەیان ڕێگەی هەموو بوونەوەرە مرۆییەکانە و دەتوانن خۆشنوود بن کە کێشەکانتان زیاتر لە چارەسەرکردن نزیک بووەتەوە وەک لە پێشوو. هەروەک دەشزانن کە حکوومەتی عێراقی یاسایەک دەخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ لێبووردنتان. بەم یاسایە دەتوانن سەرەتای ژیانێکی نوێ و لە دوارۆژدا وەکو هاووڵاتییەکی ئاشتیخواز ژیان بەسەر ببەن. من دەزانم ئێوە لە سەرێکی ترەوە حەز دەکەن شتی زۆر بۆ گەلەکەتان بکرێ. ئەم خاڵە لە بەغدا زۆر مەفهوومە و هاوڕێ بەریتانیایی و عێراقییەکانتان هەمیشە کۆشش دەکەن لە پێناو یارمەتیدانتان. بەڵام ئێوە دەبێ لەوە بگەن کەوا پێویستە هەنگاوی یەکەم بهاوێن بۆ ئەمە و ئەم هەنگاوە نابێ لەسەر شێوەی هەڕەشەکردن بێت بۆ پشێوی نانەوە. هەڕەشەگەلێکی ئاوەها هیچ کەس ڕازی ناکات بەجۆرێک نابێتە مایەی ڕازیبوونی بەریتانی و عێراقییەکان و بگرە وایان لێ دەکات بیر لەوە بکەنەوە کەوا ئێوە کەسێکن حەز دەکەن ئاشتی بشێوێنن و تەنیا

کـاتیـان بکوژن. دەبێ ئێـوە بڕواننە دوارۆژ نەک بۆ ڕابردوو. دەبێ ئێـوە درک بەوە بکەن کـەوا لەسـەر ئێـوە و گـەلی ئێـوەیە بە ئاشـتی وەکـو جووتیاری کارگەر و هـاونیشـتمـانیی بەسوود لە چوارچێوەی عێراقدا بژین.

٣- دەمگۆ و هەواڵی زۆرم بۆ هـاتووە کـەوا ئێـوە لەو مـەشـقـە سـەربازییـە دەترسن کە سوپای عێراق لە مانگی داهاتوو بەڕێوەی دەبات. ئەم ترسە تا ئەوپەڕەکەی ترسێکی شێتانەیە. سوپای عێراق لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چەندین مەشقی سەربازیی ئەنجام داوە و لە مانگی نیساندا دوو مەشق بەڕێوە دەبات و ڕێوشوێنی ئەم مەشقە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستە داڕێژراوە. مەشقی یەکەم لە ٨ تا ١٤ی نیسان و لە شوێنێک نابێ نزیک بێ لە خاکی ئێوە و هەرچی مەشقی دووەمە لە ١٨ی نیسان دەست پێ دەکات و ئەویش لە ئاکرێ زیاتر لە ئێوە نزیک ناکەوێتەوە کە هێزەکە بەوێدا تێپەڕ دەبێ. لە درێژەی ماوەی ئەم دوو مەشقەدا هێزەکانی بەریتانیا لەگەڵ سوپای عێراقی پێکەوە کار دەکەن. هاریکاریی هەردوو سوپای بەریتانی و عێراقی ئەو پێوندییە دۆستانەیە لێک دەداتەوە کە لەنێوان ئێمە و هاوپەیمانە عێراقییەکانماندا هەیە و هیچ بۆیەیەکی سیاسیی نییە. جگە لەوە وەک بە ئێوەم گوت هێزەکان لە شوێنێک نزیک ناکەونەوە کە لە ئێوەوە نزیک بێ.

٤- من وەک هەمیشە یادی ئێوە و گەلی ئێوە دەکەمەوە و هیوادارم گوێم لە هەواڵی خۆشی ئێوە بێ. دوا ئامۆژگاریم بۆ ئێوە ئەوەیە درک بەوە بکەن کەوا ڕۆژانی نیگەرانی تەواو بوو. ئێوە و گەلەکەتان هاوڕێی زۆرتان هەیە بەڵام ئەم هاوڕێیانە تەنیا بە ڕێگەی ئاشتییانە ئالیکاریتان دەکەن ئەگەر ئێوە خۆتان ئاشتیخواز بن. دەبێ ئەوە بزانن ئەم ڕۆژانە کێشەگەلی زۆر لە جیهاندا هەیە. ئێمە هێشتا لە شەڕداین دژ بە دوو دوژمنی چەپەڵ و سەرسەخت و دەمانەوێ دەست بە هەموو هێزەکانمانەوە بگرین بۆ ئەم ئامانجە. ئەوانەی لەم کارەدا هاریکاریمان دەکەن هاوڕێمانن و هەرچی

ئەوانەن کە کۆسپ دەخەنە بەردەم کارەکانمان دوژمنانمانن. من هیوادارم ئێوە هەمیشە کۆشش بکەن و هەمیشە لەوانە بن بە هاوڕێی خۆمانمانیان دادەنێین.

سلاوی ئێمە قەبووڵ بفەرموون

باڵوێزی خاوەند شکۆی بەریتانی



د. نەجاتی عەبدوڵلا (١٠)

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٥**

٣٠ی ئاداری ١٩٤٥

## فەخامەتی باڵوێزی ئیمپراتۆریای بەریتانیا –بەغدا

سڵاو و ڕێز

زۆر خۆشحاڵم بە کەسیی فەخامەتتان کە یەکەمین ئەم نامەیەتان بۆ بنێرم و تێیدا پێشوازی لە هاتنی شکۆدارانەی پایە بەرزتان دەکەم بۆ وڵاتەکەمان و هیوادارم ئەم پەیامەی من دەستپێکی پێوەندییێکی بەتین بێت لەنێوان ئێمەی دڵسۆز و ئێوەی ڕێبەری چاکەخواز و پارێزەری گەلانی لاواز و بەدبەخت.

فەخامەتی باڵوێز

مایەی خۆشحاڵی و دڵسۆزیی زۆری منە لە بەرامبەر کەسیی بەڕێزی ئێوەدا کەوا ئەوەی لە دڵمدایە لە کارەسات و ئازاری گەورەی گەلی کورد و بەتایبەتی لە عێراقدا بدرکێنم و ئەو شۆڕشە یەک لە دوای یەکانەی ئەم گەلە لە کاتی گەیشتنی بەوپەڕی نائومێدی لە بەرامبەر زوڵم و ملهوڕیی بەرپرسانی پیاوەکانی حکوومەتی هەڵگیرساندوون و لە هەموو جارێکیشدا بووەتە هۆی کوشتوبڕ و ڕاگواستنی ئەو گەلە بێوەیە کە بە ڕووێکی سادە بەشێکە لە کۆی مرۆیایەتی و مافی ئەوەی هەیە بژی و کەڵک لەو ئازادییە وەربگرێ کە خوداوەندی مەزن بە بوونەوەرەکانی خۆی بەخشیوە.

فەخامەتی باڵوێز

ئەم ڕەوشە خەمبارە لە عێراق بوو بەهۆی ئەوەی گەلی کورد لە عێراق داوای داخوازینامە نەتەوەییەکانی خۆی بۆ چاککردنی ئەم ڕەوشەی ئێستە پێشکێش بە باڵوێزخانەی سەنگینی ئێوە و حکوومەتی عێراقی بکات، ئەمەش وەک بەراییەک بۆ ئیمکانی کورد لە ئامادەسازیی خۆی بە ڕێگەی ئاشتییانە

و به ئازادییەکی تەواو بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی کە بریتییە لە وەدەستخستنی ئازادیی تەواو لەناو سنووری سروشتی ولاتی خۆی بەگوێرەی ئەوەی کە هەریەکە لە سەرۆک وەزیرانی ولاتەکەتان مستەر چەرچل و سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مستەر ڕۆزڤێلت لە پەیماننامەی ئەتلەنتیکدا بڕیاریان لەسەر مافەکانی هەموو گەلان داوە دوای شەڕ. ئێمە هیوایەکی پتەومان بە کەسیی فەخامەتتان هەیە بەوەی بەچاوێکی باوکانەی میهرەبانانەوە بڕواننە داخوازینامەکانی پێشوومان و مافی زەوتکراوی ئەم گەلە لە چوارچێوەی سنووورەکانی عێراقدا بەشێوەیەکی کاتی بگێڕنەوە تاوەکو کۆتاییی شەڕ کە بە پشتیوانیی خواوەند ئێوە سەرکەوتوو دەبن و هیچ ئاواتێکی ترمان نییە جگە لە سەرکەوتنی بەرچاوتان لە داهاتوویێکی نزیکدا و بە دیارخستنی ئاواتە نەتەوەییەکانی ئێمە و دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی کە هێز و ڕێگەی ڕاست لە حکوومەتی سەنگینی ئێوە وەردەگرین و تکایە ئەوپەڕی ڕێز و سلاومان قەبووڵ بفەرموون.

دڵسۆزتان

ئیمزا

مەلا مستەفا بارزانی

## بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٦

### پوختەی باس

لە ٢٥ی ئادار کاپیتان ستۆکس* چوو بۆ هەودیان و ئەوەی پێویست بوو کردی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مەلا مستەفادا.

٢- کاپتن ستۆکس لە ڕێگەی چوونی بۆ هەودیان بەڵگەی حاشاهەڵنەگری لەسەر ئەوە بەردەست کەوتووە کە هێشتا برێک ئەفسەری سوپای عێراقی باسی شەڕ دژی مەلا مستەفا دەکەن. کاپتن ستۆکس داوا دەکات هەنگاو بنرێ بۆ ڕاگرتنی قسەکردن لەمبارەیەوە لەم ساتەوەختەی ناسکەی ئێستەدا.

٣- کاپتن ستۆکس لە هەودیان چاوی بە مەلا مستەفا کەوتووە لەگەڵ مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحموود و مامەند مەسیح و پەیامی خاوەند شکۆی داوەتێ و پشتگیریی ناوەڕۆکی کردووە و ئامۆژگارییەکی توندی کردووە. مەلا مستەفا سەرەتا ئاوا وەڵامی داوەتەوە کە ئەو وای بۆ دەردەکەوێ وەک ئەوەی بیەوێ دەستی شەتەک بدات و داوا لە حکوومەتی عێراقی بکات هەڵبکوتێتە سەری. کاپتن ستۆکس ئامۆژگارییەکەی دووبارە کردووەتەوە و دواجار مەلا مستەفا وتی بەگوێرەی ئەوەی لە توانادا بێ گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکەی دەکات. بەرەنجامە کەسییەکانی کاپتن ستۆکس بەم شێوەیە بوون:

یەکەمیان: مەلا مستەفا ڕەخنە لە لێبووردن ناگرێ و کۆششی خۆی بەکار دەهێنێ بۆ هێورکردنەوەی ئەوانەی دەست و پێوەندەکانی کە بەر لێبووردن نەکەوتوون تا ئەو کاتەی بڕیارێک لەبارەیانەوە دەردەچێ. مەلا مستەفا ڕازی بوو کۆبوونەوە لەگەڵ کارمەندانی

---

(*) Stockes

حکوومـەتی عێراقیدا بکات بەمـەرجێک هاوڕێیـەکی بەریتـانییـان لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی نەیکوژن.

دووەمـیـان: نکوولێی لە ڕووداوی نوەڕێکان کرد بەڵام کاپتن سـتـۆکس پێی وایە ئینکاریکردنەکەی بۆ ڕووداوەکە بەتاڵە.

سێیەمـیان: ڕازی بـوو لەسـەر پێویستیی کشـانەوەی ئەفسـەرانی ئازاد بۆ بارزان.

چوارەمـیـان: ڕازییە لەسـەر ئەوەی دەسـتـەوجێ پیاوە چەکدارەکانی خـۆی لەلای ڕەواندوز بکێشێتەوە. بەڵام ناتـوانێ بەرپرسیاری هێزەکانی ناوچەی ئامـێدی بکات چونکە شـێخ ئەحـمـەد سـەرکـردایەتیـیـان دەکات و ناشـتوانێ بەرپرسیارەتیی ئـەو هێزانە بگرێتە ئەستـۆ کە لە ئاواییەکانی ئیتـووت–ن. کاپتن ستۆکس ئاماژە بەوە دەدا کەوا پێویسـتـە دەستەوجێ ئەو خـاڵانە جێبەجێ بکات کـە لەسەری ڕێک کەوتوون.

٤– مـەلا مسـتـەفـا نیشانی دا کـەوا ئەو پرسـە هەڵپەسـاردراوانەی دەشێ ببنە سۆنگەی پشێوی ئەمانەن:

یەکەم: پرسـی زیندانیکردنی ئەحمەد ئیسماعیل ئاغا.

دووەم: پێکەوە گـرێنەدانـی بەری ئیـتـووت و ناحـیـەی بیـرە کـەپرا بە لیـوای ئەربیل.

٥– مـەلا مسـتـەفـا دووپاتی کـردەوە پێویسـتـە کاروباری کشـتـوکاڵیی ناوچەی بارزان چاک بکرێ.

٦– وتووێژەکان شـەش سـاتیان خایاند و ڕۆژی دواتر کاپتن سـتۆکس گەڕایەوە ڕەواندوز و لەسـەر ڕاسـپاردەی موتەسـەڕیف نامـەیەکی بۆ مـەلا مسـتـەفـا نارد ئامـاژەی پـێ دەکات کـەوا مـوتەسـەڕیف لـە شـێتنە یان مـێـرگـەسـوور چاوەڕوانی دەکـات بۆ ئەوەی بتـوانێ چاوی بە مـەلا مـسـتـەفـا بکەوێ و هـەروەها ئاگەداری شێخ ئەحمەدی کردەوە بەوەی بە چاکی ڕەوتار بکات.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٤**

نووسینگەی ڕاوێژکاری سیاسیی
هێزەکانی بەریتانیا
باکوری عێراق، کەرکووک
٢٢ی نیسانی ١٩٤٥

بۆ ڕێزدار شێخ ئەحمەدی بارزان
سڵاو و ڕێز

لە کاپتن ستۆکس(*)ەوەم زانی کەوا بڕێک خاڵ کە لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ برایەکەت لە ڕۆژی ٢٥/ ٣/ ١٩٤٥ قسەیان لەسەر کرابوون، بە تەواوی ڕوون نەکرابوونەوە، بۆیە من بە ئیزن وەرگرتن لە باڵوێزخانەی بەریتانیا ئەم نووسراوەتان بۆ دەنووسم بۆ ئەوەی ڕوانینی حکوومەتی بەریتانی لای ئێوە و لای دەست و پێوەند و هاوڕێیەکانت تەواو ڕوون بێت.

شەڕ لە ئەوروپا لەسەر کۆتاییهاتنە بەڵام لەوانەیە لەگەڵ یابان بۆ ماوەی دوو ساڵی تر درێژە بکێشێ، بۆیە ئەرکی ئێمە ئەوەیە هەموو هێزەکانمان بۆ بردنەوەی ئەم شەڕە تەرخان بکەین و هاوڕێیەکانیشمان هەمان شت بکەن. ئێمە لە هەمان کاتدا پێویستییەکی زۆرمان بە هەموو دانەوێڵەکەیە بکرێ بەدەست بکەوێ بۆ ژیاندنی ئەو ئەوروپییانەی ئەڵمانەکان برسییان کردوون. هاوپەیمانەکەمان حکوومەتی عێراقی ئەویش دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی گەنم و دانەوێڵە. لە ئەنجامی ئەوەدا ئێمە ناخوازین هۆگەلی گواستنەوە ئامادە بکەین بۆ گواستنەوەی گەنم و دانەوێڵە بۆ ئەوانەی دەتوانن بە خۆیان بیچێنن و ئەوانەی ئەرکیانە لە بڕێتی چەک هەڵگرتن بیچێنن.

---

(*) Stockes

فەخامەتی باڵوێز بۆ برایەکەتی نووسیوە کەوا هەلومەرجە سەختەکان تێپەڕین و گەلاڵەی لێبووردنی گشتی لە بەردەم پەرلەماندایە بۆیە لەسەرتانە بیر لە چاکسازیی کشتوکاڵی بکەنەوە و دنەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بدەن بەڵام وەک لە پێشەوە ڕوونم کردەوە ئەم چاکسازییە بەدی نایەت ئەگەر ئاسایشێکی تەواو بەرقەرار نەبێت. بەر لە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە ئێوە ئازاد کراون بۆ ئەوەی بچنەوە بارزان بۆ پاراستنی ئاسایش بەڵام وا دیارە ئێوە و دەست و پێوەندەکانت هەر لە کاتی گەڕانەوەتان بەشێکی گەورەی کاتتان بۆ هەڕەشەکردن لە کارمەندەکانی حکوومەت و ناکۆکی لەگەڵ ئاغاواتە دڵسۆزەکانی حکوومەت بەسەر دەبەن. بەو پێیەی برایەکەت هەمیشە ئەوە دەڵێ کە هەر شتێک دەیکات بەڕەزامەندیی ئێوەیە بۆیە لە ئێستەوە و بەدواوە ئێوە *هەردووکتان بە کەسی بەرپرسیارن* لە شێواندنی باری ئاسایش ئەگەر بێو هەر کەسێکی دەست و پێوەند و هاوڕێیەکانتان بیکەن. ئەگەر ئاسایش نەپارێزی هیچ سۆز یان یارمەتییەک بەهیچ کلۆجێ لە ئێمەوە نابینن. بەڵام ئەگەر بتوانن ئاسایش بپارێزن ئەوا هەموو کۆششێکی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ پاراستنی مافەکانت.

تکا دەکەم بە نووسین وەڵامی ئەم نووسراوەم بدەنەوە و وەرامەکەی بدەنە مێجەر مۆر. من هیوادارم بە خۆم لەم ساڵەدا هەر کاتێک بۆم ڕەخسا سەردانتان بکەم.

ئیمزا

مێجەر ئار. جی. ولسن

بریکاری ڕاوێژکاری سیاسی

هێزەکانی بەریتانیا

لە ناوچەی باکور، کەرکووک.

وێنەیەک بۆ: باڵوێزخانەی بەریتانیا - بەغدا.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٨**

نووسینگەی ڕاوێژکاری سیاسی

هێزەکانی بەریتانیا

ناوچەی باکور، کەرکووک

٢٣ی نیسانی ١٩٤٥

بۆ ڕێزدار مەلا مستەفا

سڵاو و ڕێز

هیوادارم گەلاڵەی لێبووردن لە ئێوە و هاوڕێیەکانت تا ئەو کاتەی ئەم نووسراوەتان بەدەست دەگات دەربچێ و ئەگەر دەریشنەچووبێ بە زوویی دەربچێ.

هەروەک فەخامەتی باڵوێز لە نامەکەی بۆ ئێوە و من لە نامەکەم بۆ برایەکەتان ڕوون کراوەتەوە کەوا ئێمە دەخوازین لە ئێستە بەدواوە تا دەتوانن هاریکاری لەگەڵ حکوومەتدا بکەن. موتەسەڕیفی لیوای هەولێر کۆشش دەکات بۆ بەجێگەیاندنی هەموو یارمەتییەک کە بتوانێ پێشکێشتانی بکات بۆ ئەوەی بتوانن پێویستییەکان بۆ لایەنگرەکانتان دابین بکەن، بۆیە ئەگەر ئالیکاری بکەن یارمەتییەکەی زیاتر دەبێت.

ئەوەی تایبەتە بە بەڕێز سێر هیو ستونهیور بیرد(*): لە کاتێک کەوا حکوومەت دەستی کردووە بەوەی لە توانایدا بێت بۆ چاککردنی دۆخی کوردەکان ناتوانن خۆتان بە زوڵم لێکراو دابنێن بۆیە مەعقووڵ نییە فەخامەتی باڵوێز بە نامەکەتان ڕازی بێت، لەبەرئەوە نامەکەیم بۆ نەنارد. دەستەوجێ کاتێک دەبینن کەوا گەلاڵەی لێبووردنی گشتی وەکو یاسا دەرچووە دەبێ ئاگەداری هەموو هەڵاتووەکانی خزمت بدەیەوە دەست حکوومەت و ئەوانەی

(*) Sir Hugh Stonehewer Bird

لەگـەڵـتـاندان نامـە بۆ سـەرچاوە تایبـەتیـیـەکـان (سـەرۆکی ئەرکـانی سـوپا، مــوتـەســـەڕیف یا بەڕێوەبـەری گـــشـــتـــیی پۆلیس) بـنووسـن داوا بـکـەن بگەڕێنرێنێنەوە سەر کـارەکانیان و ئاسـانکاریی سـەرۆکەکانیـان لەگەڵدا زیاتر دەبێ. پێـویسـتـە لـەمـەدا پەلە بکەن و دواکـەتن هـیچ سـوودێکی نابێ بۆیان و بگرە یارمـەتیی هاوڕێیـەکانت بۆ ئێـوە و لایەنگرەکانتـان دەکـاتە کـارێکی زۆر سـەخـتـتـر و لەبەرئەوە ئەگـەر هـەلاتووی دەسـتی عـەدالەتـتـان لای خـۆتان گل داوەتەوە خۆتان بەهەڵەدا دەبەن.

لەم سـەردانەیدا مێـجـەر مـۆر گفـتـوگۆ لەگـەڵ ئێـوە و برایەکـەتان دەکات بۆ پرسگەلی پێوەندیدار بە لیـوای مـووسـڵ. لەم نزیکانەدا ڕاوێژکـاری سـیـاسـیی نوێ، کـۆلۆنێل مـیـد، دەگـاتە مـووسـڵ و هەمـوو نـامـەیەک کـە بۆ نوێنەرانی حکوومـەتی بەریتـانیا دەنێـرن دەبێ بینێـرن بۆ کـاپتن جاکسن لە جوندیان یان لە هەولێر ئەویش لە شوێنی خۆیەوە ئەوەی بە شیاوی دەزانێ دەینێرێ.

هەر بژین

دڵسۆزتان

ئیمزا

مێجەر ئار. جی. ولسن

ڕاوێژکاری سیاسیی

هێزەکانی بەریتانیا

لە ناوچەی باکور

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧٩**

نووسینگەی ڕاوێژکاری سیاسی

هێزەکانی بەریتانیا

باکوری عێراق، مووسڵ

ژمارە: M/15/511

٢٩ی تەمووزی ١٩٤٥

بۆ: مەلا مستەفا

دوای سڵاو

وەبیرتان دێت دێ کە لە کاتی کۆبوونەوەکان لە مێرگەسوور لە ٢٣ی تەمووزی ئەمساڵ پێتان ڕاگەیاندم کەوا بە نیازن بچن بۆ قەزای دهۆک بۆ مەسەلەی ئاشتەوایی پرسی عەبدولعەزیز کوڕی حاجی مەلۆ و بریفکانییەکان. دوای ئەوە ئاگەدارم کردییەوە کەوا موتەسەڕیفی مووسڵ داوای لێ کردووم پێتان بڵێم کەوا ئەو حەز ناکات ئێوە بچنە ناو قەزایەکە و من وادەی ئەوەم دا کەوا داوا لە بەڕێزیان بکەم چاو بەداوایەکەتاندا بخشێنێتەوە بەوەی ئێوە یەکێک لە ئەندامەکانی مەحکەمەکە بن بۆ دادگەییکردنی عەبدولعەزیز بەگوێرەی یاسای عەشایری.

لە گەڕانەوەمدا بۆ مووسڵ لە مێژووی ٢٨ی تەمووزی ئەم مانگە کێشەکەم لەگەڵ سەعادەتی موتەسەڕیف باس کرد و هیچ ڕێگرییەکی نەبوو لەسەر داوایەکەتان بە مەرجێک لایەنەکەی تر کە لە لە کێشەکەدان وەکو ئەندام قەبووڵتان بکەن.

من ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی پێتان ڕابگەیەنم کەوا ویستی حەقیقیی حکوومەتی عێراقی ئەوەیە ئەم کێشە گرینگە بە کەمترین کات

ببڕێتەوە و لەم پێودانەوە من داواتان لێ دەکەم بە تایبەتی بەرەو مووسڵ بەڕێ بکەون بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەعادەتی موتەسەڕیف و من بە شێوەیەک هەرسێکمان دەرفەتێکی باشمان بۆ ڕێک بکەوێ بۆ تاوتوێکردنی ئەم کێشەیە و چارەسەرکردنی بە ڕێگەی مەحکەمەیەکی عەشایری.

من تێ گەیشتم ئێستە ئێوە لایەنگری چەکدارتان هەیە تکایە وازیان لێ بهێنە و با بچنەوە ماڵی خۆیان و بەم شێوەیە بوونیان لە قەزای دهۆک دەسرێتەوە، ئەگەر ئەمە کرا خۆشی دەخەیتە دڵی سەعادەتی موتەسەڕیف و من بۆ پێشوازیکردنتان لە مووسڵ بۆ ئەو ئامانجانەی لەسەرەوەدا باسم کرد.

من بڕیارم داوە ئێستە لە مووسڵ بمێنمەوە و دڵنیاشم کەوا کۆبوونەوەمان لە داهاتوویەکی زۆر نزیک دەبێ و دڵشاد دەبم بە ڕێگەی نامە یان بە تەلەفۆن وادەی هاتنتان بۆ لای ئێمە دیاری بکەن و ڕێز و سڵاوی زۆرمان قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

لیوتینان-کۆلۆنێل

ئار. مید

ڕاوێژکاری سیاسی

باکوری عێراق، مووسڵ

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٨٠**

نووسینگەی ڕاوێژکاری سیاسی

هێزەکانی بەریتانیا

باکوری عێراق، مووسڵ

ژمارە: M/15/528

٣ی ئابی ١٩٤٥

مەلا مستەفای بەڕێز

دوای سڵاو

نامەی مێژووی ١ی ئابی ١٩٤٥تان لە وەڵامی ئەو نامەیەی من بە مێژووی ٢٩ی تەمووزی ١٩٤٥ بۆ بەڕێزتانم نووسیبوو بەدەست گەیشت، تێبینیم کردووە ئێوە ڕەتی دەکەنەوە بێن بۆ مووسڵ بۆ چاوپێکەوتنی سەعادەتی موتەسەڕیف و من.

فەخامەتی باڵوێزی بەریتانیا فەرمانی پێ کردووم پێتان ڕابگەیەنم کە هەڵسوکەوتی ئێوە زۆر ماندووکەرە و ئەگەر وەک ئێوە دەڵێن ناتانەوێ هیچ کارێک بکەن ئینگلیز نیگەران بکات ئەوا دەبێ ئەو وادەیە ببەیتە سەر کە بە کەسیی بە منتان داوە و واز لەو جووڵانەوەیەتان بهێنن کە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی حکوومەتی عێراق ئیجرائات بکات لە دژتان.

من حەز دەکەم ئەوەتان بەشێوەیەکی تەواو بۆ ڕوون بکەمەوە کەوا ئەمە دوایین جار دەبێ باڵوێزخانەی بەریتانیا ئاگەدارتان بکاتەوە. جا ئەگەر ئێوە سوور دەبن لەسەر شکاندنی ئەو وادەیەی داوتانە ئەو کاتە نابێ چاوەڕوانی هیچ یارمەتی یان سۆزێک لە ئێمەوە بکەیت و ئەنجامەکانیشی بەتەواوی لە ئەستۆی تایبەتیی خۆتاندایە.

من بەو هیـوایە بووم ئەم نامـەیەتان بـە شـێوەیەکی کـەسی پـێ ڕابگەیەنم بەڵام مـادام ئـێوە ڕەتتـان کـردووەتەوە چاوپێکـەتنی من و سـەعـادەتی مـوتەسـەڕیف بکەن، ئـەوا منیش ڕێک لەسـەر هـەمـان شـێـوە نامـەتان بۆ دەنووسم و تکایە ڕێزی زۆرمان قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

لیوتینان-کۆلۆنێل

ئار. مید

ڕاوێژکاری سیاسی

باکوری عێراق، مووسڵ

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٨١**

سلێمانی، ١١ی ئابی ١٩٤٥

بەڕێز فەخامەتی باڵوێزی خاوەند شکۆی بەریتانیا

دوای سڵاو بۆ کەسیی بەڕێزتان، جوانترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم بەبۆنەی سەرکەوتنی بێ وێنەی هاوپەیمانەکان بەسەر ژاپۆن دەوڵەتی فاشیستی دەستدرێژیکار و داوا لە یەزدان دەکەم ئاشتی لەژێر سایەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە تەواوی دنیادا بەردەوام بێت.

دوای ئەوە، بەپێویستی دەزانم لەبەر نزیکبوونەوەی وەرزی چاندن بۆ ڕاییکردنی کاروباری کشتوکاڵی بەناوچەی شارباژێڕدا بسووڕێمەوە، من لەم لایەنەوە پایەبەرزتان ئاگەدار دەکەمەوە تاوەکو هیچ گومانێک نەکەوێتە سەر سەفەرەکەم و بەم شێوەیە من جێگەی پەسنی ئێوە بم و چاوەڕوانی فەرمانی باڵاتانم. باوەڕ پێکراوی من، شێخ جەعفەر لەلایەن منەوە ڕێگەی پێ دراوە لەبارەی برێک ڕاسپاردەی زارەکییەوە.

سڵاوتان لێ بێت.

دڵسۆزتان

ئیمزا

مستەفا

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٨٢**

بارزان، ٢٠ی ئابی ١٩٤٥

فەخامەتی باڵوێزی بەریتانیای مەزن-بەغدا

باڵوێزی بەڕێز

دەرفەت دەقۆزمەوە بەوەی پێشەکیی نامەکەم بەوە دەست پێ بکەم بۆ سەرنجدانی ئەو کارە دوژمنکارانەیەی حکوومەتی عێراقی لە دژی ئەم نەتەوە چەوساوە و بەدبەختە کردوویە. لە خوارەوە ڕوونیان دەکەمەوە بۆ ئەوەی بفەرموون بیخەنە بەرچاوی حکوومەتی سەنگینتان تاوەکو بەچاوی سۆز و دادپەروەری و مرۆپەروەرییەوە تێیان بڕوانێ کە ئەمە خەسڵەتی حکوومەتەکەتانە لە بەرامبەر هەموو نەتەوە چەوساوە و مافخوراوەکان.

١- لای باڵوێزخانەکەتان ئاشکرایە ئێمە دژی زوڵم و ملهوڕایەتی جووڵاوینەوە کە برێتی بووە لە سیاسەتی دڕندانەی حکوومەتی عێراق لە دژی ئەم نەتەوەیە، مەبەستم نەتەوەی کوردە. ئێمە دوای بەردەوامبوونمان لەسەر جووڵانەوەکانمان ناچار بووین بە فەرمانی باڵوێزخانەکەتان جووڵانەوەی خۆمان ڕابگرین بەو پێیەی حکوومەتی عێراقی سیاسەتی بە نەرمی و دادپەروەرانە بگۆڕێ بەڵام بەداخەوە سیاسەتکارانی حکوومەتی عێراقی وەک بەدیار دەکەوێ حەزیان نەکرد ڕێگەی ڕاست بگرنە بەر لە پێناو چاکسازی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئێوە، بگرە بە پێچەوانەوەوە لە ماوەی دوو ساڵدا لەوەتای ڕاگرتنی شۆڕش لەلایەن ئێمەوە حکوومەت دەستی کردووە بە خۆئامادەسازی و سوپایەکەی ئامادە کردووە و چەندین سوپای لە نزیک ناوچەکەی ئێمە مۆڵ داوە و سەرباری ئەوە سیاسەتی دوژمنکارانەیان لەم ڕۆژانە بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو توندتر کراوەتەوە وەک ئەمەی خوارەوە:

(ئا) من سوور بووم بۆ چوون بۆ ناوچەی دهۆک بۆ ئاشتەواییی حاڵەتی

عەشایری کەوا حکوومەتی عێراقی نەیتوانی چارەسەری بکات. لە کاتی چوونم بۆ ناوچەی ناوبراو حکوومەت ڕێگەی لێ گرتم و هەڕەشەی لێ کردووم نەچم و سەرباری ئەوە دەستی کرد بەوەی سەرۆک خێڵەکانی ناوچەکە دنە بدات بۆ ڕێگەگرتن لە بینینمان و تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی ئەو کەسانە دەستگیر بکات کە ئاشتەواییان دەویست.

(ب) وەک لە برگەی (ئا)دا دیارە وێنەی سیاسەتێکی پێچەوانە لە ناوچەی دهۆک پەیڕەو دەکات کە حکوومەت هەر بەوەندە نەوەستا بگرە هەتا ڕێگەی لە کەسانی عەشایریی ئێمە گرت بچنە ناو بنکەکانی حکوومەت وەکو ناوەندی بلە و بارزان و مێرگەسوور و دەستی کرد بە هەڕەشەکردن لە کەسانی عەشیرەتی ئێمە کە بیانگرن و چەکیان بکەن و کەسێکی ئێمە بەناوی "ئەسعەد خۆشەوی" چووەتە مەرکەزی قەزا و کاتێک چووەتە لای قایمقام فەرمانی گرتنی داوە و قەدەغەی کردووە ئەوانی تر لەوێدا بمێننەوە و لە کاتێکدا من خۆم لە ناوچەکەمان دوور بووم ئەم دۆخە دوژمنکارییە کاری لە دەروون کردووە و بە هەمان شێوە وەلامیان داونەتەوە و یەکێک لە کەسە بارزانییەکانی ئێمە خوا لێخۆشبوو: وەلی بەگ" سەردانی مەرکەزی ناحیەی مێرگەسووری کردووە، ئاژانی مەرکەزەکە فەرمانی داوە تەقەی لێ بکەن. لەم حاڵەتەدا دوو کەسی ئێمە شەهید دەبن کە یەکێکیان کەسی ناوبراوە.

٢- ئەوەی لە برگەی یەکەمدا باسمان کردووە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر نیازی خراپی حکوومەتی عێراقی لە هەموو ڕەوشێکدا لە بەرامبەر نەتەوەی کورد و لەم حاڵەتەدا ئەم نەتەوەیە ناتوانێ هاریکاری و ژیان لەژێر دەسەڵاتی ئەم حکوومەتەدا بەسەر ببا و لەگەڵ نەتەوەیەک کە ناتوانێ ئیدارەی خۆی بکات بژی، بۆیە بڕیارمان دا لێیان جیا ببینەوە و ئیدارەی سەربەخۆ لەژێر ڕێنوێنیی ئێوە لە پرەنسیپدا پێک بهێنین ئەویش دیموکراسیی ڕاستەقینەیە تا ببێتە هاوپشتێکی ئێوە لە هەموو پرسەکان و هەموو بەرژەوەندییەکی ئێوە زۆر لەوەی حکوومەتی عێراقی ئێستە

بپارێزین و ئەگەر ئێوە لەسەر ئەمە ڕازی نین و ئەمر دەکەن هاریکاری لەگەڵ حکوومەتی عێراقی زاڵم بکەن دژی ئێمە، تکایە ئەمر بکەن بەوەی لە خاکی خۆمان وەدەرمان بنێن یان بەشێوەیەکی یەکجارەکی ڕەشمان بکەنەوە و ئێمە لە نیازپاکیی حکوومەتی ئێوە و سیاسەتی ژیرانەی ئێوە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە لاوازەکان و بەتایبەتی نەتەوەی ئێمە کە لە هەموو هەلومەرجێکدا ئالیکاری ئێوە بووە. دڵنیاین. سەرکەوتن لە خواوەندەوەیە.

دڵسۆزتان

ئیمزا

مەلا مستەفا بارزانی

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٨٣**

نووسینگەی ڕاوێژکاری سیاسی

هێزەکانی بەریتانیا

لە ناوچەی باکوری عێراق، مووسڵ

ژمارە: M/15/559

مێژوو: ٢١ی ئابی ١٩٤٥

بۆ : ڕێزدار مەحموود ئاغای زێباری

دوای سڵاو

لە نامەی ڕۆژی ٢٥ی تەمووزی ١٩٤٥تان بۆ من نووسیووتانە کە ئێوە بەگوێرەی فەرمانی من لەگەڵ خێڵە کوردییەکان و بە تایبەت لەگەڵ شێخەکانی بارزان گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێک. من هەرگیز فەرمانی ئاوهام نەداوە.

من حەز دەکەم ئێستە بە ئاشکراییەکی تەواوە ئەوەتان بۆ ڕوون بکەمەوە کەوا باڵوێزخانەی بەریتانیا پێشتر و ئێستەش لە ڕێککەوتنێکی تەواودایە لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە ڕوانگەی سیاسەتی خۆیەوە، بۆیە زۆر بەچاکی ئاگەدارتان دەکەمەوە کە هەموو پێوەندییەک هەرچییەک بێت لەگەڵ شێخەکانی بارزان، ئەوانەی کە لە دژی حکوومەت یاخی بوون و زیانێکی زۆر بە گەلەکەیان دەگەیەنن، ببڕە و پێوەندی بە مەعالی موتەسەڕیفی مووسڵەوە بکە بۆ سەلماندنی دڵسۆزیی خۆت و بەم کارە پێوەندیی نێوان خۆت و حکوومەتی عێراق و نێوان خێڵەکەت چاک دەبێ و ئەمە تاقە ڕێگەی شیاوە کە بەکەڵکتان بێت، لەگەڵ ڕێز و سڵاوی زۆرماندا.

ئیمزا

لیوتینان-کۆلۆنێل

"ئار. مید" ڕاوێژکاری سیاسیی

باکوری عێراق، مووسڵ

بەشی دووەم

# دەقی ئەسڵیی هێندێک لە بەڵگەنامە نهێنییەکان

# بەڵگەنامەی ژمارە ٤

SITUATION DES REBELLES KURDES EN IRAK.

-0-0-0-0-0-0-0-0-0-0-0-0-0-0-

( 1° JUILLET 1931 )

( <u>Source : Sûreté Générale</u> )

Au cours de la visite faite par le Roi FAYCAL dans les régions Kurdes du Nord de l'Irak, au milieu de Juin, les Cheikh BARZANE et FARES, habitant dans la région EL-Amadié et d'autres Chefs rebelles auraient refusé de recevoir un émissaire envoyé par le Roi en vue de préparer leur entrevue. Le Caimakam de Akra, qui est lui-même Kurde, serait également intervenu en vain.

Il y a quelques jours le Gouvernement Irakien aurait envoyé deux nouveaux bataillons d'Infanterie pour renforcer les troupes déjà aux prises avec Cheikh BARZANE./.

0 0

0

بەڵگەنامەی ژمارە ٥

SITUATION DES KURDES D'IRAK.

-:-:-:-:-:-:-:-:-:-:-

( 8 JUILLET 1931 )

( Source: Sûreté Générale )

Une informateur venant d'Irak à fait connaître ce qui suit :

1° - Cheikh Mahmoud est toujours à Nasserie où il attend une Décision du Gouvernement Irakien. Quelques uns disent qu'il sera nommé Gouverneur du Kurdistan sous la tutelle de l'Irak.

2° - Cheikh Mahmoud aurait demandé à Cheikh Barzane de cesser les hostilités jusqu'à la fin de ses négociations avec le Gouvernement Irakien.

Cheikh Barzane aurait acquiescé mais se tiendrait prêt à toute éventualité.

3° - De nombreuses troupes irakiennes réunies à Mossoul, à Kerkouk et à Sleimanié, seraient prêtes à marcher contre les Kurdes de Cheikh Barzane.

4° - Lors de sa dernière visite à Sleimanié, le Roi Fayçal aurait nommé à de hautes fonctions quelques uns des principaux partisans de Cheikh Mahmoud ./.

0 0

0

بەڵگەنامەی ژمارە ٦

A/S. CHEIKH des BARZANE.

**Sous Réserves**
**27 Juillet 1931**

Le Cheikh des Barzane ( Kurdes d'Irak ) aurait été gagné aux idées communistes grâce à l'activité déployée près de lui par un émissaire des Soviets .

Le Gouvernement Irakien aurait envoyé deux bataillons contre la tribu , mais étant donné la nature particulièrement difficile de la zône montagneuse occupée par la tribu, il paraît difficile d'admettre que la répression puisse être efficace.

NOTA - sous réserve , mais à rapprocher:

a) de l'information relative à l'activité communiste d'un Consul de Perse à SOULEIMANIEH,

b) de l'information de la Sûreté Générale relative à la tribu du Cheikh des Barzane et signalant sa conversion au Catholicisme .

0 0
0

## بەڵگەنامەی ژمارە ٧

SECRET

[illegible] DE CHEIKH BARZAN[illegible]

( [illegible] AOUT 1931 )

( Source : [illegible] )

[illegible] de toutes parts [illegible] chef de l'insurrection [illegible] Irak, se serait [illegible] chrétien [illegible] à la suite de la promesse des Anglais de [illegible] l'Etat Autonome Kurde, lorsque cet état [illegible] devenait chrétien. Le cas contraire, [illegible] CHAMOUN, chef [illegible] serait nommé à sa place.

Toute la tribu de Che[illegible] serait également convertie, excepté [illegible] qui aurait pris [illegible]

La majorité de la population [illegible] critiquerait le geste de Cheikh Barzane, qu'[illegible] " traître à la religion " ./.

# بەڵگەنامەی ژمارە ٨

LE MOUVEMENT KURDE EN IRAK.

Engagement entre partisans et insurgés Kurdes .

Source : Sûreté Générale

I9 Août 1931

Un informateur venant de l'Irak fait connaitre qu'un combat entre Kurdes mettant aux prises les insurgés de CHEIKH BARZANE et les partisans de CHEIKH RACHID, chef Kurde dans la région de Zibar - Revandouz, aurait eu lieu le 8 courant aux environs de Souleimanieh.

Cheikh Rachid aurait dirigé cette attaque à la suite d'une lettre injurieuse que lui aurait adressée Cheikh Barzane en réponse à ses reproches amicaux relativement à la conversion au Christianisme de ce dernier. Cheikh Barzane lui aurait écrit:" s'il était en mon pouvoir je vous convertirais aussi " .

Au cours de l'engagement il y eu I5 tués et 20 blessés de part et d'autres.

0 0
0

بەڵگەنامەی ژمارە ١٠

SECTION DE RENSEIGNEMENTS

SECRET

MOUVEMENT DE CHEIKH AHMED BARZAN

( Bonne Source )

( 3I DECEMBRE I93I )

Le Gouverneur de Mossoul a été informé le 30 Décembre I93I que le Cheikh BARZAN se prépare sérieusement à de nouvelles attaques qui doivent se produire ces jours-ci. On estime ses forces actuelles à 800 hommes bien armés . Les autorités irakiennes rassemblent des troupes qui seront dirigées très probablement sur Dhouk.

On ignore à Mossoul la situation exacte des forces de Barzan, l'aviation britannique étant dans l'impossibilité de faire des vols de reconnaissance par suite du mauvais temps ./.

X X

X

بەڵگەنامەی ژمارە ٢٨

SECRET

LE MOUVEMENT KURDE EN IRAK.

-:-:-:-:-:-:-:-

( Source: Sûreté Générale )

( 17 MAI 1932 )

On signale d'Irak que le nommé FAYEK TOUFIC BEY, caimakam de Zibar et Bakar effendi, sous-Directeur de la Police de cette localité, qui s'étaient rendus en tournée d'inspection dans cette région ont été attaqués et tués le 6 Mai courant par des insurgés kurdes de Cheikh BARZAN./.

X X

X

بەڵگەنامەی ژمارە ٤٢

4/8/33

SECRET

( Source : Presse Palestinienne )

( Journal : Jamiha el Arabia )

( 10 JUILLET 1933 )

LIVRAISON A L'IRAK D'AHMED EL BARZAN.

-:-:-:-:-

Le Gouvernement turc a décidé de remettre AHMED EL BARZAN au Gouvernement irakien; le Cheikh a quitté la semaine dernière Eskichéhir pour Ankara et Diarbékir et il passera la frontière à Jezar ( Zakho ); il habitera dans un village des Barzan ./.

-:-:-:-:-:-:-

بەڵگەنامەی ژمارە ٣٨

3/8/32

SECRET

MOUVEMENT KURDE EN IRAK.

-:-:-:-

( Source : Sûreté Générale )

( 27 JUILLET 1932 )

Le Gouvernement de Bagdad aurait demandé à Ankara l'extradition de Cheikh BARZAN, chef des insurgés kurdes d'Irak, actuellement réfugié en Turquie.

X X

X

## بەڵگەنامەی ژمارە ٤٥

ETAT-MAJOR DE L'ARMÉE
2me BUREAU
SECTION DE [illegible]

( Bonne source )

( Décembre 1933 )

**Aperçu sur l'état d'esprit actuel**
**des Kurdes d'Irak.**

-:-:-:-:-:-

Il y aurait actuellement, plus que jamais, de sérieuses divergences entre les dispositions des différentes régions kurdes d'Irak.

I.- Dans la région de Suleimanieh , ( Kurdistan du Sud-Est ), le sentiment national, d'ailleurs très particulariste, est resté très vif. Sans doute Cheikh Mahmoud, retenu à Bagdad, ne peut plus grouper ses partisans et cultiver leurs dispositions, mais son frère Cheikh Abdelkader se charge de ce soin avec discrétion et efficacité. Toufic Wehbé, retiré à Bagdad, serait par ailleurs assez discrédité en raison de la confiance qu'il affichait constamment jadis dans l'appui britannique ; il serait cependant l'homme le plus désigné pour une éventuelle liaison de mouvements minoritaires chrétiens et kurdes. L'ouverture d'esprit et la tolérance des notables kurdes de Suleimanieh les incitent à suivre avec sympathie tous les mouvements minoritaires parallèles au mouvement kurde et à accueillir chez les kurdes eux-mêmes les alliances de l'extérieur; c'est ainsi qu'ils sont favorables aux efforts des Béderkhan ( Revue " Hawar ", etc... ). La différence de dialecte constitue cependant ici un des obstacles à un contact plus parfait.

2.- Dans la région de Mossoul - Zakho - Revandouz - ( Kurdistan occidental )

Le sentiment national kurde est défiguré par le fanatisme islamique. Les véritables chefs kurdes de la région sont les chefs religieux : cheikh de la Zaouia de Brifka, Cheikh Bahaeddin, Cheikh Ahmed Barzan ( ce dernier, qui se disait invincible, un peu dévalorisé par son échec ), et parmi les chefs des tribus, ceux qui professent un islamisme intolérant sont les plus puissants, tels Saïd Agha, chef de la tribu Doski ( région de Zakho - Amadia - Dohuk ), très hostile aux chrétiens et qui a beaucoup nui aux Assyriens. On compte il est vrai d'assez nombreux chefs kurdes sympathiques aux chrétiens; certains d'entre eux, tels Hazem Bey et ses cousins Rechid et Hadji Agha, de la famille de Chamdin de Zakho, sont intervenus l'été dernier pour limiter les massacres. Mais leur influence est purement locale : celle des cheikhs de Brifka, qui sont par ailleurs extrêmement riches s'étend jusqu'à Ravandouz et jusqu'aux districts kurdes des Hakkiari et de Bohtan, et s'appuie par ailleurs sur la faveur du gouvernement arabe de Bagdad. En raison de leur fanatisme islamique, les kurdes de cette région considèrent avec mépris les kurdes de Syrie ( les Béderkhan, Hadjo, etc... ) en raison de leur collusion avec les arméniens et de leur sympathie pour les chrétiens en général. Ils reprochent de même aux Kurdes de Suleimanieh leur esprit moderniste et athée, et sont d'ailleurs séparés d'eux par la différence de dialecte.

... /// ...

-- 2 --

L'évolution des sentiments des Kurdes de cette région peut cependant être brutale, et la situation ne se maintiendra vraisemblablement pas aussi favorable au gouvernement de Bagdad. L'élimination du bloc assyrien, déjà commencée, et qu'on s'attend à voir poursuivre sous une forme ou sous une autre, mettra face à face bloc kurde et bloc arabe. Alors apparaîtront les divergences d'intérêt. La moindre atteinte portée alors aux privilèges de l'aristocratie religieuse kurde déclanchera une tempête, et cependant le gouvernement arabe ne pourra logiquement pas laisser subsister indéfiniment ce pouvoir féodal local. Il faut donc s'attendre, tôt ou tard, à de sérieuses difficultés dans cette région ./.

-:-:-:-:-:-:-:-:-:-

HISTOIRE DE LA DERNIERE REVOLTE KURDE

"Nous partîmes cinq cents..."

En 1932, une révolte éclate en Kurdistan irakien au Nord-Est sur le territoire de la tribu Barzan. Le mouvement insurrectionnel dirigé contre l'autorité du gouvernement de Bagdad, est commandé par le Scheich Hamed Barzan que vient bientôt rejoindre le chef religieux Scheich Mahmoud, célèbre pour la révolte qu'il fomenta en 1927 et qui, depuis lors, s'était réfugié en Iran. Le soulèvement déclenché par ScheichHamed est réprimé par l'armée irakienne aidée des forces britanniques. Son Chef et le Scheich Mahmoud sont alors mis en résidence forcée ainsi que la famille d'Hamed à Nasreye dans le Mohafezat de Muntefiq. Le frère d'Hamed, Scheich Mustafa Barzan lui est placé sous surveillance à Suleymanié.

Arrive le coup de force de Rachid Ali Kaylani. Scheich Mahmoud profite de la confusion qui règne dans le pays pour s'enfuir en Iran ou, sans doute, il réside encore actuellement attendant son heure. L'affaire Rachid Ali liquidée, tous ceux qui n'avaient pas suivi le rebelle dans sa fuite à l'étranger, sont absous. Scheich Hamed Barzan et les 18 notables qui partageaient son sort et qui tous étaient demeurés à l'écart de la tentative Rachid Ali, ne bénéficient pas de cette mesure de grâce.

C'est cet état de choses qui, en septembre 1943, pousse Scheich Mustafa Barzan qui ne peut supporter plus longtemps la pensée de l'injustice faite à son frère, à sa famille et aux notables de sa tribu, à s'enfuir de Suleymanié pour gagner le kurdistan iranien où il se réfugie dans la région de Senné, chez Karani Agha à qui, il demande aide et assistance dans sa juste cause. Il explique que son intention est de retourner sur le territoire de sa tribu et à l'aide de partisans, de combattre jusqu'à ce que justice soit rendue aux siens.

.../...

- 2 -

L'Agha lui remet trois fusils et 4 mules avec ses meilleurs souhaits pour mener à bien son projet.

-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-o-

C'est ainsi que Scheich Mustafa, accompagné de ses deux serviteurs fidèles, armés comme lui-même des fusils et montés sur les mules de l'Agha, part à la conquête de la liberté de son peuple. Dès son arrivée à Barzan son premier soin est d'écrire deux lettres au Caimakam (chef de district) de la région; l'une est destinée au gouvernement irakien et l'autre à ce haut fonctionnaire pour le prier de faire parvenir la première missive. Dans la lettre adressée au Gouvernement de Bagdad, Scheich Mustafa explique le cas de son frère et des notables de sa tribu; il souligne le plus respectueusement qu'il lui apparaît que rien ne justifie plus le maintien d'Hamed en résidence forcée puisque d'autres personnalités qui, elles, s'étaient rendues coupables de haute trahison en pactisant avec Rachid Ali et l'ennemi, avaient bénéficié de la grâce gouvernementale.

Le gouvernement de Bagdad ayant fait la sourde oreille, Mustafa revient à la charge une deuxième, puis une troisième fois, sans plus de succès d'ailleurs. Devant la carence de Bagdad qu'il considère comme un affront, Scheich Mustafa se résout alors à la manière forte pour faire valoir et aboutir ce qu'il estime être son bon droit. Le voilà donc parti en guerre avec ses deux serviteurs, les quatre mules et les 3 fusils de l'Agha Karani. Il ouvre la campagne en attaquant le poste de gendarmerie le plus proche où il désarme les six hommes qui s'y trouvent. Son arsenal augmente alors de six fusils et de six uniformes de gendarmes et ses troupes de six nouveaux combattants. Il s'empare ensuite d'un deuxième poste de gendarmerie ce qui lui procure cinq fusils et .......

.../...

bien entendu, 5 partisans supplémentaires. L'armée du Cheikh Mustapha s'élevant à 14 membres, se lança alors dans une opération plus importante : un poste de gendarmerie fort de 50 hommes est capturé le plus simplement du monde. Habillés en gendarmes, Mustapha et ses partisans pénètrent tranquillement à l'intérieur du Caracol et sous la menace de leurs armes s'emparent des 50 fusils et des uniformes des 50 Gendarmes qui, connaissant leurs assaillants, se gardent d'élever la moindre protestation.

Tous les postes de gendarmerie de la région de Barzan tombent ainsi les uns après les autres aux mains des rebelles, à l'exception de deux, fortement défendus et dont le siège aurait coûté trop de temps et trop de sacrifices.

Entre-temps, le gouvernement irakien, avait envoyé sur place des troupes de l'armée régulière pour mater les rebelles. Cheikh Mustafa maintenant à la tête d'une soixante de fusils, engage la lutte. Dès les premières escarmouches, la plus grande partie des soldats kurdes de l'expédition punitive gouvernementale vient grossir les rangs de l'armée de Mustafa, tout en apportant leurs armes dont plusieurs mitrailleuses (1). L'affaire de ce fait, prend un tour beaucoup plus sérieux.

De succès en succès Mustafa et ses hommes parviennent rapidement jusqu'à la frontière de la province de Ravandouz. A ce moment, très effrayé, le gouvernement irakien ne voit pas d'autre issue que de demander, une fois de plus, aux Britanniques d'intervenir. Ceux-ci dépêchèrent un émissaire au rebelle, le Major STILING, grand ami des Kurdes, dont il parle couramment la langue et qui signifie au CHEIKH Mustapha que la plaisanterie a assez duré et qu'il lui faut arrêter là le cours de la marche victorieuse de ses troupes. De son côté le gouvernement

.../...

---

(1) 40* des effectifs de l'armée régulière irakienne qui s'élèvent à

## بەڵگەنامەی ژمارە ٤٦



irakien avait également envoyé un émissaire, majid Bey, Kurde, actuellement Ministre dans le nouveau Cabinet, afin de négocier la cessation des hostilités.

